T.C

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**

**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ**

**KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI**

**Yüksek Lisans Tezi**

# Gazete Manşetlerinde Tema ve Konu

(Xebat, Kurdistani Niwê ve Rojname) Gazeteleri

Semantik ve Pragmatik Bir Çalışma


**Barzan Kanabi Taher**

**151302101**

**Tez Danışmanı**

**Doktor Öğretim Üyesi Hemin Omar AHMAD**


**BİNGÖL – 2018**

**T.C.**

**کۆماری تورکیا**

**زانکۆی بینگۆل**

**ئەنیستیتویا زمانی زیندوو لە تورکیا**

**بەشی زمان و چاندی کوردی**

# باس و خواس لە مانشێتی هەواڵ

## ڕۆژنامەکانی (خەبات، کوردستانی نوێ و ڕۆژنامە) بە نموونە

**لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە**

**نامەیەکە**

**بارزان کانەبی تاهیر**

**پێشکەشی زانکۆی بینگۆل - ئەنیستیتویا زمانی زیندوو لە تورکیا - بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.ی.د. هێمن عومەر ئەحمەد**

**بینگۆل ــ ٢٠١٨**

# پێشکەشنامە

- پێشکەشە بە:

- گیانی باوکە گیانی، گیانی پڕ داخ و ئاخم، کە تێر بینینی بووە ئاڵۆزترین گرێی ناخم.

- پۆڵاترین پشتیوانم، ئازیزترین کەسی ژیانم، باشترین مامۆستا و ڕێبەرم، چەتر و سێبەرم، دایکەخانم، چونکە دایکم و باوکیشمە.

- براکەم و خوشکەکانم.

- هەموو مامۆستاکانم کە ڕۆژانێک فێرکارم بوون.

# سوپاسنامە

- دەستپێک سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە و بەتوانا، کە تەمەن و توانای پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە.

- زۆر سوپاس بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.ی.د.هێمن عومەر ئەحمەد)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکرنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی گرتە ئەستۆی خۆی.

- زۆر سوپاس بۆ نووسەر و مامۆستا و شارەزای زمانەوانی، بەڕێز: (پ.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی)، کە هەم بەڕێزیان و هەم سەرچاوەکانی زۆر یارمەتیدەرم بوون بۆ تەواوکردنی لێکۆڵنەوەکە.

# لیستی کورتکراوەکان

| کورتکراوەکان | لێکدانەوە |
| --- | --- |
| بـ (s) | بکەر |
| بە (o) | بەرکار |
| چ | چاپ |
| ز | زایینی |
| ژ | ژمارە |
| ص | صفحة |
| ط | طبعة |
| کـ (v) | کار |
| ل | لاپەڕە |

# لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- |
| Conversation | ئاخاوتن |
| Organisation of Uttuerance | ئاستی قسەکردن |
| Adverb | ئاوەڵکار |
| Function Pragmatic | ئەرکە پراگماتیکییەکان |
| Function Semantic | ئەرکە سیمانتیکییەکان |
| Agentive | ئەنجامدەر |
| Position | بار (پۆزیشن) |
| Topic | باس |
| Vocative | بانگکراو |
| Subject | بکەر |
| Topiclization | بەلوتکە کردن (لوتکاندن) |
| Object | بەرکار |
| Pragmatics | پراگماتیک |
| Feeling Tone | پلەکانی هەست |
| Theme | تەوەرە |
| Functional Sentence Perspective | تێروانینی ئەرکی بۆ ڕستە |
| Assert | جەختکردن |
| Concept | چەمک |
| Communi Cative Dynamism | چەمکی دینامیکی گەیاندن |
| Comment | خواس |
| Context | دەوروبەر |
| Quantifier | ڕادە |
| Intensifeir | ڕادە و پلە |
| Sentences | ڕستە |
| Compiex Sentences | ڕستەی ئاڵۆز |
| Compound Sentences | ڕستەی لێکدراو |
| Simple Sentences | ڕستەی سادە |
| Functional Grammar | ڕێزمانی ئەرکی |
| Focus | سەرچاوە (مەڵبەند) |
| Contrast Focus | سەرچاوەی بەرامبەری |

| | |
|---|---|
| New Focus | سەرچاوەی نوێ |
| Tail | شوێنکەوتوو |
| Verb | کار |
| Action | کردە |
| Transition | گواستنەوە |
| Predicate | گوزارە |
| Ambiguity | لێڵی (تەومژ) |
| Manchette | مانشێت (سەردێر، زەقدێر، شادێر) |
| Intension | مەبەست |
| Content | ناوەڕۆک |
| Sender | نێرەر |
| Stress | هێز |
| Sensationalism | وروووژاندن |
| Stimulus | وروووژێنەر |
| Receiver | وەرگر |

# ناوەڕۆک


| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ١ |
| ٢ | بەشی یەکەم: زمانی ڕۆژنامەنووسی و مانشێت | ٤ |
| ٣ | ١- زمانی ڕۆژنامەنووسی | ٦ |
| ٤ | ٢- مانشێت | ٩ |
| ٥ | ٢-١- چەمکی مانشێت | ٩ |
| ٦ | ٢-٢- پێناسەی مانشێت | ١٠ |
| ٧ | ٢-٣- پێکهاتە و بەشەکانی مانشێت | ١١ |
| ٨ | ٢-٣-١- مانشێتی سەرەکی | ١١ |
| ٩ | ٢-٣-٢- سەرمانشێت | ١٢ |
| ١٠ | ٢-٣-٣- ژێرمانشێت | ١٢ |
| ١١ | ٢-٣-٤- پوختەمانشێت | ١٣ |
| ١٢ | ٢-٣-٥- نیوەمانشێت | ١٤ |
| ١٣ | ٢-٣-٦- ناومانشێت | ١٥ |
| ١٤ | ٢-٤- ئەرکەکانی مانشێت | ١٧ |
| ١٥ | ٢-٥- مەرجەکانی مانشێتی سەرکەوتوو | ١٨ |
| ١٦ | ٢-٦- شێوازەکانی داڕشتنی مانشێت | ٢٢ |
| ١٧ | ٢-٦-١- لە ڕووی ڕوخسارەوە | ٢٢ |
| ١٨ | ٢-٦-٢- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە | ٢٧ |
| ١٩ | ٢-٧- ڕستە و جۆرەکانی ڕستە | ٤١ |
| ٢٠ | ٢-٧-١- جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی قەبارەوە | ٤١ |
| ٢١ | ٢-٧-١-١- ڕستەی سادە | ٤١ |
| ٢٢ | ٢-٧-١-٢- ڕستەی لێکدراو | ٤٢ |
| ٢٣ | ٢-٧-١-٣- ڕستەی لێکدراوی ئاڵۆز | ٤٣ |
| ٢٤ | ٢-٧-٢- جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە | ٤٣ |
| ٢٥ | ٢-٧-٢-١- ڕستەی هەواڵدان | ٤٤ |
| ٢٦ | ٢-٧-٢-٢- ڕستەی پرسیار کردن | ٤٤ |
| ٢٧ | ٢-٧-٢-٣- ڕستەی داخوازی و فەرماندان | ٤٥ |
| ٢٨ | ٢-٧-٢-٤- ڕستەی سەرسوڕمان | ٤٥ |
| ٢٩ | ٢-٨- ڕیزکردنی کەرستەکانی مانشێت | ٤٦ |
| ٣٠ | ٢-٨-١- ڕیزبوونی چەسپاو | ٤٧ |
| ٣١ | ٢-٨-٢- ڕیزبوونی ئازاد | ٤٨ |
| ٣٢ | ٢-٩- ڕادەی هەست | ٤٩ |
| ٣٣ | ٢-١٠- هەست وروژاندن | ٥١ |
| ٣٤ | ٢-١٠-١- وروژاندن بە ئاراستەی باش | ٥١ |
| ٣٥ | ٢-١٠-٢- وروژاندن بۆ ئاراستەی خراپ | ٥٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٦ | ٢-١١- ڕێکخستنی زانیاری لە مانشێت دا | ٥٤ |
| ٣٧ | بەشی دووەم: باس و خواس لە مانشێتی ڕۆژنامەکاندا | ٥٦ |
| ٣٨ | ٣-١- تەوەرەی باس | ٥٧ |
| ٣٩ | ٣-١-١- هەڵبژاردنی وشە بۆ تەوەرەی باس | ٥٨ |
| ٤٠ | ٣-١-٢- ئەرکی ڕاگەیاندن لە تەوەرەی باس دا | ٦٠ |
| ٤١ | ٣-١-٣- تێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە | ٦١ |
| ٤٢ | ٣-١-٣-١- دەوروبەر | ٦٥ |
| ٤٣ | ٣-١-٤- پڕۆسەی زانیاری گۆڕینەوە لە ڕستەدا | ٦٨ |
| ٤٤ | ٣-٢- ئەرکە سیمانتیکییەکان لە ڕستەدا | ٧٠ |
| ٤٥ | ٣-٢-١- ئەنجامدەر | ٧٢ |
| ٤٦ | ٣-٢-٢- کارتێکراو | ٧٣ |
| ٤٧ | ٣-٢-٣- ئەنجام | ٧٤ |
| ٤٨ | ٣-٢-٤- کات | ٧٤ |
| ٤٩ | ٣-٢-٥- شوێن | ٧٥ |
| ٥٠ | ٣-٢-٦- ئامراز | ٧٥ |
| ٥١ | ٣-٢-٧- ئامانج | ٧٥ |
| ٥٢ | ٣-٢-٨- هێز | ٧٦ |
| ٥٣ | ٣-٢-٩- تەوەرە | ٧٦ |
| ٥٤ | ٣-٢-١٠- ئەزموونکار | ٧٦ |
| ٥٥ | ٣-٢-١١- قوربانی | ٧٧ |
| ٥٦ | ٣-٢-١٢- سوودمەند | ٧٧ |
| ٥٧ | ٣-٣- واتای بابەتی | ٧٧ |
| ٥٨ | ٣-٣-١- بەلوتکە کردن (لوتکاندن) | ٧٨ |
| ٥٩ | ٣-٣-٢- هێز خستنەسەر | ٨١ |
| ٦٠ | ٣-٤- ئەرکە پراگماتیکییەکان لە ڕستەدا | ٨٣ |
| ٦١ | ٣-٤-١- ئەرکە دەرەکییەکان | ٨٤ |
| ٦٢ | ٣-٤-١-١- تەوەرە | ٨٤ |
| ٦٣ | ٣-٤-١-٢- شوێنکەوتوو | ٨٨ |
| ٦٤ | ٣-٤-١-٣- بانگکراو | ٩٠ |
| ٦٥ | ٣-٤-٢- ئەرکە ناوەکییەکان | ٩٢ |
| ٦٦ | ٣-٤-٢-١- سەرچاوە | ٩٢ |
| ٦٧ | ٣-٤-٢-٢- باس | ٩٧ |
| ٦٨ | ئەنجام | ١١٠ |
| ٦٩ | سەرچاوەکان | ١١٣ |
| ٧٠ | پاشکۆکان | ١٢٠ |
| ٧١ | پاشکۆی ژمارەی رۆژنامەکان | ١٢٠ |
| ٧٢ | پاشکۆی وێنەیی | ١٢٧ |

# پوخته


مانشێتەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە ڕاکێشانی سەرنجی ( وەرگر) و گرنگیدانی بە ناوەڕۆکی هەواڵەکە. بۆ ئەم مەبەستەش (باس و خواس) لە مانشێتی هەواڵەکانی ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە بوونێکی بەرچاوی هەیە، لە هەموو ئەو هەواڵانەی کە دەنووسرێن جۆرە ڕیزکردنێک هەیە دەکرێنە (باس و خواس)، بە مەبەستی دووپاتکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیاری و ڕوانینانەی دەخرێنە ڕوو.

لێکۆڵینەوەکە لە ژێر ناونیشانی (**باس و خواس لە مانشێتی هەواڵ، ڕۆژنامەکانی: خەبات، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە. بە نموونە**)دایە، کە تەنیا ماوەی ساڵی ٢٠٠٩ی بە نمونە وەرگرتوە. ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە هەڵوەستەکردنە لەسەر(باس و خواس)ی مانشێتەکان و بە وردی شییان دەکاتەوە وبنەماکان و شێوەی ڕیزکردنیان دەخاتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکارییە لە چوارچێوەی زانستی سیمانتیك و پراگماتیك، جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت.

بەشی یەکەم کە لەژێر ناونیشانی (زمانی ڕۆژنامەنووسی و مانشێت)دایە بە شێوەیەکی ورد تیشک خراوەتە سەرمانشێت لە ڕووی (چەمک، پێناسە، پێکهاتە، ئەرک، مەرج، شێوازەکانی داڕشتنی، ڕستە و جۆرەکانی، ڕیزکردنی کەرستەکان، ڕادەی هەست، هەست وروروژاندن و ڕێکخستنی زانیاری)،هەریەکێ لەمانەش بە پێی پێویست بە نموونەی مانشێتی هەواڵی هەرسێ ڕۆژنامە دەستنیشانکراوەکە ڕوونکراوەتەوە.

هەرچی بەشی دووەمە کە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەیە، لە ژێر ناونیشانی (باس و خواس لە مانشێتی ڕۆژنامەکان)، بەشێوەیەکی ورد و کارەکی، سەرەباسەکانی(تەوەرەی باس، هەڵبژاردنی وشە بۆ تەوەرە، ئەرکی ڕاگەیاندن لە تەوەرەدا، تێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە، پرۆسەی زانیاری گۆڕینەوە لە ڕستەدا، ئەرکە سیمانتیکییەکان و بەلوتکە کردن، هێز خستنەسەر. ئەرکە پراگماتیکییەکان: تەوەرە، شوێنکەوتوو، بانگکراو، سەرچاوە، باس) لەخۆ دەگرێت. لەم بەشەدا نموونەی مانشێتی هەواڵی هەرسێ ڕۆژنامە دەستنیشانکراوەکە خراوەتەڕوو.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش ڕەهەندەکانی ناوەڕۆکی ڕستەی مانشێتەکان و ریزبەندییان لە رووی ئاسایی و نائاساییەوە و روانینە ئەرکییەکان و ئەرکە پراگماتییەکان بە شێوەی ئاماری جیا جیا لە هەر سێ رۆژنامەکە خراونەتە ڕوو.



**وشەی کلیلی:**

مانشێت، باس و خواس، سیمانتیک، پراگماتیک، رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان

# الملخص

(للمانشيتات) دور كبير ومؤثر في إلتفاتة نظر(المتلقي) واهتمامه بمضمون الخبر. ولهذا الغرض فإن(الموضوع والتعليقات) لها حضورها الملفت للنظر في العناوين البارزة (المانشيتات) ضمن أخبار وأنباء الجرائد في إقليم كُردستان، وفي كل الأخبار التي تنشر هناك نوع من الترتيب لتلك (الموضوعات والتعليقات)، لغرض التأكد والتحقق من تلك الأخبار والمعلومات والوجهات النظر التي تعرض.

هذا البحث المعنون بـ( الموضوع والتعليق في عناوين جرائد: خەبات، كوردستانى نوێ، رۆژنامە. نموذجا)، وقد أخذ الباحث كنموذج سنة٢٠٠٩ فقط. والهدف الرئيس من البحث الوقفة على (الموضوع والتعليقات) للعناوين والمانشيتات والتحليل الدقيق لها ويلقي البحث الضوء على أصولها وشكل ترتيبها .

والمنهج المتبع في البحث هو الوصفي التحليلي في إطارعلمي الدلالة والبرغماتية، عدا المقدمة والنتائج، ويتكون البحث من فصلين رئيسيين.

ففي الفصل الأول المعنون بـ(لغة الصحافة والمانشيت)، ألقي الضوء بصورة دقيقة على المانشيت من حيث(المفهوم، والتعريف، والتكون، والوظيفة، والشروط، وأساليب الصياغة، ومن حيث الجملة وأنواعها، وترتيب مادتها، وحدود الحس ومداه، الحس والإثارة، وترتيب المعلومات)، وكل ذلك أوضحت بنماذج من مانشيتات الأخبار في الجرائد المعينة الثلاثة.

أما الفصل الثاني والذي هو جوهر البحث، تحت عنوان(الموضوع والتعليق في مانشيتات الجرائد)، والذي تناوله الباحث بشكل دقيق وعملي، وعناوينه هو(محور البحث، إختيار الكلمة للمحور، وظيفة الإعلام في المحور، النظرة الوظيفية للجملة، عملية تبادل في الجملة، الوظائف الدلالية و الإيصال للقمة، النبر والتناغم.

الوظائف البراغماتيكية يتضمن: (المبتدأ، الذيل، المنادى، البؤرة، المحور). في هذا الفصل قام الباحث بعرض عناوين ومانشيتات الأخبار للصحف الثلاث.

وأهم نتائج هذا البحث: عرض أبعاد مضمون جمل العناوين والمانشيتات وترتيبها من الوجهة الطبيعية والغير الطبيعية والنظر لوظائفها والوظيفة البراغماتيكية بشكل إحصائي مميز والمصنف في الصحف الثلاث.



الكلمات المفتاحية: المانشيت، الموضوعات والتعليقات،السيمانتيک (الدلالة)، البراغماتيك، (التداول) جرائد إقليم كردستان

# SUMMARY

Headlines play a great role in attracting the (receivers') attention and giving importance to the content of the news. For this reason (News Bulletin) has a prominent existent in the headlines of the newspapers of Kurdistan region. In all the news that are being written, there is a kind of ordering which is made from the (News Bulletin) for the sake of emphasizing and certainty of the news, knowledge, and views which are presented.

The study is entitled as (News Bulletin in the News Headlines, in Khabat, Kurdistany New, and Rozhnama newspapers as examples) and only the issues of 2009 are taken as examples. The main purpose of the study is to consider the (News Bulletin) of the headlines and paraphrasing them precisely and the study deals with the basics and the way of their ordering. The method of the study, according to discretional method is a description within the semantics and pragmatics.

Apart from the preface and conclusions, the study consists of two main chapters. The first chapter is entitled (The language of journalism and headlines). This part focuses precisely on (concept, definition, structure, function, conditions, the ways of composing, sentences and their types, ordering of the materials, the degree of emotion, emotion thrilling, and ordering information.) Each of these are explained by borrowing proper examples from the three newspapers.

The second chapter, which is the core of the study, entitled (News Bulletin in the News Headlines) precisely and practically consists of these subchapters (pivot of the study, choosing words for the pivot, the task of media in pivot, critical thinking for the sentence, the process of information sharing in the sentence. Semantic tasks and Topiclization, stress. Pragmatic tasks: Theme, Tail, Vocative, Focus,Topic). In this chapter news headlines of all the three newspapers are presented.

The main conclusions of the present study are presenting the aspects of the context of the headline sentences and their order according to their usual and unusual, practical view points and pragmatic tasks in different statistical ways in all the mentioned newspapers.

**Key words:**

**Headlines, Topic, Comment, Semantic, Pragmatic, kurdistan newspapers**

# Özet

Manşet, haber içeriğine yönelik ve okuyucunun zihnini etkilemede çok önemli bir rol oynar, bu nedenle Kurdistan bölgesinde yayın yapan gazete haberleri özellikle haber içerikleri haber ve tema açısından oldukça etkilidir. Gazetelerde bahsedilen haberlerin önemi ve tekrarı üzerine çalışmayı amaç edinen sözdizimi, haber ve konu bir araştırma alanı olarak karşımıza çıkmaktadır.

*Gazete manşetlerinde konu ve tema, Xebat, Kurdistani Niwê ve Rojname gazeteler*i adlı bu çalışma sadece 2009 yıllarını esas almıştır. Çalışmanın asıl amacı manşetlerdeki haber ve temaların üzerinde durmak, onları yorumlamak ve sözdizimini incelemektir.

Araştırmanın yöntemi giriş ve sonuç bölümü dışında, semantik ve pragmatik bilimleri çerçevesinde yorum özelliklerini sınıflandırmayı kapsamaktadır.

Birinci bölüm; gazete dili ve manşet başlıklarından oluşmaktadır. Manşet (terim, tarif, çıkış kaynağı, yapı ve üretkenlik, cümle ve cümle türleri, kaynakça indeksi, duygusal seviye, bilgi planlaması) detaylıca anlatılmaktadır. Bu konuların hepsi bahsi geçen üç gazetenin manşet örnekleriyle açıklanmıştır.

Çalışmanın ana gövdesi olan ikinci bölüm haber ve tema konu başlığından oluşmaktadır. Bölüm etraflıca ve uygulamalı olarak şu konulardan oluşmaktadır: haber çerçevesi, haberin kavram dünyası için seçilen kelimeler, bahsedilen alan için medyanın görevi, cümlenin bakış açısı için üstlendiği rol, cümlede bilgi değişim süreci, kaynakçalar vb. Bu bölümde örneklemeler her üç gazete üzerinden yapılmaktadır.

Araştırmamızın sonuç bölümünde de manşet cümlelerinin içeriği, sıradan ve sıradışı söz dizimleri, farklı durumlar için fonksiyonel ve pragmatik bakış açıları her üç gazete örnekleriyle açıklanmıştır.



**Anahtar sözcükler**: manşet, haber ve tema, semantik, pragmatik, Kurdistan bölgesi gazeteleri.

# پێشەکی

## ١- ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە ژێر ناونیشانی (**باس و خواس لە مانشێتی هەواڵ، ڕۆژنامەکانی خەبات، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە. بە نموونە**) لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە و هەوڵێکە لە ڕێگای شیکردنەوەی مانشێتی هەواڵەکانی سێ ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، پەنجە بخاتە سەر چۆنیەتی ڕیزکردنی کەرستەکان و چۆنیەتی ورووژاندنی وەرگر و کارلێککردنی لەگەڵ دەقی مانشێتەکان.

## ٢- هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەیە تا ئێستا ئەوەی ئێمە بزانین زمانی مانشێت نەبۆتە کەرەستەی توێژینەوەیەکی تایبەت، لە نێویشیدا (باس و خواس) کە لایەنێکی گرنگ و کاریگەری مانشێتی هەواڵەکانی ڕۆژنامەیە، تا ئێستا لە زمانی کوردی چ لەبارەی ئاخاوتنەوە یان ڕستەوە چ لەبارەی زمانی ڕاگەیاندن و بوارەکانی سیمانتیك و پراگماتیکی مانشێتی هەواڵەکان لە چوارچێوەی نامەیەکی سەربەخۆدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە. هەر سێ ڕۆژنامەکەش لەو ساڵەدا بێ گرفت بڵاوبوونەتەوە و نوێنەرایەتی سێ لایەنی سیاسی جودایان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

## ٣- سنوری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی سیمانتیک و پراگماتیک دا، باس و خواسی مانشێتی هەندێ لە هەواڵی ڕۆژنامەکانی خەبات[1]، کوردستانی نوێ[2]، ڕۆژنامە[3]. لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٩) دا دەخاتە ڕوو و شییان دەکاتەوە و شێوازی ڕێکخستنیان دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەکە.

---

[1] - خەبات: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە وەک زمانحاڵی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، یەکەمین ژمارەی بە قەبارەی (A٣)ی (٨) لاپەڕەیی لە ٤-٤-١٩٥٩ز تا ژمارە (٥)ی بە زمانی کوردی و پاشان تا ٢٨-٣-١٩٦١ز بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا (٤٦٢) ژمارەی لێ دەرچووە. خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد محامی) بووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ز، (عەلی عەبدوڵڵا) خاوەن ئیمتیاز و (نەژاد عەزیز سورمێ) سەرنووسەری بووە. هەروەها تا ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەردەوامە لە دەرچوون و (٥٦١٥) ژمارەی لێدەرچووە. شایانی باسە ئێستا تەنیا بە زمانی کوردی لە هەولێر دەردەچێت و خاوەن ئیمتیازەکەی (عەلی عەبدوڵڵا)یە و سەرنووسەرەکەی (سەلام عەبدوڵڵا)یە. بڕوانە: (ڕۆژنامەی خەبات، ژ، ١، ٤-٤-١٩٥٩، ل١)

[2] - کوردستانی نوێ: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، زمانحاڵی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە و یەکەمین ژمارەی بە قەبارەی (٤٨,٥×٣٣) سم (٨) لاپەڕەیی لە ١٢-١-١٩٩٢ز بە زمانی کوردی لە هەولێر دەرچووە.سەرنووسەرەکەی (ئەرسەلان باییز) بووە و (ئازاد جوندیانی)یش وەک سکرتێری نووسین. هەروەها شایانی ئاماژە بۆ کردنە تا ٣٠-٨-١٩٩٦لە هەولێر (١٣٧٣) ژمارەی لێ دەرچووە و پاشان ژمارەکانی تری تا ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سلێمانی دەردەچێت کە (٧٣٩٤) ژمارەی لێدەرچووە. بە ساڵی ٢٠٠٩ز شەوە تا ئێستا خاوەن ئیمتیازەکەی (د. فوئاد مەعسوم)ە و سەرنووسەرەکەی (ستران ساڵح عەبدوڵڵا)یە. بڕوانە: (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ، ٠، ١٢-١-١٩٩٢، ل١)

[3] - ڕۆژنامە: ڕۆژنامەیەکی سیاسی، زمانحاڵی بزوتنەوەی گۆڕان بوو، کۆمپانیای (وشە) بە زمانی کوردی لە سلێمانی دەریدەکرد. خاوە ئیمتیازەکەی کۆمپانیای (وشە) و سەرنووسەرەکەی (سەردار عەبدوڵڵا)بووە. یەکەمین ژمارەی بە قەبارەی (A٣)ی (٢٠)لاپەڕەیی لە ٢٥-٦-٢٠٠٧ تا ژمارە (٥٤٦)ی ٨-٩-٢٠٠٩ز ڕۆژانە دەرچووە پاشان بووە هەفتانە. لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ژمارە (٥٤٨) (عەدنان عوسمان) سەرنووسەری بووە و پاشان (ئاودێر شێخ عومەر). تا ١٣- ٩- ٢٠١١ز بەردەوام بووە و (٤٦٠) ژمارەی لێ دەرچووە.

## ٤- كەرستەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە کەرستەی زمانی کوردی (زاری کرمانجی ناوەڕاست) نووسراوە، بە نموونەی مانشێتی هەواڵی سێ ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ئەوانیش ، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە)ن لە ساڵی (٢٠٠٩) دا.

## ٥- گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوە دایە جگە لە ناساندنی هەمەلایەنەی مانشێت بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، هەروەها لە چوارچێوەی نامەیەکی سەربەخۆدا بە وردی تیشک خراوەتە سەر ناساندنی چەمک و تیۆر و جۆرەکانی (باس وخواس) لە ڕووی لۆژیکی زمانەوانییەوە، پاشان بەستنەوەیەتی بە مانشێتی هەواڵی چەند ڕۆژنامەیەک لە ڕووی بونیادگەری و ئەرکگەراییەوە. ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەکی باش دەبێ بۆ بەستنەوەی پەیوەندی نێوان زمانی رۆژنامە و زانستی واتاناسی، هەروەها پراکتیککردنی چەمکەکانی باس و خواسە لەبەر رۆشنایی سیمانیتك و پراگماتیك دا بۆ شیکردنەوە و راڤەکردنی زمانی مانشێت و چۆنیەتی داڕشتنی و کاریگەرییەکانی بەسەر وەرگردا و لەگەڵیشیدا جیاوازی داڕشتنی سێ رۆژنامەی بە نموونە و بە شێوەی ئاماری نیشانداوە. بێگومان جیاوازییەکانی ئەم رۆژنامانە لە شێوەی داڕشتن و باس و خواسدا بەڵگەی جیاوازیی داڕشتنی مانشێتەکانی هەواڵە لە رۆژنامە جۆربەجۆرەکانی هەرێمی کوردستان و پرسی داڕشتن و نووسینی زمانی هەواڵی نووسراو لە سەردەمێکی دیاریکراوی بزاڤی رۆژنامەنووسی کوردیدا نیشان دەدات.

## ٦- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە پشت بەستن بە ڕێبازی (وەسفی شیکاری) و لە بەر ڕۆشنایی ئەرکی سیمانیتکی و پراگماتیکی دا لە مانشێتی هەواڵی هەرسێ ڕۆژنامەکەی کۆڵیوەتەوە.

## ٧- گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوە لە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی واتاسازی لە زمانی کوردیدا وا سانا نییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەمتر لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە ئەنجام دراوە. بەتایبەتی نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و هاوشێوە کە مانشێتی رۆژنامەکانی خستبێتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و لە چوارچێوەی چەمکەکانی باس و خواسدا ئەوەندەی ئێمە بیزانین کتێبخانەی کوردی لەم بارەوە هەژارە، ئەمە گرفتێکی گەورە بوو لەبەردەم توێژینەوەکە، هەروەها تێکچڕژانی زاراوەکان و نەبوونی زاراوەی یەکگرتوو لە زانستی واتاسازیدا گرفتێکی دیکە بوو، لەگەڵیشیدا نەبوونی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی ئاستەنگێکی دیکە بوو.
هەرچی رۆژنامەکانیشە، لەبەر نەبوونی شوێنێکی تایبەت بە ئەرشیفکردنی رۆژنامەکان و گران دەستکەوتنی ئەو رۆژنامانە، ناچاریکردین کە تەنیا ساڵێکی دیاریکراو بۆ وەرگرتنی نموونەی رۆژنامەکان تەرخانبکەین، بۆ ئەوەی هەموو ژمارەکانی ئەو ساڵەمان بێ گرفت دەستبکەوێت.

## ٨- ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە:

ناوەڕۆكی ئەم لێكۆڵینەوەیە جگە لە پێشەكی و ئەنجام و پاشكۆیەكی وێنەیی، لە دوو بەش پێكهاتووە.

**بەشی یەكەم:** لە ژێر ناونیشانی: (زمانی ڕۆژنامەنووسی و مانشێت)، ناوەڕۆكی ئەم بەشە ئەم سەرەباسانە لەخۆ دەگرێت: (زمانی ڕۆژنامەنووسی، چەمكی مانشێت، پێناسەی مانشێت، پێكهاتە و بەشەكانی مانشێت، ئەركەكانی مانشێت، مەرجەكانی مانشێتی سەركەوتوو، شێوازەكانی داڕشتنی مانشیت، ڕیزكردنی كەرستەكانی مانشێت، ڕادەی هەست، هەست ورووژاندن، ڕێكخستنی زانیاری لەمانشێتدا). جگە لە وردبوونەوە و هەڵوەستە كردن لەسەریان، بۆ هەریەكێ لە سەرەباسەكان بەمەبەستی ڕوونكردنەوەی زیاتر، بەپێی پێویست نموونەی هەر سێ ڕۆژنامە دەستنیشانكراوەكە خراوەتە ڕوو.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە كە لەژێر ناونیشانی (باس و خواس لە مانشێتی ڕۆژنامەكاندا)یە، تایبەتە بە سەرەباسەكانی: (تەوەرەی باس)، لایەنەكانی (هەڵبژاردنی وشە بۆ تەوەرە، ئەركی ڕاگەیاندن لە تەوەرەدا، تێڕوانینی ئەركی بۆ ڕستە، پرۆسەی زانیاری گۆڕینەوە لە ڕستەدا) بەدرێژی باسكراوە. پاشان (ئەركە سیمانتیكییەكان)، كە هەردوو لایەنی (بەلوتكەكردن و هێزخستنەسەر). هەروەها (ئەركە پراگماتیكییەكان) كە ئەركەكانی (تەوەرە، شوێنكەوتوو، بانگكراو، سەرچاوە، باس) لە خۆدەگرێت، بەدرێژی باسكراوە. لەم سۆنگەیەوە بە پێی ویستی لێكۆڵینەوەكە هەر یەكێ لەلایەنەكانی ئەم بەشە، بە نموونەی مانشێتەكان ڕوونكراوەتەوە.
لە كۆتاییدا ئەنجامەكانی توێژینەوەكە لە چەند خاڵێكدا خراونەتە ڕوو، پاشان لیستی سەرچاوە بەكارهاتووەكان بە شێوەی هیجایی ریزكراون.

**بەشی یەکەم: زمانی ڕۆژنامەنووسی و مانشێت**

**١- زمانی ڕۆژنامەنووسی:**

**٢- مانشێت:**

**٢-١- چەمکی مانشێت:**

**٢-٢- پێناسەی مانشێت:**

**٢-٣- پێکهاتە و بەشەکانی مانشێت:**

**٢-٣-١- مانشێتی سەرەکی:**

**٢-٣-٢- سەرمانشێت:**

**٢-٣-٣- ژێرمانشێت:**

**٢-٣-٤- پوختەمانشێت:**

**٢-٣-٥- نیوەمانشێت:**

**٢-٣-٦- ناومانشێت:**

**٢-٤- ئەرکەکانی مانشێت:**

**٢-٥- مەرجەکانی مانشێتی سەرکەوتوو:**

**٢-٦- شێوازەکانی داڕشتنی مانشێت:**

**٢-٦-١- لە ڕووی ڕوخسارەوە:**

**٢-٦-٢- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

**٢-٧- ڕستە و جۆرەکانی ڕستە:**

**٢-٧-١- جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی قەبارەوە:**

**٢-٧-١-١- ڕستەی سادە:**

**٢-٧-١-٢- ڕستەی لێکدراو:**

**٢-٧-١-٣- ڕستەی لێکدراوی ئاڵۆز:**

**٢-٧-٢- جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

**٢-٧-٢-١- ڕستەی هەواڵدان:**

**٢-٧-٢-٢- ڕستەی پرسیار کردن:**

**٢-٧-٢-٣- ڕستەی داخوازی و فەرماندان:**

**٢-٧-٢-٤-  ڕستەی سەرسوڕمان:**

**٢-٨- ڕیزکردنی کەرستەکانی مانشێت:**

**٢-٨-١- ڕیزبوونی چەسپاو:**

**٢-٨-٢- ڕیزبوونی ئازاد:**

**٢-٩- ڕادەی هەست:**

**٢-١٠- هەست ورووژاندن:**

**٢-١٠-١- ورووژاندن بە ئاراستەی باش:**

**٢-١٠-٢- ورووژاندن بۆ ئاراستەی خراپ:**

**٢-١١- ڕێکخستنی زانیاری لە مانشێت دا:**

## ١- زمانی ڕۆژنامەنووسی:

زمان وەک چالاکترین ئامێری دەربڕینی هزر، گرنگترین خاڵی پەیوەندی نێوان (نێرەر و وەرگر)ە، لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاریدا.

زمانی ڕۆژنامەنووسی خاوەن ڕۆنانێکی تایبەتە و بە هاوتابوونی دەق و واتاکەی، جیا لە هونەرەکانی تری نووسین، واتە نە زمانی بە سۆز و ئەندێشە ڕازاوەی ئەدەبە، نە زمانی ڕووتی زانستە. کە ئەمیش بەو هۆیەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵکو وەک زمانێکی پوختەکراوی نووسین، جگە لەوەی زمانێکی سادە و ڕەوانە و تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراو، بەڵکو وەک زمانێکی زیندووی جەماوەری تایبەتە بەسەرجەم چینەکانی کۆمەڵ. لەبەر ئەوەی مەبەست لێی هۆشیارکرنەوە و گواستنەوەی زانیارییەکانە بۆهەموو چینەکانی جەماوەر بە گشتی.[1] کە خۆی لە ئەرکەکانی گەیاندنی هەواڵ، ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە، ڕێنماییکردن، کات بەسەربردن، ئاراستەکردن، ڕیکلام.....هتد هەروەها لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی بۆ دەربڕین و ڕێکخستنی هزرە بە دانانی وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاو، بۆیە وەک زمانێکی کاریگەر و ورووژێنەر و گۆڕینی ئاراستە، سنوری زمانی تەنیا بۆ لەیەکترگەیشتنی فراونتر کرد.[2]

کەواتە زمانی ڕۆژنامە نووسی، زمانێکی سادە و ڕەوان و کاریگەری جەماوەری گشتییە، توانای گواستنەوەی ڕاستەوخۆ و گوزارشتکردنی سەرجەم ڕووداو و بابەتە جۆراوجۆرەکانی هەیە.

یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زمانی ڕۆژنامەنووسی، کاریگەری بەرامبەری گرێدراوی زمان و دەقە، هەروەک چۆن بنەما زمانییەکان ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر دەبینن لە پێکهاتە و خستنەڕووی دەقە هەواڵییەکان، بەهەمان شێوە دەقە هەواڵییەکانیش هۆکاری سەرەکی زیندوویی و پێشکەوتنی زمانن، چونکە زمانی ڕۆژنامەنووسی هەمیشە دانەبڕاوە لە گەیاندنی شتە تازەکان و شانبەشانی پێشکەوتنی سەرجەم لایەنە جۆراوجۆرەکانی تری (زانستی، ئەدەبی، هونەری، ڕامیاری، سەربازی.....هتد) لە داتاشین و بەرهەمهێنانی هەر وشە و زاراوەیەک، خێرا لە ڕێیی ئامرازەکانی ڕۆژنامەنووسییەوە دێنە ناو زمانەکە،٣ ئەمەش گرنگترین هۆکاری زیندوویی و تازەبوونەوەی زمانە.

بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەها نییە و بەڵکو زۆر جاران بە هۆی بە کارهێنانی وشەی هەڵە، کە بە خێرایی دەگواسترێتەوە بۆ ناو جەماوەر و هەر لەسەر ئەم بنەمایە بڵاو دەبێتەوە و هەندێجار جێگیریش دەبێت، ئەمەش بەهۆی وەرگێڕانی هەڵە یاخود نە شارەزایی لە ڕێساکانی داتاشین وشە.....هتد بەمەش ئەرکی ڕۆژنامەنووسی لە سوود گەیاندن بە زمانەکە پێچەوانە دەبێتەوە.

مانشێتی ڕۆژنامەکان وەک دیارترین و گرنگترین ژانری هەواڵی لە گەیاندنی زانیارییەکان و دروستکردنی پەیوەندی نێوان (نێرەر و وەرگر)دا، بنەما زمانییەکان بە تایبەتی (ڕێزمان و واتاسازی) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. بۆیە لە ئەرکە سەرەکییەکانی نووسەری مانشێت یان ڕۆژنامەنووسی ئەوەیە، جگە لە ئاستی ڕێزمان (دەبێت شارەزایی تەواوی لە واتاسازی دا هەبێت).٤ هەروەک زۆرجاران بەهۆی نەگونجاوی وشەیەک، بە تایبەتی ئەو وشانەی زیاتر لە واتایەکیان هەیە، ڕستەیەک لێڵی تێدەکەوێت. بۆ نموونە وشەی(شیر)، هەندێ جار لە سنوری ڕستەش نازاندرێت مەبەست لە (شیر)ە، یان (شمشێر)ە، کە هەر یەکەو بۆ بارێک

---

[1] - سەباح موسا عەلی، زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوک - ٢٠١٤، ل٧٤.

[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندن دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر- ٢٠٠٥، ل٥٩.

[3] - هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، یاسا و پرەنسیپەکانی زمانی نووسین لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی -٢٠١٤،ل١٥.

[4] - سەباح موسا عەلی، ڕەنگدانەوی چەند لایەنێکی واتاسازی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی عێراقدا، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٩، ل١٢١.

دەشێت. بۆیە لە ڕووی واتاییەوە وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاو، دەبێت لەسەر بنەمای واتای گونجاو لە شوێنی گونجاو بێت.
هەروەها جگە لەوەش لە ڕیزکردنی کەرستەکان بەتایبەتی لە مانشێت دا، واتاسازی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێ، لە ڕیزکردنی کەرستەکان و جێگۆڕکێ و پێش و پاش خستنیان و هەروەها لێکدانەوەی بەپێی دەوروبەر لە گەیاندنی مەبەستی دیاریکراودا. بۆیە واتای گونجاویش لە شوێنی گونجاو، دەبێت لەسەر بنەمای مەبەستی گونجاو لە شوێنی گونجاو بێت.
بۆ ئەوەی دەربڕینێکی سادە و ڕەوان بێت، لەهەر لێڵی و تەمومژییەک بەدوور بێت و ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی لەسەر (وەرگر) دابنێت.
سەبارەت بە ئاستی واتا، کە هەردوو لقەکەی (سیمانتیک Semantics و پراگماتیک Pragmatics) دەگرێتەوە.
١- سیمانتیک: ئەو واتایە دەگرێتەوە، کە (لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکانەوە دێتە کایەوە، لەگەڵ ئەو واتایە ڕێزمانییەی کە لە ئەنجامی چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرستەکان پەیدا دەبێت).١ کەواتە سیمانتیک جگە لەو واتایەی پەیوەندە بە وشە فەرهەنگییەکانەوە، بەهۆی چۆنیەتی ڕیزبەندی کەرستەکان ڕۆڵی گرنگ لە ئەرکی گۆڕان و جیاوازی واتا لە ڕێی ڕستەوە دەبینێت، هەر گۆڕانێکیش کار لە تەواوی واتای ڕستەدا دەکات.٢ لەم بارەیەوەش (ئەرکە سیمانتیکییەکان) بەهۆی ئەوەی بەدەر لە چوارچێوە یاساییەکەی ڕیزبوونی کەرستەکان دەڕوانێتە واتای ڕستە. لەبەر ئەوەی پەسند بوونی ڕستە تەنیا ڕووە ڕێزمانییەکەی نییە، بەڵکو پەسندی واتاییش مەرجە بۆ ئەوەی بە ڕستە هەژمار بکرێت. کەواتە ئەرکە سیمانتیکییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن لە خستنەڕووی واتای ڕاستەقینەی ڕستەکان.
هەروەها ئەرکەکانی (بەلوتکەکردن و هێزخستنەسەر) فاکتەری سەرەکی مەبەستی جیاجیان کە لە ڕستەدا دێنە کایەوە.
بەلوتکەکردن، بەپێی بنەماکانی زمانەکە، جێگۆڕکێ و جولانی یەکێ لە کەرستەکانە بە ئاراستەی لای ڕاستی ڕستەکە. واتە بە لادان لە ڕیزبەندی ئاسایی بۆ ڕیزبەندی نائاسایی، هەرچەندە ئەم جێگۆڕکێ و جولانە لەگەڵ ڕۆنانێکی دیکەدا زادەی یەک بیرن و واتا هۆشەکییەکەیان یەکسانە، بەڵام لە هەست و مەبەستدا جیان. هەروەها هێزخستنەسەر، کە وەک وزەیەکی کتوپڕ دەخرێتە سەر یەکێ لە کەرستەکانی ڕستەکە، گۆڕان لە واتا و مەبەستدا دێنێتە ئاراوە.٣
ئەم دوو ئەرکەش پەیوەندن بە یەکێ لە جۆرەکانی واتای سیمانتیکی، کە پێی دەگوترێت (واتای بابەتی)، کە ڕێگا بۆ ڕیزکردنی کەرستەکان لەبەردەم (نێرەر)دا فەراهەم دەکات. هەرجۆرە ڕێکخستنێکی کەرستەکان و جەختکردنێک، مەبەستێکی جیا دەگەیەنێت. واتە نێرەر بەپێی مەبەستە ڕاستەقیەکەی کەرستەکانی ڕستەکە ڕێکدەخات، یان لە ڕێگەی هێزخستنەسەرەوە مەبەستەکەی زەق نیشان دەدات.
٢- پراگماتیک: لقێکی دیکەی ئاستی واتایە، هەڵوەستە لەسەر ئەو دەربڕینە دەکات کە جگە لە واتا ئاساییەکەی هەڵگری واتایەکی ترە. واتە لە ڕێگەی پەیوەست بوون بە دەوروبەری دەربڕیندا، واتای دەربڕینەکان لە دەرەوەی واتا فەرهەنگییەکەی لێکدەداتەوە.٤ کەواتە پراگماتیک بە وابەستەبوون بە دەوروبەر واتا و مەبەستە قووڵ و شاراوەکانی دەربڕینەکان شیدەکاتەوە.
بۆ ئەم مەبەستەش (ئەرکە پراگماتیکییەکان) لەدەرخستنی ویست و مەبەستەکانی نێرەر ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەبینن. کە بریتین لە (تەوەرە Theme)، کە بواری پەیام "ئاخاوتن"

---

١ - محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر – ٢٠١١، ل١٩٢.
٢ - سەباح موسا عەلی، ڕەنگدانەوەی چەند لایەنێکی واتاسازی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی عێراقدا، ل٤٧.
٣ - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٤ - عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، چاپی یەکەم، هەلێر - ٢٠١٠، ل١٥.

دیاریدەکات. (شوێنکەوتوو Tail)، کە ئەرکی ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان دەبینێت، هەروەها (سەرچاوە Focus) ئەرکی خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان بۆ نەهێشتنی گومان و نکۆڵیکردن دەبینێ. (باس Topic)، وەک ئەرکێکی دیکەی پراگماتیکی، ئەرکی زانیاری هاوبەشی نێوان (نێرەر و وەرگر) دەبینێت.[١]

کەواتە داڕشتەی مانشێتەکانیش وەک هەر ڕستە و دەربڕینێکی دیکە، بنەماکانی (سینتاکس، سیمانتیک، پراگماتیک)[٢] لە ڕوون گەیاندنی زانیارییەکان و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و کارتێکردنی بۆ هەڵوێست دەربڕین و گۆڕینی ئاراستە، بەپێی ئامانج و مەبەستی دیاریکراو ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

لەم بارەوە لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەکی پراکتیکی بە وردی تیشکی خراوەتە سەر.

---

[١] - احمد المتوکل، الوظائف التداولیة  في اللغة العربیة، دار البیضاء  مطبعة النجاح، المغرب - ١٩٨٥، ل١٦.

[٢] - هەر یەکێ لەم ئاستانە ئەرکەکانیان بەم شێوەیە دەست نیشان دەکرێت. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەک:

- تاڤین نان دەخوات.

ئاستی سینتاکس:  بکەر + بەرکار + کار.

ئاستی سیمانتیک: ئەنجامدەر + کارتێکراو + گوزارە.

ئاستی پراگماتیک:  باس + خواس.

## ٢- مانشێت (Manchette):

## ٢-١- چەمکی مانشێت (Manchette):

ئەو وشە و زاراوانەی کە بەسەر بوارێکی دیاریکراو دا دابڕاون، لە ڕووی پەیدابوونیانەوە ڕەنگە زیاتر لە سەرچاوە و بۆچوونێک بگرنە خۆ، ئەمەش چ بەهۆی لێکچوون و نزیکایەتییەوە بێت، چ بەهۆی ئەو گۆڕانانەوە بێ کە بەدرێژایی رۆژگار لە بەکارهێنانی دا بەسەریداهاتووە. پاشان بەهۆی سەرهەڵدانی بوارێکی دیکەی دیاریکراودا هۆی ئەفراندن و شوێنی ڕەسەنی خۆی بەزاندووە، وەک زاراوەیەکی دیکەی سەرەکی لە بوارێکی دیکەدا جێگەی خۆی خۆش کردووە. بەشێوەیەک ڕوانین و بەدواداچوونی وردی گەرەکە لەڕووی چەمکەوە تا دەگەیتەوە بنەڕەتەکەی و شێوە و هۆکاری پەیدابوون و دەرکەوتنی، بۆیە بۆ پێناسەکردنی هەر زاراوەیەک بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان، سەرەتا گەرانەوە بۆ چەمک خۆی دەسەپێنێ، تا بتواندرێ کورتە و پوختەی ناساندنەکە بێ گرێوگۆڵ بخرێتە ڕوو.

هەر لەم سۆنگەیەوە ڕوانین و هەڵوەستە دەکەینە سەر چەمکی مانشێت (Manchette)، هەر چەندە لە ئێستادا زاراوەیەکی سەرەکی و بەربڵاوی بواری رۆژنامەگەرییە، مەبەست لێی ئەو دێرە پیت درشتانەیە کە لە ڕووبەرێکی دیاریکراوی نێو رۆژنامە و کۆوارەکاندا وەک شادێری بابەت و هەواڵەکان دەردەکەوێ، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ بنەڕەتی زاراوەکە، جیاواز لە شێوە و شوێنی پەیدابوونی چەند بۆچوونێکی دوور لە شێوە بەربڵاوەکەی دێتە ئاراوە. کە لەلایەکەوە "مانشێت" دەگەڕێندرێتەوە بۆ سەردەمی "ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی" کە وشەیەکی لاتینییە "Rubrica" بە واتای ڕەنگی سوور دێت، کە لەم سەردەمە دا ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی (سێنەیت)ی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان دەریدەکرد، ناونیشانی بڕیارەکە بە ڕەنگی سوور دەنووسرا، کە بۆ مەبەستی گەیاندنی هەواڵی پاشا و کۆکردنەوەی خەڵک بڕیارەکە لە تابلۆیەکدا لە شوێنێکی گشتی پایتەختدا هەڵدەواسرا.[1] هەروەها لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا "مانشێت" وشەیەکی "فەرەنسی"یە و مەبەسی لێی بۆ ئەو دانتێلایەیە کە بۆ ڕازاندنەوە و بەرچاو دەرکەوتنی سەردەستی کراس بەکاردێت.[2] لێرەدا بە ڕوانین لەم بۆچوونانەی سەرەوە دا بە بەراورد لەگەڵ زاراوە بەربڵاوەکەی ئێستایدا لەم خاڵەدا لەیەک نزیک دەبنەوە، کە مەبەست لێی بەرچاو دەرکەوتن و زەق نیشاندانە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر.

لەڕووی بەکارهێنانیشی وەک زاراوەیەکی سەرەکی و بەربڵاوی بواری رۆژنامەگەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی "١٨٩٢- ١٩١٤" لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە مێژووی رۆژنامەگەریدا بە قۆناغی "ڕۆژنامەگەری زەرد" ناسراوە.[3] کەواتە ئەم قۆناغە بە سەرەتای

دەرکەوتنی زاراوەکە وەک زاراوەیەکی ڕۆژنامەگەری دادەندرێت. لە ڕۆژنامەگەری کوردیشدا زاراوەکە هەر چەندە هەر بەشێوە بەربڵاوە جیهانییەکەی بەکاردێت، بەڵام چەند زاراوەیەکی تریشی بۆ بەکاردێت وەک: (سەردێر، شادێر، سەرنووچە......)[4] کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت "زەقدێر"یش بەکاربهێندرێت، کە هەڵگری هەمان مەبەستە.

---

[1] - سارا موحسین قادر، دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی - ٢٠٠٩، ل٧٦.

[2] - سامي ذبيان، الصحافة اليومية والاعلام، دار المدبولي، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان ، ١٩٧٩، ص٩٦.

[3] - محەمەد مێرگەسۆری، مانشێت و کاریگەرییەکانی لە رۆژنامەی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی - ٢٠١١، ل١٩.

[4] - بڕوانە: بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥- هەولێر، ل١٦٢.

## ٢-٢- پێناسەی مانشێت:

مانشێت: بەهۆی ئەوەی گرنگترین و کاریگەرترین جۆری هەواڵە، کە ڕۆڵێکی بەرچاو و سەرەکی دەبینێت لە وروژاندن و ڕاکێشانی سەرنجی (وەرگر) و داخۆنکردنی بەرەو ناوەڕۆک و گەیاندنی مەبەستی دیاریکراو و دانانی کاریگەری خۆی. کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەر هەواڵ و بابەتێک چەند وشەیەکی سەرەکی ببێتە مانشێتێک "زەقدێرێک" بۆ ناساندن و ئاشناکردنی بە (وەرگر). هەر بۆیە ئەم گرنگی و بایەخەی وای کردووە لەلایەن شارەزایان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ بکرێت و هەر یەکەو بە جۆر و شێوازێک هەڵوەستەی لەسەر بکات و بەها و تایبەتێتی ئەم ژانرە سەرەکی و گرنگەی هەواڵ بخاتەڕوو. کە شایانی ئاماژە بۆکردنن، بۆیە لێرەدا پێویست دەبێ و پەیوەست دەبین بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و وەستان لەسەری بۆ ناساندنی.

مانشێت (ئەو سەردێرە سەرەکییەیە کە بە پیتی درشت لە سەرووی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا دەنووسرێت).[١] بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوە دەخرێتە ڕوو کە مانشێت مەبەست لە هەڵکەوتەی شوێنی و شێوەی قەبارەی نووسینەکەی بۆ ئەوەیە (وەرگر) بتوانێت بەسانایی نێوانی هەواڵە گرنگەکان بکات.[٢] بەمەش لە دوولاوە (وەرگر) ئاراستە دەکات. هەم جیا کردنەوەی هەواڵی سەرەکی و لاوەکی بەلایەن (وەرگر)، هەم کێشکردنی بە هەواڵ و بابەتی پەیوەندار پێیەوە. چونکە سەردێری هەرهەواڵێک کورتە و پوختەی ڕەگەزە سەرنجڕاکێشەکانی ناوەڕۆکە، کە قولاب ئاسا خوێنەر دەخاتە داوی خوێندنەوەی تەواوی ناوەڕۆکی هەواڵەکە.[٣] بۆیە ئەو ڕستەیە یاخود ئەم دەربڕینە یەکێ لە خەسڵەتە دیار و بەرچاوەکانی بۆ دانانی زۆرترین کاریگەری و دەرخستنی بایەخی هەواڵەکە، (ئەوەیە زۆرترین واتا لە چەند وشەیەکی کورت دەبەخشێ، کە بەلایەنی کەمەوە لە چوار وشە یان هەشت وشە پێکدێت.[٤] لەبەر ئەوەی مانشێتی دروست هەم دەروازەی هەواڵە،هەم وێنەیەکی پوخت و بچوککراوەی ناوەڕۆکەکەیەتی).[٥] کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (گوزارشتە لە گرنگترین و زەقترین زانیارییەکانی ناو هەواڵەکە، بۆیە بووە بە دەروازە و شوناسی هەموو هەواڵەکە)[٦]و لە پەیوەندی نێوان (وەرگر) خوێنەر و هەواڵدا، دەبێتە (دروستکەری یەکەمین پەیوەندیی و هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بەلای هەواڵەکەوە).[٧] کەواتە لێرەدا بەڕوانین و وردبوونەوە لەم پێناسانەدا دەردەکەوێت مانشێت کلیلێکە بۆ داخۆنکردنی خوێنەر و ئارەزووکردن بۆ ڕۆچوون بە ناوەڕۆکی هەواڵدا. ئەمەش وای کردووە، مانشێتەکان تەنیا لەیەک جۆر و بەش و ئەندازەیەکی دیاریکراودا لە گەیاندن و خستنەڕووی زانیارییەکاندا نەوەستن.

---

[١]- سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٢] - شێرکۆ میرزا مەنگوڕی، ئاستەنگەکانی یەکەم لاپەڕە لە ڕۆژنامەدا ،نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر -٢٠٠٧، ل٤٣.

[٣] - ڕەزا حاجی ئابادی، دەروازەی ڕۆژنامە نووسی، وەرگێڕانی:کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - ٢٠٠٥، ل٦٩.

[٤]- سامي ذبيان، الصحافة اليومية والاعلام، ، ل٩٧.

[٥]- بەدران عەبدوڵڵا، هونەرەکانی هەواڵ لە ئاژانسەکانی هەواڵدا، وەرگێڕانی: محەمەدعەلی وەلی، چاپخانەی چوار چرا، چاپی یەکەم : ٢٠١٠، ل٥٥.

[٦] - عەبدولخالق ئیبراهیم و ئەرسەلان ڕەحمان، بنەماکانی نووسین لە ڕۆژنامەگەریدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٥-، ل٨٣.

[٧] - ئازاد ڕەمەزان، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٩، ل١٢٠.

## ٢-٣- پێکهاتە و بەشەکانی مانشێت:

هەرچەندە هەواڵ و بابەتەکان ئاسایی تەنیا یەک مانشێتی سەرەکییان هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکاندا تەنیا لە یەک پێکهاتە و بەش ناوەستن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جۆراوجۆری پێکهاتەی هەندێک لە بابەتەکان و کورتبوونی تەنیا مانشێتێک لە گرتنەخۆی سەرجەم بەش و پێکهاتەکانی هەواڵەکە و گواستنەوەی بەشێوەیەکی ڕوون و دروست.[1] بۆیە لەم دۆخەدا بە مەبەستی خستنەڕووی زانیارییەکانی نێو هەواڵەکە، زیاتر لە مانشێتێک بەکاردەهێندرێت. وەک بەشێکی زیادکراو و تەواوکەری مانشێتی سەرەکی، کە بە شێوە و قەبارەیەکی جیاواز دەردەکەون.

هەریەک لەم بەشانەش گرنگی و تایبەتێتی خۆی هەیە لە گەیاندنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕوون و دروست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و بایەخدان بە ناوەڕۆکی هەواڵەکە. ئەم بەش و پێکهاتانەش لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

**٢-٣-١- (مانشێتی سەرەکی**

**٢-٣-٢- سەرمانشێت**

**٢-٣-٣- ژێرمانشێت**

**٢-٣-٤- پوختەمانشێت**

**٢-٣-٥- نیوەمانشێت**

**٢-٣-٦- ناومانشێت)**[2]

## ٢-٣-١- مانشێتی سەرەکی:

ئەو مانشێتەیە کە بەشێوەیەکی زەقتر و بەرچاوتر لەوانی تر دەردەکەوێت، کەهەڵگری گرنگترین زانیارییەکانی نێو بابەتی هەواڵەکەیە، بەهۆی ئەوەی کە مانشێتی سەرەکییە بۆیە هەندێ جار بە تەنیا دەبێتە هەڵگری تەواوی زانیارییەکانی هەواڵەکە، هەر لەبەر ئەمەشە پێی دەگوترێ "مانشێتی سەرەکی". کە بە پیتی گەورەتر لە سەرجەم مانشێتەکانی تر دەنووسرێت،[3]بۆ ڕاکێشانی سەرنج و دانانی گاریگەری بەسەر وەرگر، لەبەر ئەوەی یەکەمین وێستگەیەکە تیشک دەخاتە سەری، چونکە دەروازەی گەیاندنی وەرگر بە ئامانج و مەبەستی ناوەڕۆکەکەی.[4]

واتە بەشێوەکی گشتی مانشێتی سەرەکی هەڵگری پەیام و ئامانجی ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵە. وەک:

---

[1] - حسین قندی، روزنامەنگاری تخصص، وزارت  فرهنگ و ارشاد اسلامی، مرکز مطالعات و تحقیقات رسانەها، چاپ اول، چاپ سمارنگ، تهران – ١٣٨٣، ل٦٦.

[2] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[3] - کارزان محەمەد، هونەری مانشێت، گۆڤاری ڕۆژنامە نووس، ژمارە، ٥، هەولێر- ٢٠٠٥، ل٨٥.

[4] - هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا، ١٩٢٣- ١٩٥٠، چاپخانەی چاپخانەی شڤان، سلێمانی – ٢٠٠٧، ل١٨٠.

١- ئۆباما خوازیارە بەرپرسیارەتی زیاتر بدرێتە عێراقییەکان (خەبات، ژ٣٠٨٧، ٣-٢-٢٠٠٩)

٢- تکایە ئاگاتان لە دەم و قەڵەمەکانتان بێت! ( رۆژنامە ژ، ٤٦٢، ٦-٥-٢٠٠٩)

٣- بەگوڕکردنی ئەنجومەنی نوێنەران و سێ دامەزراوەکەی سەرۆکایەتی گفتوگۆی لەبارەوە کرا (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٨، ٣٠-٤-٢٠٠٩)

هەریەکێ لەم مانشێتانە، مانشێتی سەرەکین چونکە تاکە مانشێتی هەواڵەکەن و هیچ مانشێتیکی تریان هاوپێچ نەکراوە، بەڵکو بە تەنیا گوازرشتی هەواڵەکەن.

## ٢-٣-٢- سەرمانشێت:

ئەو مانشێتەیە بە زۆری وەک پێشەکییەک بۆ مانشێتی سەرەکی یان بەشێوەکی سەربەخۆ لەسەرووی مانشێتی سەرەکی بە پیتی بچووکتر دەنووسرێت،[١] کە وەک مانشێتێکی لاوەکی بە بەراورد لەگەڵ مانشێتی سەرەکی دەردەکەوێت. وەک:

١- لە هەرێم کێشەیەک نەماوە بە ناوی کێشەی کارەبا

هەرێم پێویستی بە ١١٠٠ مێگاواتە و ٦٠٠ی بۆ دابین دەکرێت (رۆژنامە، ژ٣٧٦،٤-١-٢٠٠٩)

٢- ئەمڕۆ تاقیکردنەوەی بەرایی ئەنجامدەدرێت

خوێندکاران لە تاقیکردنەوە نیشتمانییەکاندا دەرنەچن، بڕوانامەیان پێنادرێت

(کوردستانی نوێ، ژ،٤٨٣٣، ١-٤-٢٠٠٩)

٣- لە دەستپێکی جامی یەکێتی ئاسیا....

ئەمڕۆ یانەی هەولێر یەکەم یاریی بەرامبەر مبرەی لوبنانی ئەنجام دەدات (خەبات، ژ، ١٣١٧، ١٠-٣-٢٠٠٩)

لەم مانشێتانەی سەرەوەدا وەک دیارە، جگە لە مانشێتی سەرەکی مانشێتێکی دیکەی لاوەکی وەک پێشەکیەک بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سەرووی مانشێتی سەرەکییەوە داندراوە، کەواتە لەهەرسێ نموونەکەی سەرەوە دێرەکانی سەرمانشێتی سەرەکی، سەرمانشێتن.

## ٣-٣-٢- ژێرمانشێت:

ژێرمانشێت دەکەوێتە ژێر مانشێتی سەرەکی، بەهەمان پیت بچووکی سەرمانشێت دەنووسرێت. کە بە پێی کورتی و درێژی و فرە ڕەهەندی هەواڵەکە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ

[١] - حسین قندی، روزنامەنگاری تخصص، ل٦٦.

یان وەک تەواوکەری مانشێتی سەرەکی و سەرمانشێتە.[1] ئەمەش لەکاتێدا دەبێت کە مانشێتی سەرەکی بە تەنیا بەس نییە بۆ دەرخستنی هەواڵەکە، هەرچەندە مانشێتی سەرەکی دەبێ واتای سەربەخۆی هەبێت. وەک:

١- ڕاپەڕین لەگەڵەوە بوو، دەبێ بەرهەمەکەشی هەر بۆ گەل بێ
ئەمنە سوورەکە، (باستێل)ی سلێمانی
تەنیا شوێنێک لە عێراقدا وەک خۆی مابێتەوە و پارێزراو بێت
(کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨١٤، ٦-٣-٢٠٠٩)

٢- ژمارەیەک پەرلەمانتار هەڵوێستیان هەبوو
پەرلەمان ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەخنکێنێت
دیموکراتی و ئازادی چەند ساڵێکی دیکە گەڕایەوە دواوە
(ڕۆژنامە، ژ١١٨، ١٢-١٢-٢٠٠٩)

٣- لە جەولەیەکی دیکەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا
ئایا برینی یانە گەورەکان سارێژ دەبن؟
یانەی لیڤەرپول و بەرشلۆنە و ئەنتەرمیلان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی بەهێزدان
(خەبات، ژ، ٣٣١٧، ١٤-١١-٢٠٠٩)

لەم مانشێتانەدا جگە لە سەر مانشێت و مانشێتی سەرەکی مانشێتێکی دیکەی بە هەمان قەبارەی پیتی سەرمانشێت لە ژێر مانشێتی سەرەکی داندراوە و بووە بە ژێرمانشێت. واتە ئەو نیوە دێرانەی دەکەوێتە ژێر مانشێتی سەرەکی، ژێرمانشێتن.

### ٢-٣-٤- پوختە مانشێت:

جۆرێکی تری مانشێتە و لامانشێتیشی پێدەگوترێت، بەهۆی درێژی وهەمەڕەنگی وهەمەچەشنی بابەتی هەواڵەکە، کە ناتواندرێت تەنیا لە مانشێتی سەرەکی و ژێرمانشێتدا زانیارییە گرنگ و پێویستەکانی نێو هەواڵەکە بخرێتە ڕوو.[2] واتە هەواڵەکە لە چەند بەشێکی جیاجیا پێکدێت، بۆیە هەریەک لە بەشە گرنگەکانی هەواڵەکە لە دوای مانشێتی سەرەکی و ژێرمانشێتدا لە چەند ڕستەیەکی سەربەخۆ، بەهەمان قەبارەی پیتی ژێرمانشێت و دانانی ئەستێرە یان خاڵی گەورە لە سەرەتادا، بۆ جیاکردنەوەی هەر یەک لە ڕستەکان دەخرێتە ڕوو. بێ ئەوەی هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا بکرێت لە خستنەڕووی درێژەی ناوەڕۆک و بێ بەهاکردنی لە ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و کارتێکردنی لە گرنگیدان بە درێژەی هەواڵەکە.[3] چونکە

---
[1] - حسین قندی، روزنامەنگاری تخصص، ل٦٦.
[2] - کارزان محەمەد، هونەری مانشێت، ل٨٧.
[3] - کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، وەرگێرانی مەجید ساڵح عەزیز، چاپی دووەم، سلێمانی - ٢٠٠١، ل٣٥.

زیادەڕۆیی لە خستنەڕووی زانیارییەکانی نێو هەواڵ (وەرگر) دوور دەخاتەوە لە گرنگیدان و ڕوانینی ناوەڕۆکی هەواڵەکە. وەک:

١- خۆشەویستی بنەمای ژیان پێکدەهێنێت

* خۆشەویستی فێری ئارامی و تامەزرۆبوونمان دەکات بۆ ژیان

* پلە و مادده تەنگی بە مانا ڕاستەقینەکەی خۆشەویستی هەڵچنیوە!

(کوردستانی نوێ، ژ، ٥٦٠٨، ١٧-١٠-٢٠٠٩)

٢- بڕیارێکی گرنگ لە کۆمسیۆنەوە بۆ دەنگدەران

* ڕێگەنادرێت هیچ دەنگدەرێک مۆبایل بباتە بنکەکانی دەنگدانەوە

* بە هیچ شێوەیەک چاودێری دەنگدەر ناکرێت کە دەنگ بەهەرلایەنێک بدات (ڕۆژنامە، ژ، ٥١٣، ١٦-٧-٢٠٠٩)

٣- سەرۆکی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە

* کابینەی پێنجەم بەشایەدی هەموو لایەک شتی باشی کردووە و پێم خۆشە هەمان ئەو خەڵکە ئەو شایەدیە بۆ کابینەی شەشەمیش بدەن کە شتی باشتری کردووە

* سەنگی ئێمە لە کورسیدا نییە، تۆ چەند کورسی بێنی هەر کەمینەی، بۆیە هاوپەیمانی بەهێز و باش باشترە لەوەی دوو کورسی زیاتر بێنی (خەبات، ژ، ٣٣٤٩، ١٦-١٢-٢٠٠٩)

بە هۆی درێژی هەواڵەکە نەتواندراوە بە تەنیا زانیارییەکان لە یەک مانشێتدا بخرێتە ڕوو، بۆیە لە چەند مانشێتێکی تری لاوەکی و بە دانانی نیشانەی ئەستێرە، زانیارییەکانی درێژەی هەواڵەکە لە ژێر مانشێتی سەرەکی خراوەتە ڕوو، واتە ئەو ڕستانەی لە دوای مانشێتی سەرەکی داندراون بوونە بە پوختەمانشێت.

## ٢-٣-٥- نیوەمانشێت:

نیوەمانشێت دوای مانشێتی سەرەکی و ژێرمانشێت دادەنرێت، لەبەر ئەوەی هەندێکجار بەهۆی ئەوەی جگە لە بابەتی مانشێتی سەرەکی و ژێرمانشێت، زانیاریی گرنگتر لە هەواڵەکە دا هەیە و شایانی مانشێتێکی ترە، بۆیە لەدۆخێکی وا دا، نیوەمانشێت بەکاردەهێنرێت، کە دەکەوێتە دوای ژێرمانشێت یاخود پوختە مانشێتەکانەوە. قەبارەی پیتەکانیشی جگە لە مانشێتی سەرەکی لە سەرجەم مانشێتەکانی دیکە گەورەتر دەنووسرێت.[1] بە مەبەستی زیاتر خستنەڕووی زانیارییەکانی نێو هەواڵەکە و بەرچاوڕوونی (وەرگر) و ئاراستەکردنی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ درێژەی بابەت. وەک:

[1] - کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، ل٣٦.

١- مانشێتی سەرەكی: دوای پرۆژەكەی تاڵەبانی بۆ جیاكردنەوەی حیزب لە حكومەت

ژێرمانشێت: مەكتەبی سیاسی بڕیاری گۆڕینی سەرۆك شارەوانییەكانی سلێمانی دەدات

نیوەمانشێت: پێویستە ئەو گۆڕانكارییە بە ڕێگای یاسایی ئەنجام بدرێت و ناوەكان بنێردرێن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و پاشتر بۆ وەزارەتی شارەوانی، بە مەبەستی پەسەندكردنیان و دانانیان (رۆژنامە، ژ، ٤٠٤، ١١-٢-٢٠٠٩)

٢- مانشێتی سەرەكی: یەكێتی و پارتی، بەیەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا دەكەن

ژێرمانشێت: لەمڕۆوە تۆماركردنی پاڵێوراوانی قەوارە سیاسییەكان دەستپێدەكات

نیوەمانشێت: دەنگدەران، ڕاستەوخۆ دەنگ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆكی هەرێم دەدەن (كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٤، ٧-٥-٢٠٠٩)

٣- مانشێتی سەرەكی: چاوەڕوانی هاتنی شاندێكین لە ماوەیەكی نزیكدا لە بەغداوە بۆ كوردستان.....

ژێرمانشێت: سیاسەتی وەزیری نەوت سیاسەتێكی فاشیلە و هەر ئەو سیاسەتەش بووە وایكردووە ئێراق بەرەو دواوە بچێت

نیوەمانشێت: توركیا بە ڕاشكاوی ئەو پەیامەی بە ئێمە دا بەوەی كە ڕێز لە دەستووری ئێراق دەگرن و ئەو دەستوورە هەر چۆنێك پێناسەی هەرێمی كوردستانی كردووە ئەوان بەو شێوەیە ئامادەن مامەڵە و هەڵسوكەوت لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا بكەن (خەبات، ژ، ٣١٢٨، ٢٥-٣-٢٠٠٩)

زانیارییەكانی دوای مانشێتی سەرەكی و ژێرمانشێت بەهۆی گرنگی و خستنەڕووی زانیاری زیاتر لە نیوەمانشێتێكدا خراوەتە ڕوو، واتە ئەو زانیاریانەی كە بە درێژ تر بێ هیچ نیشانەیەك لە دوای ژێرمانشێتدا خراونەتە ڕوو، نیوەمانشێتن.

**٢-٣-٦- ناومانشێت:**

جۆرێكی دیكەی مانشێتە و جیاوازتر لە مانشێتەكانی تر دەردەكەوێت، كە لە شێوەی چەند كورتە ڕستەیەكدا، بۆ جیاكاری بابەتە جۆراوجۆرەكانی نێو دەقە هەواڵێك، كە بە پیتی

گەورەتر لە دەقە هەواڵەکە دەخرێتە ڕوو.[1] ئەمەش یارمەتی (وەرگر) دەدات لە ئاراستەکردن و خێرا دۆزینەوەی ئەو هەواڵەی مەبەستییەتی لە نێو بابەتگەلی هەواڵەکەدا. وەک:

١- چی بکەین تا سەیران و گەشتمان جوان بکەین؟

- کێشە و گرفتی سەیرانگاکان
- سەیران و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری
- چەند ڕێگا چارەیەک بۆ چارەسەری کەموکوڕی سەیرانگاکان

(خەبات، ژ، ٣١٢٥، ١٩-٣-٢٠٠٩)

٢- لە شەش ساڵدا، زیاتر لە ١٨هەزار پارچە زەوی دابەشکراوە

- ڕێگایەکی تر بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە
- ١١هەزار کەس چاوەڕێی زەوی وەرگرتنن
- نۆهەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستدەکرێن

(کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠١٨، ٥-١١-٢٠٠٩)

٣- ململانێ وکێبڕکێی نێوان میدیا حیزبی و ئەهلی و سەربەخۆکان بە کوێ دەگات؟

- نکوڵی لە میدیای ئەهلی ناکرێت
- نەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی بودجەی میدیاکان
- هەواڵ پارە ناکات
- میدیا نیمچە ئەهلییەکان بەدیلی میدیای حیزبین

(ڕۆژنامە، ژ، ٤٦٤، ١٠-٥-٢٠٠٩)

لە هەرسێ مانشێتەکەدا، ئەو کورتە ڕستانەی وەک ئاماژەیەک بۆ زانیارییە گرنگەکان، جیا لە مانشێتی سەرەکی کە لەناو دەقەکە زەقدەکرێنەوە، دەبن بە ناومانشێت. هەروەک لەم نموونانەدا کورتە ڕستەکانی دوای مانشێتی سەرەکی، کە هەڵگری زانیاری پەیوەندارن بوونە بە ناومانشێت.

لێرەدا دەردەکەوێت، هەریەک لەم پێکهاتە و بەشانە گرنگی و تایبەتێتی خۆی هەیە لە گەیاندنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕوون و دروست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و بایەخدان بە ناوەڕۆکی هەواڵەکە.

[1]- حسین قندی، روزنامەنگاری تخصص، ل٦٦.

## ٢-٤- ئەرکەکانی مانشێت:

مانشێت بەهۆی ئەوەی لە دەرخستن و ناساندنی کرۆکی بابەتی هەواڵدا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەر دەبینێت، بۆیە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی دەکەوێتە سەر بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجی گەیاندنی زانیارییەکانی هەواڵەکە بپێکێت. چونکە مانشێت یەکەمین پەیوەندی نێوان بابەت و (وەرگر)ە، لە خوێندنەوە و نەخوێندنەوەی ناوەڕۆکدا.

کەواتە نووسینی مانشێت نەوەک هەر کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو بە یەکێک لە دژوارترین کاری ڕۆژنامەنووس دادەندرێت. بۆیە لە نووسینی دا ئەم ئەرکە بە ڕۆژنامەنووسی شارەزا و خاوەن ئەزموون دەسپێردرێت.[١] بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن شارەزایانی ئەم بوارە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ دیاریکراوە، کە لە نووسینی مانشێتدا دەبێ لە بەرچاو بگیرێت بۆ (ڕاکێشانی سەرنجی (وەرگر) و وروژاندنی بۆ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە، لە ڕێگەی خستنەڕووی تازە هەواڵەکان).[٢] کە ئەمەش جگە لەوەی هۆکارێکی یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی شێوازی ڕۆژنامەکە و کێشانی وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای دۆخی ڕووداوەکە.[٣] کە لەم ڕێگەیەوە بیرۆکەیەکی سەرەکی دەربارەی زانیارییەکانی ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو.[٤] هەروەها هۆکارێکیشە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی پەیوەندی نێوان بابەتی دەق و خوێنەر. بۆ ئەم مەبەستەش لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێدەدەین:

١ - کورتە و پوختەی زانیارییەکانی نێو هەواڵەکەیە.[٥] بە مەبەستی ناساندنی درێژەی هەواڵەکە . بە واتایەکی تر دەروازەیەکە بۆ ڕۆچوونە ناوەڕۆکی هەواڵەکە.

٢ - ئامادەکردنی بیری وەرگر، بۆ ناوەرۆکی بابەتەکە.[٦] واتە ئاشناکردنی خوێنەر دەربارەی کرۆک و مەبەستی بابەتی هەواڵەکە.

٣- بەخشینی سیمایەکی جوان بە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا، لە ڕێگەی جیاوازی ڕەنگ و قەبارەی پیت و هەمەچەشنی و جۆراوجۆری بابەتە هەواڵییەکاندا. کە ئەمەش بە دیزاینەری شارەزا و خاوەن ئەزموون دەسپێردرێت.

٤- (هاندەرە بۆ (وەرگر) خوێنەر، بەهۆی زانیارییە کورت و چڕکراوەکانییەوە بۆ بەدواداچوونی ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە)،[٧] چونکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و هەڵبژاردنی وشەی کاریگەر دادەڕێژێت کە گوزارشتێکی تەواوی هەواڵەکەیە.

٥- ڕێنمایی (وەرگر) خوێنەر دەکات لە نێوان کردنی بابەتە جۆراوجۆرەکانی نێو ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا، لە هەڵبژاردن و تیشک خستنەسەر بابەتی هەواڵەکاندا.[٨] بۆ ئەوەی (وەرگر)

---

[١] - یونس شکر خواه، خبر، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، مرکز مطالعات و تحقیقات رسانەها، چاپ هشتم، تهران – ١٣٨٣، ل١٦٩.
[٢] - فاروق ابوزید، فن الکتابة الصحفیة، ناشر عالم الکتب، الطبعة الرابعة، القاهرة - ١٩٩٠، ص١٨.
[٣] - ئەلبرت ل. هستر وای لان ج.تو، ڕابەری ڕۆژنامەنووسی لە جیهانی سێیەمدا، وەرگێڕانی حەسەن عبدالکریم، بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٧، ل١٧٥.
[٤] - عبدالجواد سعید محمد ربیع، فن الخبر الصحفي، دار الفجر للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، القاهرة، ٢٠٠٥، ص١٥٩.
[٥] - نسیم الخوري، فنون الاعلام والطاقة الاتصالیة، دارالمنهل اللبناني للطباعة والنشر، الطبعة الاولی، ٢٠٠٥، ص٢٧٢.
[٦] - فاروق ابوزید، فن الکتابة الصحفیة، ل١٩.
[٧] - جورج کلاس، الدلیل الی الاعلام الثقافي والفني، تقنیات الکتابة النقدیة، منشورات الجامعة اللبنانیة ، بیروت - ٢٠٠٥، ص٣٦.
[٨] - صادق ڕەسەنی، تایتڵ نووسین لە چاپەمەنیەکاندا، گۆڤاری ڕایەن، ژ٢-٣، سلێمانی - ٢٠٠١، ل٢٠.

سەری لێنەشێوێت لە جۆراوجۆری بابەتە هەواڵییەکان و بەسانایی بگات بە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵەی کە لە هەمووان بە گرنگتری دەزانێت.

٦- بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو دەبینێت لە گەشە و گۆڕان و زیندووڕاگرتنی زماندا.[١]

## ٢-٥- مەرجەکانی مانشێتی سەرکەوتوو:

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا نووسینی مانشێت کارێکی وا سانا نییە و پێویستی بە کارامەیی و لێزانییەکی تەواو هەیە، چونکە سەرەکیترین بەش و دەروازەی ڕاستەقینەی هەواڵە. بۆیە لە نووسینیدا، دەبێت بە فۆڕمێکی وا بێت وێنەیەکی وا پێشکەشی (وەرگر) بکات، هەڵگری ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە بێت،[٢] چونکە (وەرگر) سەرەتا لە ڕێگەی مانشێتەکانەوە ئاشنای سەرجەم هەواڵ و بابەتەکانی نێو ڕۆژنامە و کۆوارەکان دەبێت و زانیاری گرنگ و سەرەتایی هەڵدەهێنجێت. واتە مانشێتەکان هاندەر و وروژێنەری سەرەکی خوێنەرن و لە پێشبڕکێ دان بۆ خوێندنەوە و زیندوو ڕاگرتنی بابەتە هەواڵییەکان.

هەروەها نابێت ئەوەشمان بیر بچێت ڕەنگە هەندێجار هەواڵێکی گەرم و بایەخدار پەراوێز بخرێت، بەهۆی ئەوەی کە مانشێتەکەی وەک پێویست نەیتوانیوە وەرگر کێش بکات بۆ خوێندنەوەی.[٣] بەڵام مانشێتی سەرکەوتوو و زانستییانە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی شارەزا و خاوەن ئەزموون دادەڕێژرێت، هەمیشە بەشێوەیەکی وا زەق و وروژێنەر خۆی دەنوێنێت، (ئەگەر بیتوانییایە بێتە گۆ بە خوێنەری دەگوت: تکایە ناوەڕۆکەکەشم بخوێنەوە!).[٤] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک بنەما و مەرجی زانستیی وگرنگ کە لە نووسینی مانشێتدا پێویستە لەبەرچاو بگیرێت و پەیڕەوی لێبکرێت. کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو:

١- پەیوەستبوون بە بنەما و ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەنووسی. هەروەها پەیوەستبوون بە سیاسەت و ستراتیژییەتی ڕۆژنامەکە.

٢- ڕاستگۆیی لە گواستنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکان.

٣- ڕێزگرتن لە هەستی وەرگر لە ڕووی کەسی و ئایینی و کەلتوورییەوە.

٤- بوونی سەرمایەکی ئەوتۆ لە وشە و زاراوەی فەرهەنگی ڕەسەنی زمانەکە.[٥] بۆ ئەوەی تابکرێت سەرجەم وشەکانی ڕستەی مانشێتەکە لە فەرهەنگی زمانەکەوە وەربگیرێت.

٥- جگە لەوەی زانیارییەکانی مانشێتەکە دەبێ نزیک بن لە سەرەتای هەواڵەکە، هەڵبژاردن و دانانی وشە سەرەکییەکانیش دەبێ لەگەڵ ئەو ڕووبەرە گونجاو بێت، کە بۆی دیاریکراوە.[٦]

---

[١] هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، یاسا و پرەنسیپەکانی زمانی نووسین لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ل١٥.
[٢] - کەوسەر عزیز ئەحمەد، پێکهاتە زمانییەکانی مانشێت لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ، ٢٦، هەولێر-هەولێر-٢٠١٣، ل٣٨.
[٣] - ئەلبرت ل. هستر وای لان ج.تو، رابەری رۆژنامەنووسی لە جیهانی سێیەمدا، وەرگێڕانی حەسەن عبدالکریم، ل١٧٤.
[٤] - مەغدید سەپان، ژانری ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک - ٢٠٠٧، ل٩١.
[٥] - ئەلبرت ل. هستر وای لان ج.تو، رابەری رۆژنامەنووسی لە جیهانی سێیەمدا، وەرگێڕانی حەسەن عبدالکریم، ل١٧٥.
[٦] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٦- پێویستە بە شێوەیەکی وا دابڕێژرێت، سادە و ڕوون بێت، بۆ ئەوەی وەرگر بەچاوپێداخشاندنێکی خێرا بتوانێت زانیارییەکان وەربگرێت.[١]

٧- دەبێت زیادەڕۆیی لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا نەکرێت و بە شێوەیەک داڕێژرا بێت، هاوپێچ و گوزارشتی ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە بێت.[٢]

٨- شارەزایی و ئەزموونداری لە ڕێسا و بنەما زانستییەکانی هونەری وەرگێڕاندا.

٩- بەتوانایی و کارامەیی لە داتاشینی وشە و زاراوەدا، بە سوود وەرگرتن لە فەرهەنگی ڕەسەنی نەتەوەیی، لە کاتی پێویستدا.

١٠- وا باشترە وشەکورتکراوەکان کەمتر بەکاربهێندرێت، ئەگەر بەکاریش بێت، خاڵ (.) دابندرێت.

١١- دەبێت لە خستنەڕووی هەواڵەکاندا، دووربێت لە پەیوەست بوون بە ڕای تایبەتی، بەڵکو (دەبێت پەیوەست بێت، بەو هەواڵە گرنگانەی کە پەیوەنددارن بە ڕای گشتییەوە).[٣] چونکە ڕۆژنامە یاخود هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جەماوەرەوە. هەروەها ڕەچاوکردنی ئاست، تەمەن و ڕەگەز.

١٢- دەبێت دوور بێت، لە (بەکارهێنانی ئەو ناونیشانانەی کە ترس ئامێزن).[٤] چونکە دوور دەکەوێتەوە لە ئەرکە سەرەکییەکەی و کاریگەربوونی لە کێشکردنی سەرنجی وەرگر، واتە دەبێتە هۆی سڵ کردنەوەی وەرگر لە گرنگیدان بە ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە بە گشتی.

١٣- تابکرێت ناوی شوێن بەکارنەهێندرێت، تەنیا لەم کاتانە نەبێت، کە زۆر پێویستن.[٥] تا وەرگر بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر لە ڕێگەی ناوەڕۆکی بابەتەکەوە بەدواداچوونی وردتر بکات.

١٤- دەبێت ئەو وشە و زاراوانەی هەڵدەبژێردرێت، ئاشنا بن و نامۆ نەبن لەلایەن وەرگرەوە.[٦] وەرگرەوە.[٦] بۆئەوەی هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم وەرگر نەیەتە ئاراوە.

١٥- دەبێت ناوەکان (ناوی ئەو کەسایەتییانە بێت، کە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ناسراون).[٧] لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی ناوی کەسایەتی، لەهەر هەواڵێک یاخود هەر زانیارییەک لەبارەیەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی دەنوێنێت لەسەر گرنگیدان و زەق نیشاندانی ناوەڕۆکی بابەتەکە.

١٦- تا بکرێت گوزارشت بێت لە بابەتێکی دیاریکراو، مەگەر زۆر پێویست بێت، دەتواندرێت دوو بابەت تێکهەڵکێش بکرێت.[٨] چونکە ئاوێتەبوونی چەند هەواڵێک لە یەک مانشێت و

[١] - عبدالجواد سعید محمد ربیع، فن الخبر الصحفي، ل١٥٠.
[٢] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩
[٣] - فاروق ابوزید، فن الکتابة الصحفیة، ل١٧٨.
[٤] - ئازاد ڕەمەزان، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، ل١٢٤.
[٥] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[٦] - بڕوانە: مجدي داغر، موقع مرکز الرائد للتدریب والتطویر الاعلامي.
[٧] - بەدران عەبدوڵڵا، هونەرەکانی هەواڵ لە ئاژانسەکانی هەواڵدا، وەرگێڕانی: محەمەدعەلی وەلی، ل٥٨.
[٨] - خالید بەکر ئەیوب، سەر گوتار و گوتاری ڕۆژنامەوانی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە،١، هەولێر - ٢٠٠٤، ل٢١١.

ناوەڕۆکدا دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی وەرگر و  ناتوانێت وەک پێویست تیشک بخاتە سەر ئەو لایەنەی کە مەبەستیەتی.

١٧- پەیڕەویکردن لە بابەتی بوونی بابەتی هەواڵەکە و دووربوون لە ئاراستەکردن و ڕای نووسیار،[١] چونکە زانیارییەکانی نێو مانشێتی ئاراستەکراو و بوونی کاریگەری ڕای تایبەتی نووسیار، نەوەک هەر مانشێتەکە، بەڵکو زانیارییەکانی تری نێو بابەتە هەواڵەکەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها دەبێت بابەتی هەواڵەکە، بێ گرێوگۆڵ گوزارشت بێت لە ڕووداوێکی ڕاستەقیە و دووربێت لە سۆز و ئەندێشە.

١٨- دەبێت لە نووسینی ژمارەکاندا، ڕەچاوی ئەوە بکرێت،( تەنیا ژمارە (١، ٢) نەبێت کە وا باشترە بە نووسین بنووسرێت، بەڵام سەرجەم ژمارەکانی تر پێویستە بە هێمای ژمارەیی بە هەمان قەبارەی پیتەکانی تر بنووسرێن).[٢] ئەمەش هەم بە مەبەستی یارمەتیدانی وەرگر بۆ سانا سانا خوێندنەوەی مانشێتەکە، هەم ڕووبەرێکی کەمتری پێویستە.

١٩- دەبێت مانشێتەکان جۆراوجۆر بن و لێکچوو نەبن.

٢٠- دەبێت ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە زیاتر لە جارێک بخوێندرێتەوە ئینجا مانشێتی بۆ دابندرێت،[٣] بۆ ئەوەی مانشێتەکە لە وشە سەرەکییەکانی ناوەڕۆکەوە پێکبهێندرێت.

٢١- بەکارنەهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی، مەگەر زۆر پێویست بێت. هەروەها لە کۆتایی دا بە پێچەوانەی ڕستەی ئاسایی، پێویست ناکات خاڵ (.) دابندرێت.[٤]

لە ڕووی ڕێزمانیشەوە بنەما و ڕێسا ڕێزمانییەکان لە بەرهەمهێنانی مانشێتی سەرکەوتوو، ڕۆڵی سەرەکی لە گەیاندنی بێ گرێوگۆڵی زانیارییەکانی نێو مانشێتەکە بە (وەرگر) دەبینن. بۆیە دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

١- دەبێت ڕیزبوونی کەرستەکان بە پێی بنەما و ڕێسا ڕێگە پێدراوەکانی زمانەکەوە بێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی واتاوە هیچ ناڕوونی و لێڵییەک نێتە ئاراوە.

٢- لە ڕووی دارشتەی جۆری ڕستەییەوە، تا بکرێت ڕستەی(ئەرێ) بەکاربهێندرێت، لە ڕستەی (نەرێ) بەدوور بێت.[٥]

٣- لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕستەییەوە، دوور بێت لە بەکارهێنانی ڕستەی (پرسیاری)، چونکە لە ڕووی زانیاری گەیاندنەوە وەک ئەوە دەردەکەوێت، کە(نێرەر) داوای زانیاریی لە (وەرگر) دەکات. بۆیە وا باشترە ڕستەکە لە دۆخی (هەواڵدان)دا بێت.[٦]

---

[١]- نبيل حداد، في الكتابة الصحفية، ل٧٩.
[٢] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[٣] - ڕەزا حاجی ئابادی، دەروازەی ڕۆژنامە نووسی، وەرگێڕانی کارزان محمەد، ل٧١.
[٤] - نسيم الخوري،  فنون الاعلام والطاقة الاتصالية، ل٢٧٣.
[٥]- بەختیار کەریمی، بەرەو ڕۆژنامەنووسی مۆدێرن، بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦، ل٧٤.
[٦] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٤- له ڕووی کاتەوە، پێویستە کاری ڕستەکە (ڕابردوو) نەبێت، بەڵکو دەبێت کارەکە (ڕانەبردوو) یان (چاوگ) بێت،[١] کە گوزارشت و سیمایەکی هەوکەیی و زیندوو بە زانیارییەکانی مانشێتەکە و ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵەکەش دەبەخشێت و وەرگر تێکەڵ بە هەواڵەکە دەکات.

٥- له ڕووی قەبارەی ڕستەییەوە، بۆ خێرا گەیاندنی زانیارییەکان، تا بکرێت ڕستەکە (سادە) بێت،[٢] چونکە ڕستەی (ناسادە) جۆرێک ناڕوونی لێ بەدی دەکرێت.

٦- بەکارهێنانی (ناو) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی (جێناو)،[٣] چونکە (جێناو) سیمایەکی نەناسراوی و شاراوەیی بە زانیارییەکانی نێو مانشێتەکە دەبەخشێت.

٧- بۆ دوورکەوتنەوە لە وشە و دەستەواژەی دووبارە، وا باشترە پەنا ببرێتە بەر وشە هاوواتاکانی نێو پەیامەکە، هەروەها وشە ئەرکییە ڕێزمانییەکانیش مەگەر زۆر پێویست بێ، ئەگەر نا تابکرێت بەکارنەهێندرێت.[٤]

٨- پێویستە کاری ڕستەکە (بکەردیار) بێت، چونکە جگە لەوەی زانیارییەکان ڕوونتر دەگەیەنێت، بەبەراورد لەگەڵ ڕستەی (بکەرنادیار) شوێنێکی کەمتر داگیر دەکات، کەئەمەش لەگەڵ بنەمای پێشکەشکردنی کورتیی زانیارییەکان لە مانشێتدا یەکناگرێتەوە. هەروەها لە ڕووی هێزەوە پێویستە کاری ڕستەکە (کاری بەهێز)بێت، چونکە (کاری بێهێز) مانشێتی بێهێز پێشکەش دەکات.[٥]

٩- بە شێوەیەکی گشتی پێویستە (ناو) یان (ناوەکان) بکەوێتە سەرەتا و (کار)یش لە کۆتایی ڕستەکە بێت، کە ئەرکی (بکەر ، کار)ی ڕستەکە دەبینن.[٦] واتە بە پێی ڕیزبەندی ئاسایی کەرستەکان ڕیزبکرێن.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی (نێرەر) چەند ئەگەرێکی ڕیزکردنی کەرستەکانی لەبەردەم دایە، بۆیە بە مەبەستی دەرخستن و زەقکردنەوەی کەرستەیەک کە هەڵگری سەرەکی مەبەستەکەیەتی، پەنا دەباتە بەر ڕیزبەندی (نائاسایی). ئەویش لە ڕێگەی گواستنەوە و جولاندنی یەکێ لە کەرستەکانی ڕستەکە، ئەم جۆرە ڕیزکردنەش لە ڕستەسازیدا دەکەوێتە چوارچێوەی ڕیزبەندی نائاسایی. هەروەها لە واتاسازیدا کە لەهەردوو لایەنی (سیمانتیک و پراگماتیک)دا تیشکی دەخرێتەسەر. لە سیمانتیکدا لە چوارچێوەی (بەلوتکەکردن، هێزخستنەسەر)، کە دەگەڕێتەوە بۆ (واتای بابەتی). هەروەها لە پراگماتیکدا کە بەپێی (ڕێزمانی ئەرکی) دەڕوانێتە ڕستە، لە چوارچێوەی (باس و خواس) و ئەرکەکانی تری پراگماتیکی شیدەکرێتەوە.[٧] کە لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە بە وردی تیشکیان دەخرێتە سەر.

---

[١] - نسيم الخوري، فنون الاعلام والطاقـة الاتصالية، ل٢٧٣.
[٢] - هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، یاسا و پرەنسیپەکانی زمانی نووسین لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ل١٢٣.
[٣] - بڕاوانە : انواع المقدمات الصحفية، www.al-raeed.net/training.
[٤] - کەوسەر عزیز ئەحمەد، پێکهاتە زمانییەکانی مانشێت لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.
[٥] - هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، یاسا و پرەنسیپەکانی زمانی نووسین لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ل١٢٣.
[٦] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[٧] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ١- مەحەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی . ٢- عەدولواحید موشیر دەزەیی، ڕێزمان و واتا

## ٢-٦- شێوازەکانی داڕشتنی مانشێت:

### ٢-٦-١- لە ڕووی ڕوخسارەوە:

مانشێتەکان لە ڕووی ڕووخسارەوە بە شێوە و قەبارە و ئەندازەی جیاواز و جۆراوجۆر دادەڕێژرێن. کە هەریەکە و گرنگی و تایبەتێتی خۆی هەیە، لە بەرچاوڕاگرتن و زەق نیشاندانی بابەتی هەواڵەکە و بایەخدانی وەرگر بە ناوەڕۆک و کرۆکی بابەتەکە، جگە لەمەش یارمەتیدەرە بەپێی ڕووبەری ڕۆژنامە یاخود کۆوارەکە لە جێکردنەوە و جیاکردنەوە و دانانی زۆرترین مانشێت، کە هەریەکە و بەپێی هەڵکەوتەی شوێنەکەی ئەرکی سەرەکی خۆی دەبینێت. بۆیە بۆ دیاریکردنی قەبارە و شوێن و شێوە ئەندازەییەکان لە دانانی مانشێتەکاندا وەک سەرجەم ئەرک و مەرجەکانی تر پێویستی بە ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند و خاوەن ئەزموون هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین زانیاری گرنگ و سەرنجڕاکێش دەربارەی ڕووداو د پێشهاتەکان بە شێوەیەکی دروست بخاتەڕوو، تا وەرگر بە چاوخشاندنێکی خێرا زۆرترین زانیاری بەرجەستە بکات. وەک:

#### ٢-٦-١-١- مانشێتی یەک دێری:

سەرجەم وشەکانی مانشێتەکە لە دێرێکی شێوە ڕاستە هێڵی دادەڕێژرێت.[١] واتە کەرستەکان لە تاکە ڕستەیەکی شێوە ئاسۆیی ریزدەکرێن. وەک:

١- لە خولی نایابی کوردستان بروسک ڕیزی پێشەوە بەرنادات (خەبات، ژ،٣١٢٧، ٢٤-٣-٢٠٠٩)

٢- پێگەی رۆژنامەنووسی کوردی لە کوێی زانستی رۆژنامەنووسیدایە؟

(کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٢، ٢٤-٤-٢٠٠٩)

٣- تەرفیعی فەرمانبەران دەکرێتە (٥)ساڵ (رۆژنامە، ژ، ٤٢٨، ١٧-٣-٢٠٠٩)

#### ٢-٦-١-٢- مانشێتی جووت دێری یەکسان:[٢]

لە دوو دێری یەکسان و تەواوکەری یەکتری دادەڕێژرێت، واتە هەردوو دێرەکە تەنیا یەک مانشێت پێکدەهێنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێ جار بەهۆی بەرتەنگی شوێنی نووسین لە ستوون یان لاپەڕەکە، هەروەها هەندێ جاریش مەبەست لێی دەرخستن و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە. وەک:

١- کورد بە دوودڵییەوە، بەژداریی هەڵمەتی

دووەمی مژدەکانی چاکە لە دیالە دەکات (رۆژنامە، ژ، ٤٦٣، ٧-٥-٢٠٠٩)

٢- مالیکی بە لیستێکی سەربەخۆ

---

[١] - بەختیار کەریمی، بەرەو رۆژنامەنووسی مۆدێرن، ل٨٤.

[٢]- سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو

بەشداریی هەڵبژاردن دەکــات (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٧٠، ٧-٩-٢٠٠٩)

٣- بەدەسـت هێنانی ٥ کـورسی خـوێندنی دکتۆرا لە زانکۆی کارۆلینسکای سویدی لە بواری پزیشکیدا (خەبات، ژ، ٣٢٠٩، ٢٦-٦-٢٠٠٩)

## ٢-٦-١-٣- مانشێتی فرەدێری یەکسان:

لەم شێوەیەدا بە پیتی بچووکتر لە مانشێتی سەرەکی، کە هەموو دێرەکانی بەشێوەیەکی یەکسان یەک لەدوای یەک ڕیزدەکرێن.[١] هەروەها جگە لەمانەی سەرەوە چەند شێوەیەکی ئەندازەیی تری هەن، کە بەنموونەی وێنەی شێوە ئەندازەیی دەیانخەینە ڕوو. وەک:

١- سەقامگیری ئەمنی هەرێمی
کــوردستــان گــەنجــانـــی
١٠ پـــارێـــزگـــای عـێراق
لـە هــەولـێر کـۆدەکـاتــەوە (خەبات، ژ،٤٨٧٢، ١٨-٥- ٢٠٠٩)

٢- ئەو خانەنشینانەی سێ
ساڵە پێناسیان بۆ کراوە،
مـووچـەیان پـێدەدرێـت (ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٣، ٤-٦-٢٠٠٩)

٣- کۆمـسـیـۆنی مافی مرۆڤ،
لــەدەسـتـەکـانـی ژینـگــە و
نـاوچـە نـاکـۆکەکان پێکدێت (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٢٨، ١٧-١١-٢٠٠٩)

[١]- بەختیار کەریمی، بەرەو ڕۆژنامەنووسی مۆدێرن، ل٨٤.

**٢-٦-١-٤- (مانشێتی شێوەپیپلیکانەیی "پەیژەیی":**

* * * * * * * *

* * * * * * * *

* * * * * * * *

**٢-٦-١-٥- مانشێتی شێوەهەڕەمی:**

* *

* * * *

* * * * * *

**٢-٦-١-٦- مانشێتی شێوەهەڕەمی هەڵگەڕاوە "سەراوژێر":**

* * * * * *

* * * *

* *

**٢-٦-١-٧- مانشێتی شێوەنایەکسانی بەرامبەری:**

* * * * * * * * * * * *

* * * * * *

* * * * * * * * * * * * )[١]

**٢-٦-١-٨- مانشێتی شێوەهەڕەمی بەرەو لای ڕاست:**

* * *

* * * * *

* * * * * * *

[١] - نبيل حداد، في الكتابة الصحفية، ل٧٨.

٢-٦-١-٩- مانشێتی شێوەهەڕەمی بەرەو لای چەپ:

* * *

* * * * *

* * * * * * *

٢-٦-١-١٠- (مانشێتی شێوەهەڕەمی هەڵگەڕاوە "سەراوژێر" بەرەو لای ڕاست:

* * * * * * *

* * * * *

* * *

٢-٦-١-١١- مانشێتی شێوەهەڕەمی هەڵگەڕاوە "سەراوژێر" بەرەو لای چەپ:

* * * * * * *

* * * * *

* * *

٢-٦-١-١٢- مانشێتی شێوەنایەکسان بەرەو لای ڕاست:

* * * * * * * * * * *

* * * * * *

* * * * * * * * * * *

٢-٦-١-١٣- مانشێتی شێوەنایەکسان بەرەو لای چەپ:

* * * * * * * * * * *

* * * * * *

* * * * * * * * * * *

### ٢-٦-١-١٤- مانشێتی شێوەنایەکسان و چڕکراوە:

* * * * * * * *

* * * *

* * * * * * * * * * * * )[1]

سەبارەت بە هەردوو مانشێتی (شێوەهەڕەمی و شێگوشەیی) بەهۆی ئەوەی لە ڕووی ڕووخسارەوە دوو شێوەی نزیکن لە یەکترەوە، زۆرجاران جۆرە تێکەڵییەک لە نێوانیان بەدی دەکرێت، بۆیە پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت دوو شێوە ئەندازەی لە یەکتر جیان.

مانشێتی (سێگۆشەیی)، لە شێوەی سێگۆشەیەکی تەواو دەردەکەوێت، واتە ڕستەکە سەرەتا بەیەک وشە دەست پێدەکات.[2] وەک لەم وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

*

* *

* * *

* * * *

هەروەها جگە لەم شێوە ئەندازەییانەی کە ئاماژەمان پێدا، لە یەکێ لە مانشێتەکانی (ڕۆژنامەی ڕۆژنامە) شێوە ئەندازەیەکی تری ناوێزە بەکارهاتووە، وەک لەم وێنەیەی خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

* * * * * * * * * * * *   * * * * * * * * * * * * *

* * * * * * * * * * *   * * * * * * * * * * * *

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *[3]

بە سەرنجدان لەم شێوە ئەندازەییانەی خستمانەڕوو، ئەگەرچی هەندێجار بەهۆی بەرتەنگی شوێنەوەیە، بەڵام مەبەستی سەرەکی ڕازاوەیی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیە بە زانیارییە گرنگ و جۆراوجۆرەکان، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و زیاتر تیشک خستنەر مانشێتەکە.

---

[1] - کارزان محەمەد، هونەری مانشێت، ل٨٧.

[2] - حسین قندی، روزنامەنگاری تخصص، ل٦٥.

[3] - نموونەی مانشێتەکە، کە لە "ژمارە (٣٩٩)ی بەرواری ٤-٢-٢٠٠٩" بەکارهاتووە، بەم شێوەیە داڕێژراوە:

کێشەی چوار حیزبەکە لەسەر بودجە نییە    سێ وەزیری هەرێم وەڵامی سەرۆکی حکومەت دەدەنەوە

حکومەت لە چوار حیزبەکە دێتە دەنگ

کەواتە قەبارە و شوێن و شێوەی مانشێتەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە خستنەڕووی زانیارییەکان و ورووژاندنی وەرگر بە ئاراستەی ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵییەکان.

لەم بارەوە لە ڕووی ڕووخسارەوە مانشێتە وەرگیراوەکانی هەر سێ ڕۆژنامەکە: ، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە) لە ماوەی ساڵی(٢٠٠٩)دا بە بەراورد لەگەڵ مانشێتەکانی ناوەڕاستدا، مانشێتە سەرەکییەکان بە ئەندازەی جۆراوجۆر داڕێژراون، هەروەها لە ڕووی قەبارە و ڕەنگ و شوێن، گرنگی زیاتریان پێدراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لاپەڕەی یەکەم بەهۆی ئەوەی ڕووخساری بەرچاوی ڕۆژنامەیە و مانشێتەکانی هەواڵە گرنگ و تازەکانی تێدا خراوەتەڕوو و هۆکارێکیشە بۆ ناساندنی جۆری ڕۆژنامەکە، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسییە، یان وەرزشییە، یان زانستییە......هتد. هەروەها بیر و ڕوانگە و ئاراستەکەشی دەخاتەڕوو.

## ٢-٦-٢- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

شێواز و فاکتەرە جیاجیاکی ڕووداوەکان، هۆکاری سەرەکین لە هەمەجۆری ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵییەکان. لەم بارەشدا هەروەک چۆن جیاوازی ڕووداوەکان بەندە بە جیاوازی ناوەڕۆکەوە، بە هەمان شێوە هەر ناوەڕۆکێکیش جۆرە مانشێتێک دەخوازێت.

واتە جۆراوجۆری ڕووداوەکان بەندە بە جۆراوجۆری هۆکار و چۆنیەتی ڕووداوەکان. هەروەها ڕۆژنامەکەش لە هەواڵی لێکچوو بەدوور دەکات و بە مانشێتی جۆراوجۆر دەیڕازێنێتەوە.[1] کە هەر جۆرێکیش گرنگی و تایبەتێتی خۆی هەیە، لە گواستنەوە و گەیاندنی بابەتی هەواڵەکە بەشێوەیەکی تەندروست و دانانی کاریگەری پێویست دەرهەق بە وەرگر. وەک لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

## ٢-٦-٢-١- مانشێتی هەواڵی:

یەکێکە لەو مانشێتانەی دەتواندرێت، بگوترێت باوترین جۆری مانشێتە، کە ڕاستەوخۆ گوزارشتە لە ڕاستی و گەیاندنی بابەتی هەواڵەکە بەشێوەیەکی ڕوون و کورت و پوخت. هەروەها بەلایەنی کەمەوە هەڵگری وەڵامی هەندێ لە پرسیارە سەرەکییەکانی وەک: "کێ؟، چی؟، کەی؟، لەکوێ؟، بۆچی؟، چۆن؟"ە، کە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن وەرگرەوە سەرچاوە دەگرێت.[2] هەرچەندە لەبارێکی واشدا، واتە لە یەک مانشێتدا ناتواندرێت وەڵامی هەر شەش پرسیارەکە باربکرێت، بەڵکو بەپێی شێوازی بابەتی هەواڵەکە لەم چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە. وەک:

١- لەمڕۆوە هەرێم ڕۆژانە (١٠٠)هەزار بەرمیل نەوت هەنارده دەکات

(کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨٥، ١-٦-٢٠٠٩)

کەی؟: لەمڕۆوە

کێ ؟: هەرێم

چەند؟: ١٠٠ هەزار بەرمیل

چی؟: نەوت

---

[1] - کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، ل٢٩.

[2]- عبدالعزیز شرف، الاسالیب الفنیة فی التحریر الصحفی، دار قباء، القاهرة - ٢٠٠٠، ل١٥٣

٢- له ساڵی ڕابردوو ٣٥٧تەن کەلوپەل و خۆراکی بەسەرچوو له هەولێر سوتێنراوه (خەبات، ژ،٣٠٦٩، ١٣-١-٢٠٠٩)

کەی؟: له ساڵی ڕابردوو

چەند؟: ٣٥٧ تەن

چی؟: کەلوپەل و خۆراکی بەسەرچوو

له کوێ؟: له هەولێر

٣- ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەڵبژاردن دیاریدەکات

(ڕۆژنامه، ژ، ٤٦١، ٥-٥-٢٠٠٩)

کەی؟: ئەمڕۆ

کێ؟: سەرۆکی هەرێم

چی؟: ڕۆژی هەڵبژاردن

لێرەدا دەردەکەوێت گرنگیدان بە دەرخستن و زەقکردنەوەی تەوەرەی سەرەکی باسەکە بەندە بە بە وەڵامی شەش پرسیارەکە، کە مەبەست لێی دەرخستنی "ڕووداو، کەس، کات، شوێن، هۆکار، چۆنیەتی ڕوودان"،[1] کە دەبنە هەوێنی ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە. کەواتە مانشێتی هەواڵی لە ڕووی دەرخستنی تەوەرەی سەرەکی بابەتی هەواڵەکە دابەشی سەر چەند جۆرێک دەبێت. وەک: (دەرخستنی: ڕووداو، ڕەگەزی مرۆیی، کاتی ڕووداو، شوێنی ڕووداو، هۆکاری ڕووداو، چۆنیەتی ڕووداو، ژمارە و ڕێژە).[2] بەپێی ئەم دەرخستەیە ئەگەر سەرنج بدەین، بەهۆی ئەوەی دەرخستنی "ژمارە و ڕێژە" بە دەرە لە وەڵامی شەش پرسیارەکە بۆیە جێناوی پرسیاری "چەند؟"یش دێتە ئاراوە. کەواتە دەتوانین بڵێین دەرخستنەکان وەڵامی پرسیاری "چەند؟"یش دەدەنەوە. هەر وەک لە خوارەوە ئاماژە بە سەرجەمیان دەکەین. وەک:

### ١- دەرخستنی ڕووداو:

وێنا کردن و خستنەڕووی ڕووداوەکەیە وەک خۆی، کە وەڵامی پرسیاری "چی" دەداتەوە. وەک:

١- وتارەکانی هەینی، پێویستیان بە گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە (ڕۆژنامە، ژ، ٤١٣، ٢٤-٢-٢٠٠٩)

٢- هاتوچۆکردنی گەشتیاران دەستیپێکردەوە (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠١٦، ٣-١١-٢٠٠٩)

---

[1] - عبدالعزيز شرف، الاساليب الفنية فى التحرير الصحفى، ل١٥٣.

[2] - منير ابو راس، فن التحرير الصحفى، مطبعة دارالارقم، ط١، غزه- ٢٠١٧، ل٢٧.

٣- پێشانگای پەخشنامەی قوتابخانەکان لە هۆڵی قوتابخانەکان بەڕێوەچوو(خەبات، ژ،٣١٤٢، ٩-٤-٢٠٠٩)

لەم مانشێتانەدا جگە لە وێناکردن و خستنەڕووی ڕووداوەکە وەک خۆی، هەروەها وەڵامی پرسیاری (چی) دەداتەوە. وەک لە نموونەی یەکەمدا "وتارەکانی هەینی" وەڵامی پرسیاری "چی پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە"، دەداتەوە. هەروەها لە ڕستەی دووەمدا، "هاتوچۆکردن" وەڵامی پرسیاری "چی گەشتیاران دەستپێکردەوە"دەداتەوە" و لە ڕستەی سێیەمدا " پێشانگای پەخشنامە"، وەڵامی پرسیاری "چی لە هۆڵی قوتابخانەکان بەڕێوەچوو"، دەداتەوە. کەواتە لە داڕشتنی ئەم جۆرە مانشێتەدا کەرستەی سنگی ڕستەکە هەڵگری وەڵامی پرسیاری "چی" دەبێت.

## ٢- دەرخستنی ڕەگەزی مرۆیی:

لەم جۆرەیاندا هەواڵەکە لە بارەی یان دەربارەی ناوی کەسێکەوە چرکراوەتەوە، وەڵامی پرسیاری "کێ" لە خۆدەگرێت. وەک:

١- میسی و رائوول و کریستیانۆ لەنێوان دیارترین ٥٠ کەسایەتی کاریگەر لە ئیسپانیا (خەبات، ژ،٣٢٧٣، ١٠-٩-٢٠٠٩)

٢- دیڤیز ناتوانێت بەشداری مۆندیال بکات (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٠١، ١٨-١٠-٢٠٠٩)

٣- مالیکی داوای هەڵوەشاندنەوەی دەستووری هەرێم دەکات (ڕۆژنامە، ژ،٥٠٦ ، ٧-٧-٢٠٠٩)

لەم نموونانەدا، وەک دەردەکەوێت، مەبەست دەرخستنی ڕەگەزی مرۆییە، کە لە نموونەی یەکەمدا، "میسی و رائوول و کریستیانۆ" و لە نموونەی دووەمدا، "دیڤیز"، لە نموونەی سێیەمدا "مالیکی" دەرخراوە. بۆیە وەڵامی پرسیاری "کێ" لەخۆدەگرن.

## ٣- دەرخستنی کات:

"کات" هەڵگری ڕوونترین زانیارییە و بەشێوەیەکی سەرەکی و زەق دەخرێتە ڕوو، بۆ وەڵامی پرسیاری "کەی". وەک:

١- ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری دەکات (ڕۆژنامە، ژ، ٤٦١، ٥-٥-٢٠٠٩)

٢- سبەینێ یارییەکانی هەفتەی چوارەم بەڕێوە دەچن (کوردستانی نوێ ،ژ، ٥٠١٠، ٢٨-١٠-٢٠٠٩)

٣- ڕۆژی ١/٢٨وەک ڕۆژی نیشتمانی کوتان دادەنرێ ( خەبات، ژ، ٣٠٦٤، ٣٠-١-٢٠٠٩)

لە هەرسێ نموونەکەدا کاتەکانی "ئەمڕۆ" لە نموونەی یەکەمدا، "سبەینێ" لە نموونەی دووەمدا، لە نموونەی سێیەمدا "١/٢٨" وەڵامی پرسیاری "کەی" دەدەنەوە. کە هەڵگری دیارترین زانیاری نێو دەربڕینەکەن.

## ٤- دەرخستنی شوێن:

"شوێن" گرنگترین و دیارترین زانیاری نێو هەواڵەکەیە، وەڵامی پرسیاری "کوێ" دەداتەوە. وەک:

١- سەرای سلێمانی بە ٨٠٠ ملیۆن دینار بە مێژوویی دەکرێتەوە (رۆژنامە، ژ،٤٦٩، ٢٠٠٩-٥-١٧

٢- لە هەولێر خۆلی سنی سنیانێ درێژەی هەیە (خەبات، ژ، ٣٢٦٧، ٣-٩-٢٠٠٩)

٣- بالیسان، گوندی دوێنی و ناحیە ئاوەدانەکەی ئەمڕۆ (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٤٦، ١٦-٤-٢٠٠٩)

لەم سێ نموونەیەدا "سەرای ئازادی، هەولێر، بالیسان" کە وەڵامی پرسیاری "کوێ" دەدەنەوە، گرنگترین زانیارییەکانی نێو دەربڕینەکە لەخۆدەگرن.

## ٥- دەرخستنی هۆکاری ڕووداو:

هۆکاری ڕووداوەکە وەک تەوەرەی سەرەکی دەخرێتە ڕوو، وەڵامی پرسیاری "بۆچی" دەداتەوە. وەک:

١- بەهۆی هاوردەکردنی سەوزە و میوەی ئێرانی جووتیارانی کوردستان تووشی زەرەری ماڵی بوون (خەبات، ژ، ٣٢٤٥، ٩-٨-٢٠٠٩)

٢- بەهۆی چارەسەری گیاییەوە، چەند منداڵێک گیانیان لەدەستداوە (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٤، ٣-١-٢٠٠٩)

٣- بەهۆی بێهەڵوێستیی حکومەتەوە، لە کوردستان سێ ڕۆژ خوێندن ڕادەگیرێت (ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٩، ٢٩-٩-٢٠٠٩)

لەم نموونانەدا، هۆکاری دەرخستنی ڕووداوەکە کە لە "هاوردەکردنی سەوزە و میوەی ئێرانی، چارەسەری گیایی، بێهەڵوێستی حکومەت" پێکدێت، گرنگترین زانیاری نێو دەربڕینەکەن. هەروەها هەر یەکێ لەمانە وەڵامی پرسیاری "بۆچی" دەدەنەوە.

## ٦- دەرخستنی چۆنیەتی ڕووداو:

ڕوونکردنەوەی پێویست لەبارەی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە بەشێوەیەکی زەق دەخرێتە ڕوو، کە وەڵامی پرسیاری "چۆن"ە. وەک:

١- گرفتی ناوەندەکانی خوێندن قوتابیان هەراسان دەکات (خەبات، ژ، ٣١٣٤، ١-٤-٢٠٠٩)

٢- لەسەر داوای هاوڵاتیانی ئێرانی هاتووچۆ دەستپێکردەوە (کوردستانی نوێ، ژ،٥٠١٦، ٣-١١-٢٠٠٩)

٣- بەلیستی سەربەخۆ گەنجان، بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەن (رۆژنامە ٤٢٤، ١١-٣-٢٠٠٩)

لەم نموونانەدا دەربڕینەکانی "گرفتی ناوەندەکانی خوێندن"، لەسەر داوای هاوڵاتیانی ئێرانی بەلیستی سەربەخۆ"، چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەردەخات. واتە هەڵگری گرنگترین زانیاری دەرخراوی دەبڕینەکەن. هەروەها وەڵامی پرسیاری"چۆن" دەدەنەوە.

## ٧- دەرخستنی ژمارە و ڕێژە:

وەک لایەنی گرنگی هەواڵەکە بە زۆری لە سەرەتای مانشێتەکە "ژمارە" یاخود "ڕێژە"کە دەخرێتەڕوو. هەڵگری وەڵامی پرسیاری "چەند"ە. وەک:

١- ٤پەرلەمانتاری نوێ سوێندی یاساییان خوارد و وەزیری کارەباش دەستنیشانکرا (خەبات، ژ،٣٣٣٦، ١-١٢-٢٠٠٩)

٢- (٦٠%)ی بودجەی کەرکوک گەڕێندرایەوە بۆ بەغدا (رۆژنامە، ژ،٤٠٥، ١٢-٢-٢٠٠٩)

٣- ٢٤ گوندی کوردستان ڕووناکدەکرێنەوە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٨،٣٠-٤-٢٠٠٩)

لە هەرسێ نموونەکە بە مەبەستی دەرخستنیان ژمارە و ڕێژە "٤،٦٠%، ٢٤" لە سەرەتادا هاتووە. کە هەرسێکیان وەڵامی پرسیاری(چەند) دەدەنەوە.

لێرەدا دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی ئەرکی سەرەکی مانشێتەکان گەیاندنی زانیارییە بە وەرگر، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی مانشێتی(هەواڵی) لە هەموو جۆرەکانی تری مانشێت زیاتر بەکاردێت.

کەواتە لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕستەییەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی زۆرترین مانشێت لەسەر بنەمای ڕستەی(هەواڵدان) دادەڕێژرێت.

## ٢-٦-٢-٢- مانشێتی پرسیاری:

مانشێتەکە بە شێوەی ڕستەی پرسیاری دادەڕێژرێت، هەر چەندە ئەم جۆرەی مانشێت لەلایەن شارەزایانی بواری ڕۆژنامەوانی بە پەسند داناندرێت، چونکە لە ڕووی خسارەوە وەک ئەوە وایە زانیاری لە وەرگر وەربگرێت، نەک ببەخشێت. بۆیە لە ڕووی زمانییەوە دەبێت بە شێوەیەک دابڕێژرێت، هاندەر و وروووژێنەر بێت، وەرگر بە مەبەستی گەڕان بە دوای وەڵامەکە بەرەو درێژە و ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵەکە کێش بکات. هەروەها مانشێتی پرسیاری لە سێ جۆری سەرەکییدا چڕدەکرێتەوە. وەك: (مانشێتی پرسیاری: وروووژێنەر، ئاگایی، بۆنەیی).[١] کە هەریەکە و مەبەست و ویستێکی دیاریکراوی هەیە، لە ڕوونکردنەوە و گەیاندنی زانیارییەکاندا و دانانی کاریگەری پێویست بەسەر (وەرگر)ەوە. هەروەها ئەم جۆرە مانشێتە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە شێوەیەکی گشی لەسەر بنەمای ڕەخنەیی دادەڕێژرێت.

### ١- مانشێتی پرسیاری وروووژێنەر:

لەم جۆرە مانشێتەدا بە سوودوەرگرتن لە باس و بابەتە هەستیارەکانی وەک: ئایینی، نەتەوەیی، نیشتمانی ....هتد. بە مەبەستی خێرا بزواندن و وروووژاندنی خوێنەر دادەڕێژرێت. وەک:

١- گرانبوونی بەنزین لە ئەستۆی کێ دایە؟ (خەبات، ژ، ٣٢٥٧، ٢٣-٨-٢٠٠٩)

٢- کێشەکانی هەولێر و بەغدا دەخرێتە دوای هەڵبژاردن؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٦، ٧-٧-٢٠٠٩)

٣- بانگەشەی هەڵبژاردن یان گەڕانەوەی دیکتاتۆری؟ (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨٢، ٢٩-٥-٢٠٠٩)

لەم نموونانەدا مەبەست لێی وروووژاندنی وەرگرە سەبارەت بە "گرانبوونی بەنزین، کێشەکانی هەولێر و بەغدا، گەڕانەوەی دیکتاتۆری" کە دوو گرفتی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە وەرگر، بۆ ئەوەی ڕەخنە و کاردانەوەی خێرا دروست بکات.

### ٢- مانشێتی پرسیاری ئاگایی:

شێوە داڕشتنەکەی مانشێتی ئاگایی، لەسەر بنەمای ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوە، یاخود هۆشداریدان بە وەرگر بەشێوەیەکی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی بێت، دادەڕێژرێت. وەک:

١- بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان هەڵناوەشێنرێتەوە؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٣٩٤، ٢٨-١-٢٠٠٩)

٢- کاتی ئەوە نەهاتووە کاروباری فەرمانگەکان بە کۆمپیوتەر ڕاپەڕێنین؟ (خەبات، ژ، ٣١٨٥، ٢٩-٦-٢٠٠٩)

---

[١] - منير ابو راس، فن التحرير الصحفي، ل٢٧.

٣- پارێزگاری سلێمانی، خەتای میدیا نییە؟ (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٤٨ ،١٥-١٢-٢٠٠٩)

لەم نموونە ڕەخنەئامێزانەدا، وەک دەردەکەوێت، کەلە نموونەی یەکەمدا، لە ڕێگەی ئامرازی پرسیاری(بۆ)، لە نموونەی دووەم و سێیەمدا، لە ڕێگەی نیشانەی پرسیاری(؟)، ئاگایی دەداتە وەرگر سەبارەت بە هەڵنەوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و کارکردنی فەرمانگەکان بە کۆمپیوتەر و خەتای میدیا.

## ٣- مانشێتی پرسیاری بۆنەیی:

بە مەبەستی بیرهێنانەوە و یادکردنەوەی بۆنەکان دادەڕێژرێت، یاخود بە شێوەی ڕەخنەئامێز یادێک یا بۆنەیەک دەکرێتە دەمامک. هەروەها هەندێجاریش ئەم بۆنەیە وەک هەوێنێک بۆ داواکاریەک، یاخود چارەسەریی بۆ کێشە و ئاریشەک دروشم ئاسا دەخرێتەڕوو. وەک:

١- یادکردنەوەی هاتنی ساڵی نوێ لە قەزای خەبات دا..بۆچی؟ (خەبات، ژ،٣٠٦٢، ١٥-١-٢٠٠٩)

٢- لە سەری ساڵدا کەناڵە ئاسمانییەکان، چیمان بۆ پەخشدەکەن؟ (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦١، ٣٠-١٢-٢٠٠٩)

٣- ٢٠٠٩ کۆتایی بە کێشەکانی هەرێم و بەغدا دەهێنێت؟ (ڕۆژنامە، ژ،٣٧٦، ٤-١-٢٠٠٩)

مەبەست لە نموونەی یەکەمدا، یادکردنەوەی ساڵی نوێیە و بەشێوەیەکی ڕەخنەئامێز لە شوێنی یادکردنەوەکە، لە نموونەی دووەمدا، مەبەست لە پەخشکردنی بەرنامەی کەناڵەکانە، هەروەها لە نموونەی سێیەمدا، مەبەست لە بیرهێنانەوەی هاتنی ساڵی نوێیە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان "هەرێم و بەغدا".

بەسەرنجدان لە هەرسێ جۆرەکەی مانشێتی پرسیاری دەردەکەوێت، کە بە شێوەیەکی گشتی بە مەبەستی کاردانەوە و هەڵوێست دەربڕین لەسەر بنەمای ڕەخنەیی دادەڕێژرێت.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی مانشێتی پرسیاری هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە، کە لاوازترین جۆری مانشێتە. کەچی لەکۆی مانشێتە وەرگیراوەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکە (٤١) مانشێتی پرسیاری هەیە. کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زیاتر لەسەر بنەمای ڕەخنەیی داڕێژراون. ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەخنەکان لە چوارچێوەیەکی تانەمێزدا ئاراستە بکرێن بۆ ئەوەی شێوە ڕووخسارییە پرسیارییەکەی لە بیر وەرگر بباتەوە، کە خۆی لە وەرگرتنی زانیاری دەبینێتەوە. وەک لەم پۆلێنکردنە دەردەکەوێت:

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (١٤) مانشێتی پرسیاری، (١٠) مانشێتی ڕەخنەییە.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (١٣) مانشێتی پرسیاری، (١١) مانشێتی ڕەخنەییە.

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە (١٤) مانشێتی پرسیاری، (١٣) مانشێتی ڕەخنەییە.

کەواتە لە داڕشتەی مانشێتی (پرسیاری) ڕەخنەییدا ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی ) بە پلەی سێیەم دێت.

### ٢-٦-٢-٣- مانشێتی بەراوردی:

بەراورد و دەرخستنی جیاوازی نێوان دوو بۆچوون، یان دوو حاڵەتی پێچەوانەی یەکتر و (دروستکردنی پەیوەندییەک، یان بەستنەوەی هەردوو حاڵەتەکەیە بەیەکەوە لە نێوان ئەو هەلومەرجەی هاتۆتە ئاراوە و دەرخستنی ئەو ڕاستییانەی ڕوویانداوە).[1] واتە ئەم جۆرە مانشێتە لەسەر بنەمای گونجاندنی دوو بۆچوون، یان دوو حاڵەتی جیاواز و پێچەوانە دادەڕێژرێت. وەک:

١- جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق بەدیدەکەم (خەبات، ژ، ٣١٨٥، ٢٩-٥-٢٠٠٩)

٢- ئەوانەی بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکەن، هیچ قازانجێک بە لیستەکە ناگەیەنن (ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٤، ٧-٦-٢٠٠٩)

٣- داهاتی مانگانەی تاکەکەس لەهەرێم (٦٠)هەزاردینار زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٧،١١-٥-٢٠٠٩)

لەم نموونانەدا وەک دیارە، کە لە نموونەی یەکەمدا، دەرخستنی بەراورد و جیاوازی نێوان "هەرێم و بەشەکانی تری عێراق"ە. لە نموونەی دووەمدا، مەبەست لە دەرخستنی بەراورد و جیاوازی سود و زیانی بانگەشەکارانی لیستەکە و خودی لیستەکە،هەروەها لە نموونەی سێیەمدا، مەبەست دەرخستنی جیاوازی داهاتی مانگانەی تاکەکانی هەرێم و ئێراقە.

### ٢-٦-٢-٤- مانشێتی لێوەرگرتن:

مانشێتی لێوەرگرتن یەکێکە لەو مانشێتانەی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە جۆرەکانی تری مانشێت بەکاردێت. کە پەیوەستە بە (وەرگرتنی ووتەیەک لە ووتارێک یان لێدوانێک، یان چەند وشەیەکی کەسانی خاوەن بڕیار، یان لایەنە گشتییەکان، یان تایبەتییەکان، کە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری زانیاری گرنگ بن).[2] کە دەبێت بە شێوەیەکی ڕوون و بێ دەستکاری بخرێتە ڕوو، لێوەرگرتنیش چەند جۆرێکی هەیە. وەک:

#### ١- لێوەرگرتنی ڕاستەوخۆ:

لەم جۆرە لێوەرگرتنەدا دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ، جگە لە (دانانەوەی دەستەواژە وەرگیراوەکە وەک خۆی، هەروەها ئاماژەدان بە ناوی"گۆتیار" و دانانی دوو خاڵی بەسەرەوەیەک (:) لە دوای ناوی "گۆتیار")[3] وەک مەرجێ دەبێت پەیڕەوی لێبکرێت.

---

[1] - عەبدولخالق ئیبراهیم – ئەرسەلان ڕەحمان، کارامەییەکانی نووسین لە ڕۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٠، ل٥٢.

[2] - بەدران عەبدوڵڵا، هونەرەکانی هەواڵ لە ئاژانسەکانی هەواڵدا، ل٧٥.

[3] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

١- ڕێکخراوی فریدم هاوس: له هەرێمی کوردستان پارێزگارییەکی یاسایی زۆر بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦، ٣-٥-٢٠٠٩)

٢- کۆمسیۆن: لیست و گروپی جیا دەتوانن بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمان بکەن (ڕۆژنامە، ژ، ٤٣٦، ٣١-٣-٢٠٠٩)

٣- پەرلەمانتارێک: ئەگەری شکستهێنانی پرۆسەی سیاسی ئێراق لە ئارادایە (خەبات، ژ، ٣٣١٧، ٤-١١-٢٠٠٩)

لە نموونەکاندا، وەک دیارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێدوانەکان بە ئاماژەکردن بە سەرچاوەکانیان و دانانی دوو خاڵی(:) بەسەریەکەوە، بێ هیچ دەستکارییەک وەرگیراون. واتە زانیارییەکان ڕاستەوخۆ لەسەر زاری گۆتیارەکان گواستراوەتەوە.

## ٢- لێوەرگرتنی ناڕاستەوخۆ:

به ئاماژەدان بە ناوی گۆتیار چەند وشەیەک لە ووتارەکە، یان لێدوانەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەردەگیرێت، کە پێویست بە دانانی دوو خاڵی بەسەرەوەیەک (:) لەدوای ناوی گۆتیار ناکات.[1] چونکە ووتەکە، یان لێدوانەکە ڕاستەوخۆ لە گۆتیار وەرنەگیراوە. بەڵکو گۆتیار تەنیا سەرچاوەی زانیارییەکانە. وەک:

١- بێکهام ڕەتیدەکاتەوە بچێتە چێڵسی ئەگەر ئەنتشیلۆتیش ببێتە ڕاهێنەر (خەبات، ژ، ٣١٨٨، ٢-٦-٢٠٠٩)

٢- سەرۆک کۆمار تەئکیدی لە گرنگیی فراونکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوروپا لە گشت بوارەکاندا کردەوە (کوردستانی نوێ ، ژ، ٤٨٩٩، ١٧-٦-٢٠٠٩)

٣- هاوپەیمانی داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی عێراق دەکات (ڕۆژنامە، ژ، ٤٠٢، ٩-٢-٢٠٠٩)

لێوەرگرتنەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەرگیراون، چونکە ووتەکان دەقاودەق ووتەی کەسە ئاماژە بۆکراوەکان نییە و بەڵکو تەنیا سەرچاوەی زانیارییەکەن، لەم بارەشدا پێویست بە دانانی دوو خاڵی(:) بەسەریەکەوە ناکات.

## ٣- لێوەرگرتنی هاوپێچ بە ناونیشانێک:

به شێوەیەکی گشتی بە ناونیشانێکی تری لاوەکی پەیوەندار لێوەرگرتنەکە هاوپێچ دەکرێت بە وتە، یان لێدوانە وەرگیراوەکە.[2] واتە ناونیشانە لاوەکییەکە دەبێتە دەروازەیەک بۆ وەرگرتنەکە. وەک:

١- لە وەڵامی یاداشتنامەیەکی لیستی برایەتی نەینەوا

---

[1] - منير ابو راس، فن التحرير الصحفي، ل٢٨.
[2] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو

سەرۆک کۆمار: پێشێلکردنی پرەنسیپی تەوافوق لەلایەن لیستی حەدباوە، هەڵەیەکی مەترسیدارە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٠، ٣-٥-٢٠٠٩)

٢- ئەمڕۆ پەرلەمان چوارساڵ کارکردنەکەی تەواو دەبێت

ئەندامێکی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمان: درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمان پێچەوانەی یاسایە، چونکە خەڵک بۆ چوارساڵ هەڵیانبژاردووە (رۆژنامە، ژ ، ٤٨٣، ٤-٦-٢٠٠٩)

٣- گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان دواخرا

سەرۆکی پەرلەمان: هەفتەی دادێ مەراسیمی یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتەکە بەڕێوەدەچێت (خەبات، ژ، ٣١٣٤، ١-٤-٢٠٠٩)

لەهەر یەکێک لەم نموونانەدا کورتە ڕستەکانی سەر مانشێتە سەرەکییەکە هاوپێچ کراون، وەک دەروازەیەک بۆ زانیارییەکانی تری پەیوەست بە ڕووداوەکە. کە وەک ناونیشانێکی تری لاوەکی دەرکەوتوون.

### ٢-٦-٢-٥- مانشێتی وەسفی:

ئەو مانشێتەیە کە گوازرشت کردنە لە خستنەڕووی هەواڵەکە، بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی کاریگەر و ورووژێنەر بۆ هاندان و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر لەڕێگەی وەسفەوە بەشێک لە لایەنە گرنگەکانی هەواڵەکە، یان بەشێک لەواقیعە گرنگەکانی پەیوەست بە هەواڵەکە دەخاتەڕوو.[1] واتە لەڕێگەی وەسفەوە وێنەیەکی هەواڵەکە لە بیری وەرگردا بەرجەستە دەکات. وەک:

١- ١ی ئایار وەک سیمبولێک بۆ خەبات و قوربانیدانی چینی کرێکار (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٩، ١-٥-٢٠٠٩)

٢- هەرێمی کوردستان لە وڵاتێکی وێرانەوە بۆ وڵاتێکی ئاوەدان (خەبات، ژ، ٣١٨٦، ٣١-٥-٢٠٠٩)

٣- ئەم هەڵبژاردنە سەلماندی، جەماوەر موڵکی هیچ لایەن و کەسێک نیە (رۆژنامە، ژ،٥٢٣، ٢-٨-٢٠٠٩))

لە نموونەی یەکەمدا بە مەبەستی ورووژاندن و کارتێکردن لە چینی کرێکار هەروەک"١ی ئایار" کە وەک "سیمبولێک بۆ خەبات و قوربانیدانی کرێکار" وەسف دەکات. هەروەها لە نموونەی دووەمدا بە مەبەستی ورووژاندن و جوان نیشاندانی "هەرێمی کوردستان" بە گەڕانەوە بۆ دواوە وڵات لە وێرانەوە بە ئاوەدان وەسف دەکات. لە نموونەی سێیەمیشدا "جەماوەر" بە سەربەخۆ و ئازاد وەسف دەکات.

---

[1]- عبدالجواد سعيد محمد ربيع، فن الخبر الصحفي، ل١٤٨.

### ٢-٦-٢-٦- مانشێتی خوازەیی"مەجازی":

خوازە یاخود مەجاز: گۆڕینی واتای وشە یان دەستەواژەیە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر.[١] ئەم جۆرە مانشێتەش بەو وشە و دەستەواژانە دادەڕێژرێت کە هەڵگری واتای خوازەیین. واتە بەکارهێنانی وشەیەک، یان دەستە واژەیەک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و ئاراستەکراو بۆ بێجگەی واتا فەرهەنگییە ڕەسەنەکەی.[٢] بۆ دەربڕینێکی جوان و کاریگەر و دروستکردنی وێنەیەکی خەیاڵئامێز لە ڕووداوێکی واقیعی و بەرجەستە. وەک:

١- لانکەی کشتوکاڵ لە هەرەسدایە (رۆژنامە، ژ، ٣٨٤، ١٤-١-٢٠٠٩)

٢- کەسانێک هەن، کاسە پڕیش بێت هەر بە بەتاڵی دەیبینن ! (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٦٢٢، ١٥-٧-٢٠٠٩)

٣- لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان ... بەشێک لە بازرگانان ویژدانیان دادەبەزێ (خەبات، ژ، ٣٢٥٨، ٢٤-٨-٢٠٠٩)

لەم دەربڕینانەدا هەر یەکە و واتایەکی تری هەیە، لە پاڵ واتا و مەبەستی دەربڕاو، لە نموونەی یەکەمدا وەک لە درێژەی ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵییەکە دەردەکەوێت لە پاڵ واتا خوازەییەکە مەبەست لە کوردستانە، کە بە یەکەم لانکەی کشتوکاڵ دادەندرێت. هەروەها لە نموونەی دووەمدا کە ڕەهەندێکی ڕەخنەیی هەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەسانێک هەن، هەرچەندی کار و خزمەتی زۆریش بکرێت هەر وای دەبینن، کە هیچ شتێک نەکراوە. لە نموونەی سێیەمدا مەبەست لە گرانکردن و قۆرخکردنی بازاڕە لە لایەن بەشێک لە بازرگانانەوە.

### ٢-٦-٢-٧- مانشێتی سەیروسەمەرە:

دەکرێت، بگوترێت لە سەرجەم جۆرەکانی تری مانشێت تیشکی دەخرێتەسەر، چونکە ئەوهەواڵ و ڕووداوانە دەگرێتە خۆ کە ڕەهەندێکی سەیروسەمەرە و ناوێزەیان هەیە. وەک:

١- ئاهەنگێکی بووکگواستنەوەی بە کۆمەڵ ..بەڵام بۆ گوێدرێژان (خەبات، ژ، ٣٢٥٦، ٢١- ٨-٢٠٠٩)

٢- گەڕان بە دوای باوکێکی نوێدا (رۆژنامە، ژ، ٤٢٨، ٩-٥-٢٠٠٩)

٣- ژنێک دوای هاوسەرێتی لە میسر کراوەتە ئەنفال (کوردستانی نوێ، ژ،٤٨٤٨، ١٩-٥-٢٠٠٩)

---

[١] - کامل حەسەن بەصیر، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپخانەی دارالجاحظ ، چاپی یەکەم، بەغدا-١٩٩٠، ل٤٠٧.

[٢] - ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١١، ل١٦٣.

لەم نموونانەدا، سەیروسەمەرەییەکە لەوەدایە، وەک کارێکی ناوێزە و نامۆ کە سازدانی ئاهەنگێکە بۆ کۆمەڵێک گوێدرێژ، سەیرەکەی ئەوەیە، کە ڕەنگە لە مێژوو دا شتێکی وا ئەنجام نەدرابێت و نەبیسترا بێت، چونکە بووکگواستنەوە و سازدانی ئاهەنگ تەنیا تایبەتە بە مرۆڤەکان، نەک ئاژەڵ. لە نموونەی دووەمدا سەیرەکەی ئەوەیە، کە گەڕانە بۆ دۆزینەوەی باوکێکی نوێ، کەچی باوک هەر یەکێکە و کۆن و نوێی نییە، چونکە هەموو مرۆڤێک هەر تەنیا یەک باوکی هەیە. هەروەها لە نموونەی سێیەمدا "ئەنفال" واتە مردن کەچی لێرەدا وەک دەردەکەوێت "ژنێک" لە ژیاندایە و کراوەتە ئەنفال.

## ٢-٦-٢-٨- مانشێتی پەندئامێز و قسەی نەستەق:

لەم جۆرە مانشێتەدا بە گەڕانەوە و سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆر، پەندێکی پێشینان، یان قسەیەکی نەستەق، یان ووتەیەکی باوی نێو کۆمەڵ بە گونجان و گوزارشتێکی ڕوون، دەکرێت بە دەروازەی هەواڵ و بابەتەکە، چونکە هەر یەکێ لەمانە (بە چەند قسەیەک، یان لە چەند وشەیەکی کورت و پوخت واتایەکی زۆر فراوان دەبەخشێت)[1] و هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ڕامان و هەڵوەستە کردنی وەرگر.

١- دارێک بنێژە بەرت بۆ بگرێت (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩١٢، ٢-٧-٢٠٠٩)

٢- ئاگر لە سەفین و مەنجەڵی ئاو لێرە (خەبات، ژ، ٣١٧٤، ١٧-٥-٢٠٠٩)

٣- ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک (ڕۆژنامە، ژ، ٥١٨، ٢٣-٧-٢٠٠٩)

هەریەک لەم نموونانە واتا و مەبەستێکی دیکەی هەیە، لە نموونەی یەکەمدا کە بۆ ڕێنوێنی و ئامۆژگارییە، مەبەست لێی ئەوەیە کارێک بکە لە کۆتایی دا ئەنجامێکی باشی هەبێت. هەروەها لە نموونەی دووەمدا، مەبەست لێی ئامۆژگاری کردنە بۆ ئەنجامدانی کارێک کە لەجێ و بەجێ بێت و لەگەڵ واقیعدا تەبا و گونجاو بێت. لە نموونەی سێیەم، مەبەست لە جیاوازی و بێ ئاگایی نێوان دوو کەس دێت.

## ٢-٦-٢-٩- مانشێتی گفتوگۆیی:

لەسەر بنەمای گفتوگۆی نێوان دوو لایەن یان زیاتر دادەڕێژرێت، کە هەڵوێست یان بۆچوون و ڕوانینیان لە بارەی پرسێک، یان کێشەیەک، یان ڕووداوێک دەخەنەڕوو. وەک:

١- عومان گۆڵبارانی پاڵەوانی ئاسیای کرد

- ڕاهێنەری عومان: لە بەرامبەر ئێراق ئاستی ڕاستەقینەی خۆمان دەرخست

- سەرۆکی شاندی ئێراقی: هەموومان لەو شکستە بەرپرسیارین

- بەڕێوەبەری هەڵبژاردەی ئێراق: بەدواداچوون دەربارەی ئەو ئەنجامە سەیرە دەکەین (خەبات، ژ، ٣٠٦٦، ٩-٦-٢٠٠٩)

---

[1] - سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - ٢٠٠٤، ل٣٢٣.

٢- سەرکردە کوردەکان بەغدا چۆڵ دەکەن

- لێکۆڵەرێکی ئەمریکی: ئیدارەی ئۆباما نیگەرانی مانەوەی کێشەکانی کورد و بەغدایە

- بایدن: سەرسامبووم بە نیگەرانی کوردەکان، گوایە ئیدارەی ئۆباما عێراق فەرامۆش دەکات (رۆژنامە، ژ، ٣٠٨ ،٩-٧-٢٠٠٩)

٣- لە ساڵیادی خەبات ــ دا

- سەرۆک کۆمار: شانازی بەو ئازادییەوە دەکەین کە لەسایەیدا رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئازاد کاردەکەن

- سەرۆکی هەرێم: دەبێت رۆژنامەکان ڕەچاوی بەرژەوەندی میللەت بکەن، نەک ئەجێندای شوێنی دیکە لە کوردستاندا جێبەجێبکەن (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٣٦، ٥-٤-٢٠٠٩)

لەم دەربڕینەدا چەقی گفتوگۆ ئەنجامی یارییەکی نێوان عومان و ئێراقە. سەبارەت بە ئەنجامەکە بۆچوونی "ڕاهێنەری عومان و سەرۆکی شاندی ئێراقی و بەڕێوەبەری هەڵبژاردەی ئێراق" وەک گفتوگۆیەک لەبارەی ئەنجامی یارییەکە خراوەتەڕوو. هەروەها لە نموونەی دووەمدا وەک گفوگۆیەک لە بارەی "کێشەی کورد و بەغدا" هاوکاری ئەمریکا لەم بارەوە، بۆچوونەکان خراوەتە ڕوو. لە نموونەی سێیەمدا کە لە "ساڵیادی خەبات"ە، بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لە بارەی رۆژنامەگەری و چۆنیەتی کاری رۆژنامەگەری کراوە.

### ٢-٦-٢-١٠- مانشێتی مرۆیی:

ئەم جۆرە مانشێتە بزوێنەری سۆز و بەزەیی وەرگرە بۆ هاوسۆزی و تێکەڵبوون بەکێشەکە، یان ڕووداوەکە. وەک:

١- دایک و باوک ... گەورەترین، دڵسۆزترین، میهرەبانترین، و بەخشندەترین مرۆڤی ئەم سەر ڕووی زەمینەن (خەبات، ژ،٣٣٢٤، ١٢-١١-٢٠٠٩)

٢- ئەو هونەرمەندە شێوەکارەی سیمای هەژاران نمایشدەکات (کوردستانی نوێ، ژ ،٤٨٧٧، ٢٢-٥-٢٠٠٩)

٣- دەبێت ئەمساڵیش هاوڵاتیان بەدەست قەیرانی ئاوەوە بناڵێنن (رۆژنامە، ژ، ٣٨١ ،١١-١-٢٠٠٩)

لەم نموونەدا دەربڕینەکانی سۆز و میهر و گەورەیی "دایک و باوک"، نمایشکردنی سیمای هەژاران و گرفتاری و ئازاری هاوڵاتیان بەهۆی "قەیرانی ئاوەوە"، دەربڕینی بزوێنەری سۆز و بەزەیین بۆ تێکەڵبوون بە دۆخەکە.

### ٢-٦-٢-١١- مانشێتی هۆنراوەیی "شیعری":[1]

ئەو مانشێتەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیوە دێرێک، یان دێرە شیعرێکی شاعیرێکی ناودار، یان ڕیزکردنێکی شێوە شیعری وەک گوزارشتێک لە ناوەڕۆکی هەواڵ و بابەتەکە. وەک:

١- خەڵکینە نەچن چاکە بە گژ عەشیرەتی جافا

مێرووله نەچێ چاکە بە گژ قوللەی قافا (خەبات، ژ، ٣٢٤٥، ٩-٨-٢٠٠٩)

٢- هەولێر هەولێرە

لەسەری قەراتە و لەبنی باژێڕە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٧٨، ١٦-٩-٢٠٠٩)

٣- گەنجان هێزن یان پەراوێزن؟ (ڕۆژنامە، ژ،٤٧٠، ١٨-٥-٢٠٠٩)

ئەم دوو هۆنراوەیە لەم چوارچێوەیەدان کە هەریەکە و بۆ مەبەستێکی تایبەت وەک گوزارشتێک کراون بە مانشێتی بابەتەکە. نموونەی یەکەم کە دێرە هۆنراوەیەکی شاعیری نێوداری کورد(شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە، هەروەها هۆنراوەی دووەم کە هۆنراوەی حەیرانە، واتە لە فۆکلۆر وەرگیراوە. بەڵام نموونەی سێیەم هەروەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێداوە تەنیا ڕیزکردنێکی شێوە هۆنراوەییە.
کەواتە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جۆرە مانشێتێکی تریش بەکارهاتووە. کە بریتییە لە نیوەدێرێک یان دێرە هۆنراوەیەکی شاعیرێکی ناودار. بەڵام ئەم جۆرە مانشێتە، واتە مانشێتی هۆنراوەیی لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لەوماوەیەدا بەرچاو ناکەوێت، بۆیە نموونە شیعرییەکان تەنیا لە ڕۆژنامەکانی: و کوردستانی نوێ) وەرگیراون. هەروەها لە ڕۆژنامەی )دا تەنیا یەک نموونەمان بەرچاو کەوت کە ئاماژەمان پێکردووە. بەڵام لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا جگە لەو نموونەیەی ئاماژەمان پێداوە، لە ژمارە(٤٨٤٣) و ژمارە(٤٩٩٤) ئەم جۆرە مانشێتە بەکارهاتووە.
سەرجەم ئەو بەش و پێکهاتە و شێوە و شێوازانەی خستمانەڕوو ، هاوشانی ناوەڕۆک، لە ڕووی ڕووخسارەوە هەر یەکە و بە ئەندازەیەکی بەرچاو ڕۆڵی کاریگەریی خۆی دەبینێت، لە گەیاندن و خستنەڕووی هەواڵ و پێشهاتەکان و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر لەلایەک و سەرکەوتن و کەوتنە برەوی ڕۆژنامەکەش لە لایەکی ترەوە.
هەروەها بە سەرنجدان لە جۆراوجۆری مانشێتەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، کە جۆراوجۆری ڕووداوەکان و شێوازی گەیاندنی زانیارییەکان بە (وەرگر) هۆکاری سەرەکین لە ڕێکخستنی کەرستەکانی ڕستەی مانشێتەکان، کە جگە لە ڕیزبەندی ئاسایی پەنا ببرێتە بەر ڕیزبەندی نائاسایی. واتە جۆراوجۆری ڕیزبەندەکانی زمان یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی مانشێتەکان بەپێی ویست و مەبەستی بابەتە هەواڵییەکان دابڕێژرێن، هەر وەک لە شێوەی دەرخستنەکانی (ڕووداو، کەس، کات، شوێن، هۆکار ....هتد) دەردەکەوێت.

---

[1] - ئەم جۆرە مانشێتە، واتە مانشێتی هۆنراوەیی لە ڕۆژنامەی(ڕۆژنامە)دا بەر چاو ناکەوێ، بۆیە نموونە شیعرییەکان تەنیا لە ڕۆژنامەکانی:(خەبات و کوردستانی نوێ) وەرگیراون. هەروەها لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا تەنیا یەک نموونەمان بەرچاو کەوت کە ئاماژەمان پێکردووە. بەڵام لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)دا جگە لەو نموونەیەی ئاماژەمان پێداوە چەند جارێکی تریش بەکارهاتووە، وەک:
- کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە (ڕ، کوردستانی نوێ، ژ،٤٨٤٣، ١٣-٤-٢٠٠٩)
- هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مانا دەکا (ڕ، کوردستانی نوێ، ژ،٤٩٩٤، ٩-١٠-٢٠٠٩)

بۆ ئەم دەرخستنانەش جگە لەو ڕۆڵەی (سینتاکس) دەیبینێت، (سیمانتیک و پراگماتیک) ڕۆڵی سەرەکی لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتا و مەبەستە جیاجیاکان دەبینن،[1] کە بەهۆی ڕێکخستنی جیاجیای دارشتەی ڕستەی مانشێتەکان ڕوودەدەن.

## ٢-٧- ڕستە و جۆرەکانی ڕستە:

مانشێت ئەو ڕستەیەیە کە بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئامانجی گەیاندنی زانیاری تازەیە بە وەرگر. بۆیە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی مانشێتی سەرکەوتوو، لێزانی و لێهاتووییە لە دارشتنی ئەو ڕستەیەی کە دەکرێت بە کلیلی هەواڵەکە. واتە ئەو ڕستانەی دەکرێن بە مانشێت دەبێت (مەبەستەکە بە جوانترین شێواز بگەیەنێت و بە جۆرێک هیچ کەموکوڕیەکی نەبێت).٢ ئەمەش وا دەکات، مانشێتەکان وەک سەرچاوەی سەرەکی گەیاندنی زانیارییەکان، بەشێوەی ڕستەی جۆراوجۆر دەربکەون. کە هەر یەکە و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.
ڕستەش بەهۆی ئەوەی ((گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە))،٣ بۆیە زیاتر لە پێناسەیەک لە خۆدەگرێت. وەک: ((ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە بە شێوەیەکی تایبەت ڕیزدەکرێت و هەموو پێکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن)).٤ یاخود لە پێناسەیەکی تردا هاتووە ((ڕستە پێکهاتووە لە زیاتر لە وشەیەک و واتای تەواو دەدا)).٥ هەروەها لە پێناسەیەکی فراوانتر و گشتگیرتردا، ((ڕستە ئەو ئاخاوتنەیە کە لەدوو وشە یان پتر پەیدا دەبێت مەبەستێک بەدەستەوە دەدا)).٦ کەواتە بەسەرنجدان لەم پێناسانەدا دەردەکەوێت کە ڕستە ئەو ئاخاوتنەیە کە بەپێی بنەما و ڕێساکانی زمانەکە لە چەند وشەیەکدا واتا و مەبەستێک دەگەیەنێت.

### ٢-٧-١- جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی قەبارەوە:

ڕستە لە ڕووی قەبارەوە بۆ سێ جۆر دابەش دەبێت. وەك:

**٢-٧-١-١- (ڕستەی سادە.**

**٢-٧-١-٢- ڕستەی لێکدراو.**

**٢-٧-١-٣- ڕستەی ئاڵۆز).**[7]

### ٢-٧-١-١- ڕستەی سادە:

مە بەست لە ڕستەی سادە، واتە بوونی تەنیا یەک (کار) لە ڕستەکەدا، کە واتایەکی تەواو دەبەخشێت. جا چ لە تاکە وشەیەک پێکهاتبێت کە لە ئاستی ڕستەسازیدا ڕستەیە، یاخود جگە لە ڕاناوی ڕێککەوتن، دەرکەوتنی بکەر و بەرکارەکانیان وەک مۆرفیمی سەربەخۆ.[8] یاخود بەشێوەی فراوانکراو جگە لە "بکەر، کار" لە تێنەپەڕدا، "بکەر، بەرکار، کار" لە تێپەڕدا وشە

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠١٥، ل٩٥.
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، رستەسازی رۆنانکاری و گوێزانەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠١٣، ل٢٣.
[3] - وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر -٢٠٠٤، ل١٧٣.
[4] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زماننا‌سی، سلێمانی -٢٠٠٤، ل١٧٣.
[5] - محەمەد ئەمین هەورامی، زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراورد دا، مکتبة وطنية بغداد -١٩٨١، ل٣٠٣.
[6] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی، بڵاوکراوەی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٣، ل٢٣.
[7] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، رستەسازی رۆناکاری و گوێزانەوە، ل٦٩.
[8] - نووری عەلی ئەمین، رێزمانی کوردی، ل٥٩.

سەربارەكانیش لە خۆدەگرێت.[1] لە چوارچێوەی یەک (کار) لە ڕستەدا بە واتایەکی تەواو دەردەکەون. وەک:

١- ئۆدێرنۆ نیگەرانە (ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٨، ٩-٧-٢٠٠٩)

٢- پۆستەر و لافیتە سلێمانی دادەپۆشن (کوردستانی نوێ، ژ، ١،٤٩١١-٧-٢٠٠٩)

٣- پاڵەوانێتی تۆپی باڵەی زانکۆی سەلاحەدین بە کۆتا هات (خەبات، ژ، ٤٨٦٣، ٦-٥-٢٠٠٩)

سادەیی ئەم ڕستانە لەوەوە دەردەکەوێت، کە لە هەر یەکێکیان دا تەنیا یەک کاریان تێدایە و هەڵگری واتای تەواون.

## ٢-٧-١-٢- ڕستەی لێکدراو:

ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە کە زیاتر لە (کار)ێکیان تێدایە. واتە ئەو ڕستانەی بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە لە دوو ڕستەی سەربەخۆ یان پتر پێکدێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تایبەتێتی سینتاکسی لە ژمارەی ڕستە لێکدراوەکان نییە، دەتواندرێت چەند ڕستەیەک بەژداری تێدا بکات.[2] بە جۆرێ بە لابردنی ئامرازی لێکدەر لە نێوانیان هەر ڕستەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و هیچ پەیوەندییەکی بەوی ترەوە نامێنێت.[3] جا لە هەر بارێکی لێکدراوی بێت هەمان تایبەتمەندی وەردەگرێت. وەک:

١- بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ ..پرۆژەکان دەدوێن (خەبات، ژ، ٣١٦٢، ٣-٥-٢٠٠٩)

٢- حکومەت لە چوار حیزبەکە دێتە دەنگ، کێشەی چوار حیزبەکە لەسەر بودجە نییە (ڕۆژنامە، ژ،٣٩٩، ٤-٢-٢٠٠)

٣- کوردستان بێ کۆمپانیا ئەمریکیەکان پێشدەکەوێت، بەڵام دەمانەوێت دۆستەکانمان بەشداربن لەو بەرەوپێشچوونە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٦، ١٤-٦-٢٠٠٩)

لەهەریەک لەم نموونانەدا زیاتر لە کارێک هەیە و کە بەهۆی ئامرازی لێکدرەوە یان نیشانەکانی خاڵبەندی لێکدراون، هەروەها هەریەکێ لە ڕستەکان بە لادانی ئامرازەکانی لێکدانیان، لە ڕستەی سەربەخۆ پێکدێن.

---

[1] - عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی سێیەم، هەولێر -٢٠١٤، ل٢٤.
[2] - کوردستان موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردی دا، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، ١٩٨٦، ل٧١-٧٢.
[3] - نووری عەلی ئەمین، ریزمانی کوردی، ل٥٩.

### ٢-٧-١-٣- ڕستەی لێکدراوی ئاڵۆز:

پێکدێت لە ئاوێتەبوونی دوو ڕستەی جیاواز ڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەکی تری شوێنکەوتووی ڕستە سەرەکییەکە.[١] ئەم دوو ڕستەیەش بە "شارستە و پارستە" ناو دەبرێت. شارستە لە ڕستەیەکی واتابەخشی سادە پێکدێت، بەڵام پارستە وەک دیارخەر و ڕوونکەرەوەی شارستە دەردەکەوێت. بە واتایەکی تر شارستە لە ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدێت، کەچی پارستە هەرچەندە هەڵگری بنەماکانی ڕستەیە، بەڵام ناتوانێت بە تەنیا واتا ببەخشێت، بەڵکو هەڵگری زانیاری زیاتری لە بارەی شارستەیە.[٢] کەواتە شارستە لە چوارچێوەی ڕستەیەکی سادەدا زانیاری سەرەتایی دەخاتەڕوو، پارستەش زانیاری زیاتری لەبارەوە دەدات. وەک:

١- سلێمانی لە ڕیزی ئەو پارێزگایانەی عێراقدایە، کە ڕێژەی برسێتی تێیاندا بەرزە (ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٨، ١١-٦-٢٠٠٩)

٢- ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە یان نا، توندوتیژی هەر دەمێنێت (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٧٩ ، ٢٥-٥-٢٠٠٩)

٣- خەبات ئەو پرسیارانە ئاشکرا دەکات، کە بڕیارە لە پەرلەمان ڕووبەڕووی وەزیری نەوت بکرێتەوە. (خەبات، ژ،٣١٧٧، ٢٠-٥-٢٠٠٩)

لە هەر یەکێ لەم نموونانەدا کە لە دوو ڕستەی سەرەکی و ڕستەیەکی تری شوێنکەوتووی ڕستە سەرەکییەکە پێکهاتوون. ڕستە سەرەکییەکە وەک شارستە و ڕستەی شوێنکەوتوو وەک پارستە بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی شارستە دەرکەوتووە.

### ٢-٧-٢- جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

ڕستە هۆکاری سەرەکی پێدان و وەرگرتنی زانیاری قسەکەرە. واتە (ڕستە فاکتەری سەرەکی نێرەرە لە گەیاندنی ئامانج و مەبەستە جیاجیاکانی. لەم بارەیەشەوە ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دابەشی سەر چەند جۆرێک دەبێت. وەک:

**٢-٧-٢-١- ڕستەی هەواڵدان.**

**٢-٧-٢-٢- ڕستەی پرسیار کردن.**

**٢-٧-٢-٣- ڕستەی داخوازی و فەرماندان.**

**٢-٧-٢-٤- ڕستەی سەرسوڕمان).**[٣]

---

[١] - کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی دا، ل٧٦.

[٢] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، ل٧٣.

[٣] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم ،هەولێر- ٢٠١٤، ل٢١٧ - ٢١٩

### ٢-٧-٢-١- ڕستەی هەواڵدان:

لەم جۆرە ڕستەیەدا نێرەر مەبەستی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە بە بەرامبەرەکەی، ئەمەش (پەیوەندی بە "زانین"وهۆشی مرۆڤەوە هەیە، لەبەر ئەمە لە هەموو بەشەکانی زانستیدا ئەم بەکارهێنانە زۆرە و لە زانیاری یان هەواڵ گەیاندندا نێرەر دەیەوێت بوون و نەبوونی، یان ڕاستی و ناڕاستی دیاردەکان پیشان بدات).[١] هەروەها لە شێوازی داڕشتنیدا (لە ڕووی فۆڕمەوە پەیوەست نییە بە سادەیی و ناسادەیی، یەکێک لە بەشەکانی ڕستەکەش هێزی دەکەوێتە سەر)،[٢] یاخود بە مەبەست دەتواندرێت بۆ جەختکردن یان بە "سەرباس" کردن هێز بخرێتە سەر کەرستەیەک لە ڕستەکەدا.[٣] بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە گەیاندنی مەبەستەکەی بە بەرامبەرەکەی. وەک:

١- نرخی بەنزین لە سلێمانی بەرز دەبێتەوە (ڕۆژنامە، ژ،٥٠٦، ٧-٧-٢٠٠٩)

٢- دانوستاندن لە نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵ دەستپێکرد (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٩، ١٧-٦-٢٠٠٩)

٣- بەرەی دیالۆگ هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن دەکات (خەبات، ژ، ٣٣٣٨،٣-١٢-٢٠٠٩)

### ٢-٧-٢-٢- ڕستەی پرسیار کردن:

لەم جۆرە ڕستەیەدا قسەکەر بە پێچەوانەی ڕستەی هەواڵدان مەبەستی وەرگرتنی زانیارییە لە بەرامبەرەکەی، بۆ زانینی مەبەستی قسەکەر لە ڕێگای هێز، یاخود جێناوی پرسەوە ئاراستە دەکرێت.[٤] جێناوە پرسەکان وەک: (ئایا، بۆ، کەی، چ، چی، چۆن، کێ ....هتد). هەروەها لە ڕستەی پرسیارکردندا نیشانەی پرسیاری لە کۆتایی ڕستەکە دادەندرێت. وەک:

١- قەرزی کشتوکاڵ بەکێ دەدرێ؟ (خەبات، ژ، ٣١٩٤، ٩-٦-٢٠٠٩)

٢- ئایا پەرلەمان دەنگە ناڕازییەکانی دژ بە دەستور بە هەند وەردەگرێت؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٤٩٥، ٢٢-٦-٢٠٠٩)

٣- لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندندا، دەزانن فیدرالی مانای چییە؟ (کوردستانی نوێ، ژ،٤٩٨٩، ٤-١٠-٢٠٠٩)

---

[١] - محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل٣١.

[٢] - کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی دا، ل٦٠.

[٣] - عەبدولواحید موشیر دەزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل٢١٧.

[٤] - کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی دا، ل٦١.

## ٢-٧-٢-٣- ڕستەی داخوازی و فەرماندان:

لەم جۆرە ڕستەدا قسەکەر داوای لە گوێگرە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک، بە پێچەوانەوە. واتە (ئەم جۆرەی ڕستە بە مەبەستی ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوەی بەرامبەر بەکار دێت، ڕستەی فەرماندان باوترین شێوازی داخوازی کردنە، کە کەسی یەکەم بۆ ئەنجامدانی کارێک، یان ئەنجام نەدانی، کەسی دووەم ئاراستە دەکات ).[1] داخوازی و فەرماندان ئەگەرچی بەهۆی هەندێ جیاوازییەوە جیا دەکرێنەوە، وەک ئاراستەکردنی کەسەکان و مۆرفیمەکانی کات و جێناو لکاوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چوارچێوەی قسەکردنەکە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی جۆری داواکە، کە خۆی لە ئاست و پایەی کۆمەڵایەتی نێوان نێرەر و وەرگر دەبینێتەوە.[2] وەک:

١- با هەموومان پارێزگاری لە شوێنەوارەکان بکەین (خەبات، ژ، ٣١٨٤،١٧-٣-٢٠٠٩)

٢- ڕێز لە فرەلایەنی و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگرن (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٣، ٦-٥-٢٠٠٩)

٣- هاوکاری مومتاز حەیدەری بکەن (ڕۆژنامە، ژ،٥٥٧، ٢٤-١١-٢٠٠٩)

## ٢-٧-٢-٤- ڕستەی سەرسوڕمان:

دەربڕینی هەستی نێرەرە بەرامبەر هەموو ئەو ڕووداوە سەرنجڕاکێشانەی لە دەوروبەری ڕوودەدەن. واتە (نێرەر بە شێوەیەکی سروشتی هەستی خۆی بەرامبەر هەر توخمێک بە چاکە یان بە خراپە دەردەبڕێت).[3] کە ئەمەش خۆی لە کاریگەری تایبەتی خودی نێرەر دەبینێتەوە. وەک: ترس، توڕەیی، پەژارە، نەخۆشی، دڵخۆشی، خۆشەویستی،....هتد.[4] لە ڕستەی سەرسوڕماندا ئەگەر وشەکانی سەرسوڕمانی وەک: ئافەرین، ئۆخەی، ئاخ، پەکوو، ئۆف، ....هتد لە ڕستەکەدا هەبێت، نیشانەی سەرسوڕمانی (!) دەکەوێتە دوای وشەکە و لە کۆتایی ڕستەکەدا خاڵ(.) دادەندرێت. بەڵام ئەگەر وشەی سەرسوڕمانی لە ڕستەدا نەبێت، نیشانەی سەرسوڕمانی دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە. وەک:

١- هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ئێمە بە گومانن! (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩١٦، ٧-٧-٢٠٠٩)

٢- بە مۆبایلەکەت جگەرەکەت داگیرسێنە! (خەبات، ژ، ٣٢٥٠ ، ١٤-٨-٢٠٠٩)

٣- سەردەمی لێکترازانی حیزبەکان یان ئێکسپایەربوونیان! (ڕۆژنامە، ژ، ٤٦٢، ٦-٥-٢٠٠٩)

لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕستەییەوە ئەو نموونە مانشێتانەی لە هەر سێ ڕۆژنامەکە وەرگیراون، پێکدێت لە (٢٢٩) مانشێت، کە بەسەر هەر چوار جۆرەکەی ناوەڕۆکی ڕستەی (هەواڵدان، پرسیاری، داخوازی و فەرماندان، سەرسوڕمان) دابەش دەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی (ڕستەی

---

[1] - قەیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر - ١٩٩٥، ل٢٧

[2] - بڕوانە : ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بڵاکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاجی هاشم، هەولێر -٢٠١٣

[3] - عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل٥٥.

[4] - کوردستان موکریانی، سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردی دا، ل٦٨.

هەواڵدان) ئەرکی سەرەکی گەیاندنی زانیارییە بە (وەرگر) بۆیە مانشێتەکان لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕستەییەوە زیاتر لەسەر ئەم جۆرەی ڕستە، واتە ڕستەی هەواڵدان داڕێژراون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکە بنەڕەتییەکەی بواری ڕۆژنامەنووسی کە مەبەستی لێی گەیاندنی زانیارییە بە وەرگر، واتە ئاگادار کردنەوەی وەرگرە لەو هەواڵ و ڕووداوانەی لە دەوروبەری ڕوودەدەن وەک لەم جیاکارییەی نێوان سەرجەم مانشێتەکان دەردەکەوێت.

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (٧٦) مانشێت دا، (٥٢) ڕستەی هەواڵدان، (١٤) ڕستەی پرسیاری، (٧) ڕستەی داخوازی و فەرماندان، (٣) ڕستەی سەرسوڕمان.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (٧٧) مانشێتدا، (٥٤) ڕستەی هەواڵدان، (١٣) ڕستەی پرسیاری، (٦) ڕستەی داخوازی وفەرماندان، (٤) ڕستەی سەرسوڕمان.

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە (٧٦) مانشێتدا، (٥٥) ڕستەی هەواڵدان، (١٤) ڕستەی پرسیاری، (٤) ڕستەی داخوازی و فەرماندان، (٣) ڕستە سەرسوڕمان.

کەواتە لەکۆی ئەو(٢٢٩) مانشێتەی وەرگیراون، (١٦١) مانشێت لەسەر بنەمای ڕستەی (هەواڵدان) داڕێژراون. کە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی یەکەم دێت، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)بە پلەی دووەم دێت، ڕۆژنامەی ) بە پلەی سێیەم دێت.

کەچی لەگەڵ ئەمەشدا نابێت ئەوەمان بیر بچێت، کە وەرگر بڕیاری ئەوە دەدات کە کام ڕۆژنامە لە گەیاندنی زانیارییەکان توانیویەتی سوودی زیاتر بگەیەنێت، واتە ئەو زانیارییانەی کە لە سەرجەم جۆرەکانی ڕستەکاندا داڕێژراون کام ڕۆژنامە زۆرترین زانیاری دەربارەی ڕووداوە هەنووکەییەکان بۆ وەرگر گواستۆتەوە.

## ٢-٨- ڕیزکردنی کەرستەکانی مانشێت:

مانشێت بەهۆی ئەوەی مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە، بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکە، بۆیە ئەو چەند کەرستە ڕیزکراوەی کە دەبن بە ڕستەی مانشێتەکە دەبێت بەپێی ڕێسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەوە بێت. بۆ ئەم مەبەستەش (هەر زمانێک ڕێسا و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ڕیزکردنی کەرستەکان و پیشاندانی پەیوەندییەکانی وشە).[1] بەڵام بە شێوەیەکی گشتی (لە پۆلێن کردنی زمانی گەلانی سەر زەوی بەپێی کەرستەی ڕستە، سێ کەرستە بەهەند وەرگیراون، کە پێکدێت لە (بکەر) بە هێمای (S)، (بەرکار) بە هێمای (O)، کار بە هێمای (V). کەواتە ڕیزبەندی (بکەر، بەرکار، کار) وەک پێوەرێک بەکاردەهێندرێت بۆ بەراوردکرنی زمانەکان لە نێوان خۆیاندا).[2] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕستەی هەموو زمانێک لە سەر بنەمای ئەم سێ کەرستە سەرەکییە دادەڕێژرێت:

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | Subject | (S) |
| بەرکار | Object | (o) |
| کار | Verb | (V) |

(بە ڕیزکردنی ئەم سێ کەرستە سەرەکییە شەش ئەگەر دێتە ئاراوە. وەک:

[1] - ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرستە لەزمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر-١٩٩٦، ل٥٣
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل١٩٣.

١- (بکەر، بەکار، کار) SOV

٢- (بەرکار، بکەر، کار) OSV

٣- (بکەر، کار، بەرکار) SVO

٤- (بەکار، کار، بکەر) OVS

٥- (کار، بکەر، بەرکار) VSO

٦- (کار، بەرکار، بکەر) VOS)[1]

ڕیزبوونی کەرستەکانی زمانی کوردی، دوو شێوە ڕیزبوونی هەیە: ( SOV،SV ). لەکاری تێپەڕدا (SOV) (بکەر، بەرکار، کار)، لە کاری تێنەپەڕدا (SV)(بکەر، کار). بەپێی ئەم دوو شێوە ڕیزبوونەش، (لە ئاستی ڕستەسازیدا ئەگەر ڕستە بە گەورەترین دانە وەربگیرێت و شیبکرێتەوە بۆ پێکهێنەرە ڕاستەوخۆکانی بەپێی ئەرکەکەی لە ڕستەدا، دەبینین هەر پێکهێنەرێک وەک: (بکەر، کار، بەرکار، تەواوکەر) دەتواندرێت پێنج قالبی ڕستەی کوردی دەستنیشان بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە.

١- بکەر، کار

٢- بکەر، بەرکار، کار

٣- بکەر، تەواوکەر، کار

٤- بکەر،. بەرکار، کار، تەواوکەر

٥- بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار).[2]

بەپێی بنەماکانی ڕستە لە زماندا دوو جۆر ڕیزبوون بەدی دەکرێت، کە پێکدێت لە:

**٢-٨-١- ڕیزبوونی چەسپاو.**

**٢-٨-٢- ڕیزبوونی ئازاد.**

## ٢-٨-١- ڕیزبوونی چەسپاو:

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا کەرستەکانی ڕستەکە ڕیزبەندیێکی جێگیر و چەسپاون و بە هیچ شێوەیەک ناتواندرێت جولە و جێگۆڕکێ بە کەرستەکانی بکرێت،[3] واتە دەبێت کەرستەکان پابەندی ڕێسای جۆری ڕیزبوونەکە بن، لەبەرئەوەی هەر جولە و جێگۆڕکێ کردنەک بە کەرستەکان ئەرک و واتا گۆڕانی بەسەر دادێت.[4] کەواتە لە ڕیزبوونی چەسپاو بە جولە و جێگۆڕکێی کەرستەکان ئەرک و واتا پێچەوانە دەبێتەوە. وەک:

---

[1] - وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل٢٣٧- ٢٣٨.
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل١٩٥.
[3] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
[4] - تاڵیب حوسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠١٤، ل١٦.

١- غازی کوردستان ئەوروپا داگیر دەکات (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٢، ٩-٦-٢٠٠٩)

٢- گوڵێکی سەیر مشک دەخوات (خەبات،ژ ، ٣٢٥٦، ٢١-٨-٢٠٠٩)

٣- هاوپەیمانی داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی عێراق دەکات (ڕۆژنامە، ژ، ٤٠٢، ٩-٢-٢٠٠٩)

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا (غازی کوردستان ، گوڵێکی سەیر، هاوپەیمانی ) ئەرکی "بکەر"یان بینیوە بەهۆی ئەوەی ڕیز بوونە کە "چەسپاو"ە بۆیە بە جێگۆڕکێ کردنیان ئەرک و واتا گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە لە "بکەر"ەوە دەبن بە "بەرکار" ی ڕستەکە.

## ٢-٨-٢- ڕیزبوونی ئازاد:

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا کەرستەکان جێگیر و چەسپاو نین، بۆیە بە جولاندن و جێگۆڕکێ کردنی کەرستەکان گۆڕان لە ئەرک ڕوونادات. واتە (لە ڕیزبوونەکە دا "پێش خستن و پاش خستن"ی کەرستەکان کار لە ئەرکی ڕێزمانی وشەکان ناکات).[1] ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت "بەلوتکەکردن"، کە زیاتر بۆ دەرخستنی باسلێکراوە، کە بەرکاری ڕستە دەخرێتە پێش بکەر.[2] کەواتە قسەکەر لە بارودۆخی تایبەت و بۆ مەبەستی جیاجیا جولە و جێگۆڕکێ بە کەرستەکانی ڕستە دەکات و لەمبارەشدا ڕیزبوونی کەرستەکان لە دۆخی ڕیزبوونی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ ڕیزبوونی نائاسایی. وەک:

١- لەمڕۆوە هەرێم ڕۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت هەنارده دەکات (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨٥، ١-٦-٢٠٠٩)

٢- (١٨) ساڵە سەندیکا کۆنگرەی نەبەستووە (ڕۆژنامە، ژ،٥٤٩، ٢٩-٩-٢٠٠٩)

٣- لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بردنەوەمان لەیەکگرتنماندایە (خەبات، ژ، ٣٣٣٢، ٢٢-١١-٢٠٠٩)

لەم ڕستانەدا کەرستەکان جێگیر و چەسپاو نین وجێگۆڕکێ بە کەرستەکان کراوە. چونکە لە ڕیزبەندی ئاسایی دا هەمیشە (بکەر) لەسەرەتای ڕستە دێت، بەڵام لێرەدا بەلادان لە ڕیزبەندی ئاسایی بە مەبەستی دەرخستن، کەرستەکانی (لەمڕۆوە، (١٨) ساڵە، لە هەڵبژاردنەکانی عێراق) بەلوتکە کراون. ئەگەرنا لەڕیزبەندی ئاسایی دا کەرستەکان بەم شێوەیە ڕیزدەبن.

١- هەرێم لەمڕۆوە ڕۆژانە (١٠٠)هەزار بەرمیل نەوت هەنارده دەکات.

٢- سەندیکا (١٨)ساڵە کۆنگرەی نەبەستووە.

٣- بردنەوەمان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە یەکگرتنماندایە.

---

[1]- تاڵیب حوسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ل١٦.

[2] - سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لەزمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر -٢٠٠٩، ل١٥٠.

لەم ڕستانەدا بەهۆی ئەوەی ڕیزبوونی کەرستەکان بەپێی ڕیزبەندی ئاسایین بۆیە (بکەر) بەشێوەیەکی ئاسایی لە سەرەتای ڕستەدا هاتووە. تەنها لە ڕستەی (٣) نەبێت بەهۆی ئەوەی(جێناوی سەربەخۆ) دەرنەکەوتووە، (جێناوی لکاوی) "مان" ئەرکەکەی بینیوە.

## ٢-٩- ڕادەی هەست:

هەڵبژاردنی وشە و ڕستە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گەیاندنی پەیام و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر (وەرگر). چونکە (وشە و ڕستە وەک ئامێری بیر دەستەمۆی (نێرەر)ن، بەپێی مەبەستی لە بەکارهێنانی دا ئەو واتایە دەگەیەنێت)[1] کە دەرخەری هەستیەتی لە گەیاندنی ئەو پەیامەی ئاراستەی دەکات. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی جار ئەم ئەرکە ڕۆڵی سەرلێشێواندن و ئاراستە گۆڕین بە مەبەستی کاریگەری کردنە سەر (وەرگر) دەبینێت، نەک بۆ لەیەکتر گەیشتن.[2] بۆ نموونە ( کۆماری عێراق یان کۆماری عێراقی فیدڕالی). بەسەرنج دان لەم نموونەیە دەردەکەوێت کە هەریەکە و هەستێکی تایبەتی لە پشتە و هەڵگری کاریگەری واتایی جیاوازن. ئەمەش بەپێی مەبەستی (نێرەر) بوونەتە (هەست دەربڕین) کە ڕەنگدەرەوەی خودیەتی بۆ ئاراستەکردنی (وەرگر).[3] بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن شارەزایانەوە چەند پلەیەکی هەست دیاری دەکرێت. وەک:

١- (هەستی باش. وەک: یەکدەستی، سەربەستی، دادپەروەری...

٢- هەستی نزیک لە باش. وەک: ڕەوایەتی دان بە کۆشش و هەوڵی دروستی بەرامبەر.

٣- هەستی نە باش ، نە خراپ. وەک: بێلایەنی لە دەربڕینی هەست دا.

٤- هەستی نزیک لە خراپ. وەک: هاندان و ئاراستە کردنی نەرێنی بە ناڕاستەوخۆ.

٥- هەستی خراپ. وەک: ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی نەرێنی لایەنگیری کردن.

٦- هەستی نزیک لە تەمومژاوی. وەک: لایەنگیرییەکی تا ڕادەیەک ناڕوون و تەمومژاوی.

٧- هەستی تەمومژاوی. وەک: لایەنگیرییەکی لێڵ و ناڕوون).[4]

بە گوێرەی (وەرگر)هەر یەکێ لەم هەستانە بە ئەندازەیەک ئاراستە و دەرهاوێشتەکانی ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە وروژاندنی هەستی (وەرگر) و کارتێکردنی.

هەر وەک بە شیکردنەوەی ڕستە و دەستەواژە و وشەکانی ئەم مانشێتانەی خوارەوە (نێرەر) هەستەکانی لە هەمبەر دەوروبەرییەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- هەرچی هەرێم پێی باش بێت ئێمە کارئاسانی بۆ دەکەین (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٥٣، ٢١-١٢-٢٠٠٩)

---

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠١٠، ل٩٠.
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، ل٥٨.
[3] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی، ل٩١.
[4] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، ل٢٠١-٢٠٢.

٢- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆمەڵێک بڕیار بۆ بەرژەوەندی قوتابیان دەردەکات (خەبات، ژ،٣٣١٨، ٥-١١-٢٠٠٩)

٣- ناوی دەیان بەڕێوەبەری بنکەکانی هەڵبژاردن دەخرێتە لیستی ڕەشەوە (ڕۆژنامە، ژ، ٣٦١ ، -٢٢-١٢-٢٠٠٩)

٤- سەرانی کورد چارەنووسیان داینەوە دەست بەڵێنە زارەکییەکان (ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٩، ٨-١٢-٢٠٠٩)

٥- حکومەتی دانیمارک دژی سەربەخۆیی هەرێمی تێبت دەوەستێ (خەبات، ژ، ٣٣٥١، ١٨-١٢-٢٠٠)

٦- ڕەوتێکی بە ناو ڕۆژنامەنووسی، پیشەکە بەرەو هەڵدێرێکی ترسناک دەبات (کوردستانی، ژ،٤٩٦٨، ٤-٩-٢٠٠٩)

٧- دیموکراتی بەغدا یان بەغدای دیموکرات؟ (خەبات، ژ، ٣٣٤٢، ٨-١٢-٢٠٠٩)

لەم ڕستانەی سەرەوە دەتوانین بەم شێوەیە پلەکان دیاری بکەین:

١- (نێرەر) هەستی باشە بەرامبەر بە"هەرێم"، چونکە پیشتیوانی و نیازپاکی خۆی دەردەبڕێت بۆ هەموو کارئاسانییەک.

٢- (نێرەر) هەستی نزیکە لە باش بەرامبەر ئەو کۆمەڵە بڕیارەی لە لایەن وەزارەتەوە دەرکراوە، چونکە بە "بەرژەوەندی" قوتابی دەزانێت.

٣- (نێرەر) هەستی نە باش نە خراپە بەرامبەر بە سزادانی بەڕێوەبەرەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن، چونکە هۆکاری کەمتەرخەمییەکەیانی نەخستوتە ڕوو کە لە سود و زیانی کێدا بوونە."

٤- ( نێرەر)هەستی نزیکە لە خراپ بەرامبەر بە "سەرانی کورد" هەروەک هەرلە سەرەتادا وشەی"سەران"ی بەکارهێناوە کە تانەئامێزە، ڕەخنەی ئەوەش ئاراستە دەکات، کە تەنیا بە "بەڵێنی زارەکیی" و بێ هیچ ڕێکەوتنێکی نووسراو ڕازیکراون، بۆ چارەنووسێکی نادیار ...

٥- (نێرەر) هەستی خراپە بەرامبەر بە سەربەخۆیی بوونی "هەرێمی تێبت"، چونکە لەم بارەیەوە دژایەتی خۆی ڕادەگەیەنێت.

٦- (نێرەر) هەستی نزیکە لە تەمومژاوی بەرامبەر بەو "ڕەوتە ڕۆژنامەنووسییە" چونکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ناوی ئەو ڕەوتەی نەبردووە، کە بە "هەڵدێرێکی ترسناک بۆ سەر پیشەکە" ناویان دەبات.

٧- (نێرەر) هەستی تەم و مژاوییە بەرامبەر بە "دیموکراتی بەغدا"، چونکە مەبەستەکەی شێوەیەکی لێڵ و ناڕوونی هەیە، جگە لەمەش بەشیوەی "ڕستەی پرساری" پەیامەکە ئاراستە دەکات.

## ٢-١٠- هەست ورووژاندن:

مەبەست لێی ورووژاندنی هەستی (وەرگر)ە بە ئاراستەی (پەیام)ەکە و کەوتنە ژێر کاریگەری بۆ هاندان و نواندنی هەڵوێستی تایبەت، بە ئاراستەی باش بێت، یان خراپ. واتە (نێرەر) لەم ڕێگەیەوە هەوڵدەدا (وەرگر) فریو بدا، چ بەهۆی پاداشت و تەماحەوە بێت، چ بەهۆی ترس و هەڕەشەوە بێت، ناڕاستەوخۆ داواکارییەکەی پێ ئەنجام بدا)[١] و مەبەستەکەی بێنێتە دی. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی دروشمی بریقەدار، یاخود بە ورووژاندنی بابەتە هەستیارەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

## ٢-١٠-١- ورووژاندن بە ئاراستەی باش:

ئەم جۆرە ورووژاندنە بە ئاراستەیەکی ئەرێنییە و ئاوێنەی نیاز پاکییە، بۆ بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردنی گەل و وڵاتە. وەک پەروەردەکردنی تاکی نیشتمان پەروەر و بوونی یەکڕیزی، هاوسۆزی و کاری خێرخوازی.[٢] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ڕێژەییە و ناتوانێت بە شێوەیەکی گشتی ئامانجەکە بپێکێت و کاریگەری خۆی بنوێنێت، چونکە هەندێ جار تەنیا وەک دروشمێک دەردەکەوێت. یاخود لایەنی بەرامبەر بە پێچەوانەی دەزانێت، یان هەمان دروشم هەڵدەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دوولایەنەی کاریگەری (باش، خراپ) بەسەر (وەرگر)دا. لەم ڕووەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە ورووژاندن بە پێی (وەرگر) دەگۆڕێت.

بۆ نموونە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی (وەرگر) و ورووژاندنی بە ئاراستەیەکی ئەرێنی، کەرستەکانی ڕستەکە یان مانشێتەکە بریتی دەبێت لەو وشە هەستیارانەی کە ڕاستەوخۆ (وەرگر) خێرا دەورووژێنێت.

١- بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی مافەکانمان دەستەبەر دەکەین (خەبات، ژ، ٣٢٥١، ١٦-٨-٢٠٠٩)

٢- یەک هەڵوێستی لە یەک لیستییدا نییە، لە گوتاری هاوبەشدایە (ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٥ ، ١-٩-٢٠٠٩)

لەم مانشێتانەدا وشەکانی (یەکڕیزی، یەکهەڵوێستی، گوتاری هاوبەش) کە بنەمای دەستەبەرکردنی مافەکانە،(وەرگر) بە ئاراستەیەکی باش دەورووژێنێت.

هەروەها ئەو وشە و دەربڕینانەی کە لە ڕیکلامی هەڵبژاردنەکاندا بەکاردێ، هەمیشە مەبەست لێی ورووژاندنی (وەرگر)ە بە ئاراستەیەکی باش. وەک:

٣- لە پێناو سبەی دەنگ بە لیستی کوردستانی بدە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٠٣، ٢٢-٦-٢٠٠٩)

٤- بۆ خۆشگوزەرانی خۆت و خێزانەکەت دەنگ بدە بە لیستی کوردستانی (خەبات، ژ،٣٢١٠، ٢٨-٦-٢٠٠٩)

---

[١] - عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ل٥٧.
[٢] - بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، بەشی پێنجەم، ل٢٠٠- ٢٣٢.

لێرەدا هەردوو مانشێتەکە هەڵگری دەربڕینی ورووژێنەرن بە ئاراستەی باش، چونکە مەبەست لێی هەنگاونانە بەرەو داهاتوویەکی ڕوون و خۆشگوزەرانی گەل.

- بۆ کاریگەری وروژاندن بە هەردوو ئاراستەکەیەوە ڕێژەییە؟

چونکە کاتێ هەوڵی وروژاندنی (وەرگر) دەدرێت، لەلایەکی ترەوە لایەنی ڕکابەر هەوڵی دۆزینەوەی بۆ شاییەک دەدات بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی بە ئاراستەی مەبەستەکەی بنوێنێت. وەک:

٥- بژێوی فەرمانبەران باشتر دەکەین (کوردستانی نوێ، ژ ، ٤٩٠٤ ، ٢٣-٦-٢٠٠٩)

٦- مووچە بە یاسا دیاریدەکرێت و بەڵێنی زیادکردنیشی تەنیا بانگەشەیە (رۆژنامە، ژ ،٥٠٦، ٧-٧-٢٠٠٩)

بە سەرنجدان لەم دوو مانشێتەی سەرەوە، دوو هەوڵی پێچەوانەی یەکترن بە مەبەستی وروژاندنی (وەرگر). لەم بارەشدا هیچیان ناتوانن کاریگەری خۆیان بە هیچ یەکێ لە ئاراستەکان بە شێوەیەکی ڕەها بنوێنن.

لایەنێکی تری وروژاندن ئەوەیە بە شێوەیەکی دوولایەنەی (باش ، خراپ) دەردەکەوێت.

واتە هەڵگری هەردوو خەسڵەتی وروژاندنە (بە ئاراستەی باش) و( بە ئاراستەی خراپ).

جگە لەوەش هەرلە یەک ئاراستەشدا بە پێی (وەرگر) دەگۆڕێت. وەک:

٧- ئەرکی ئاشتەوایی نیشتمانی بە ئەندازیاری دابەشکردنی عێراق دەسپێردرێت (رۆژنامە، ژ، ٥٠٣، ٢-٧-٢٠٠٩)

٨- یانەی وەرزشی هەولێر ئەمساڵیش یەکەمی عێراق بوو (کوردستانی نوێ، ژ،٤٩٧٥، ١٧-٧-٢٠٠٩)

لە مانشێتی یەکەمدا دەربڕینی (ئاشتەوایی نیشتمانی) وروژاندنە (بە ئاراستەی باش )، کەچی دەربڕینی (ئەندازیاری دابەشکردنی وڵات) کە پێچەوانەی دەربڕینی یەکەمە بە شێوەیەکی گشتی بە لای (وەرگر) وروژاندنە (بە ئاراستەی خراپ)، لەبەر ئەوەی هۆکارێکە بۆ ڕێگری لە ئاراستە ئەرێنییەکەش. هەر لەم بارەوە دەربڕینی (دابەشکردنی عێراق) ئاراستەی وروژاندنەکە بەپێی (وەرگر) کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت. بەلای ئەوانەی لەگەڵ یەکێتی خاکی ئێراقدان، وروژاندنە (بە ئاراستەی خراپ)، بەڵام بە لای ئەوانەی لەگەڵ دابەشکردن دان، وروژاندنە (بە ئاراستەی باش). هەروەها لە ڕستەی دووەمدا، دەربڕینی یەکەمبوونی "یانەی هەولێر" تەنیا بۆ هاندەرانی یانەکە وروژاندنە (بەئاراستەی باش)، بەڵام بۆ هاندەرانی یانەی ڕکابەر بە پێچەوانەوە وروژاندنە (بەئاراستەی خراپ). کەواتە وروژاندن و ئاراستەکەی بەپێی (وەرگر) دەگۆڕێت.

## ٢-١٠-٢- وروروژاندن بۆ ئاراستەی خراپ:

جۆرە وروروژاندنێکە بە ئاراستەیەکی نەرێنی، لە ڕێگەی پروپاگەندەی دەروونی، بە مەبەستی خلیسکاندنی تاک و کۆمەڵ بۆ ئامانجی گڵاو و نەهێشتنی بەهای تاک و پیرۆزییەکانی نیشتمان، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵ و دابەزاندنی ورە و نانەوەی دووبەرەکی نێوان دوو وڵات یان دوو نەتەوە، یاخود بەهۆی ململانێ و ڕکابەری نێوان دوو هێز یان چەند هێزێکی سیاسی نێوخۆیی بە بەمەستی گرتنە دەستی دەسەڵات.

بۆئەو مەبەستەش لە دروشمەکانیان هەمیشە پەنا دەبەنە بەر ئەو وشە و دەستەواژە ڕازاوە و بریقەدارانەی وروروژێنەر و کاریگەرن بۆ ئەوەی هەستی زۆرینەی جەماوەر بە ئاراستەی خۆیان بورووژێنن.

بۆ نموونە ئەو دوو مانشێتە ڕیکلامییەی پێشتر وەرمانگرت، کە بریتی بوون لە:

١- تەنیا پێکەوە دەتوانین خۆشەویستی و ئاشتی وەدی بهێنین (خەبات، ژ، ٣٠٨٢، ٢٨-١-٢٠٠٩)

٢- لیستی کوردستانی ئاسۆی یەکبوونی خەڵکی کوردستانە (کوردستانی نوێ، ژ،٤٨٦٨، ١٢-٥-٢٠٠٩)

٣- لە پێناو سبەی دەنگ بە لیستی کوردستانی بدە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٠٣، ٢٢-٦-٢٠٠٩)

٤- بۆ خۆشگوزەرانی خۆت و خێزانەکەت دەنگ بدە بە لیستی کوردستانی (خەبات، ژ،٣٢١٠، ٢٨-٦-٢٠٠٩)

بە گریمانەی ئەوەی کە هەرچوار مانشێتەکە (وروروژاندنە بە ئاراستەی باش)، کەواتە ئەم دوو مانشێتەی پێچەوانە کە هی لیستی بەرامبەر و ڕکابەرە:

٥- لیستی کوردستانی بڕوای بە ڕێکەوتن نییە (ڕۆژنامە، ژ،٣٤٦، ٨-٩-٢٠٠٩)

٦- لیستی کوردستانی، پێش وادەی یاسایی هەڵبژاردن بانگەشەی دەستپێکرد (ڕۆژنامە، ژ،٤٨٠، ١-٦-٢٠٠٩)

هەوڵێکە بۆ (وروروژاندن بە ئاراستەی خراپ)، چونکە هۆکارێکە بۆ بێ هیواکردن و نەمانی متمانەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و پێشێلکردنی بنەما یاساییەکان بەلای (وەرگر)ەوە.

دیسانەوە بە هەمان شێوەی پێشوو، وروروژاندن بە پێی کاریگەری ئاراستەکەی (وەرگر) دەگۆڕێت. واتە دەکرێت ڕەنگدانەوەکەی پێچەوانە بێت.

## ٢-١١- ڕێکخستنی زانیاری لە مانشێت دا:

بە هۆی ئەوەی مانشێت یەکەمین دەروازەی گەیاندنی زانیارییە بە وەرگر ، بۆیە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەو ڕستانەی دەکرێن بە مانشێت دروستی ڕێکخستنی زانیارییە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی ڕوون و خێرا زانیارییەکان بگەیەنێتە وەرگر. بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێکخستنی زانیارییدا، مەبەست لێی گەیاندنی زانیاری نەزانراوە. ئەمەش (ئاستی پراگماتیک دەگرێتەوە کە بەپێی گرنگی و ناگرنگیان کەرستەکانی ڕستە لەلای "نێرەر و وەرگر"، زانراو"کۆن " و نەزانراو "نوێ"یان سەر لە نوێ جارێکی تر ڕێک دەخرێنەوە. جیاکردنەوە و دیاری کردنی دانەکانی ئەم ئاستە پەیوەستە بە دەوروبەری قسەوە).[1] واتە زانیارییەکان بەپێی بنەمای پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر ڕێکدەخرێن.

لەم بارەشدا ڕیزکردنی کەرستەکان بەپێی قوتابخانەی "بەرهەمهێنان و گواستنەوە" وەک بیرۆکەیەکی تەواو کە لێکۆڵینەوەیان تێدا کردووە، دروستەی زانیاری پەیوەست دەکەن بە زانیاری زانراو"کۆن" و نەزانراو "نوێ". کە هەمیشە زانیاری زانراو"کۆن" دەبێتە سەرچاوە، یان بابەتی زانیاری نەزانراو"نوێ"،[2] بۆیە لە ڕیزکردنی کەرستەکان دا وەک دەروازەیەک بۆ گەیاندن و ناساندنی زانیاری نەزانراو"نوێ" زانیاری زانراو"کۆن" پێش دەخرێت، چونکە بە بێ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە ناتواندرێت لە پرۆسەی گەیاندنی زانیارییەکان دا لەیەکتر گەیشتن بێتە ئاراوە. کەواتە بە پەیوەست بوون بەدەوروبەری دیاریکراو، زانیاری زانراو"کۆن" دەبێتە خاڵی دەستپێک و پەیوەندی نێوان "نێرەر و وەرگر". بۆ ئاشناکردن و بەدوا داهاتنی زانیارییە نەزانراو"نوێ"یەکان. وەک:

١- ئاسیاسێڵ نرخی قسەکردن زیاد دەکات (ڕۆژنامە، ژ،٣٨١، ١١-١-٢٠٠٩)

٢- کوردستان لە بارترین شوێنی چالاکی ئابورییە لە تەواوی ئێراقی فیدراڵدا (خەبات، ژ، ٣١٧١، ١٣-٥-٢٠٠٩)

٣- تەلاری هونەر لە زاخۆ بە (٦) ملیۆن دۆلار دروستکرا (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٩، ١٣-٥-٢٠٠٩)

١- ئاسیاسێڵ نرخی قسەکردن زیاد دەکات.

ئاسیاسێڵ: ( زانیاری کۆن ، زانراو)

نرخی قسەکردن زیاد دەکات : (زانیاری نوێ، نەزانراو)

٢- کوردستان لە بارترین شوێنی چالاکی ئابورییە لە تەواوی ئێراقی فیدراڵدا.

کوردستان: ( زانیاری کۆن ، زانراو)

لە بارترین شوێنی چالاکی ئابورییە لە تەواوی ئێراقی فیدراڵدا: (زانیاری نوێ ، نەزانراو)

٣- تەلاری هونەر لە زاخۆ بە (٦) ملیۆن دۆلار دروستکرا.

[1] - محەمەد مەعروف فەتاح، باس لە جۆرێک لە ڕستەی کوردیدا،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ، ١٢٨، بەغدا-١٩٩٢، ل٤٥.
[2] - کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم ، سلێمانی - ٢٠٠٨، ل١٢٣.

تەلاری هونەر: ( زانیاری کۆن ، زانراو)

لە زاخۆ بە (٦) ملیۆن دۆلار دروستکرا: (زانیاری نوێ، نەزانراو)

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی (ئاسیاسێڵ، کوردستان، تەلاری هونەر) بە هۆی ئەوەی "زانیاری زانراون"، بۆیە بوونەتە دەستپێک یان بەشی یەکەمی ڕستە و "زانیارییە نەزانراو"ەکانی بەشی دووەمی ڕستەکانیان بە دوادا هاتووە.

واتە لە ڕێکخستنی زانیارییدا "زانیارییە زانراوەکان" هەمیشە دەبن بە دەروازەیەک بۆ گەیاندنی "زانیارییە نەزانراوەکان" هەروەک لەم نموونانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە بەلادانی بەشی یەکەمی ڕستەکە کە هەڵگری "زانیاری زانراوە"، لەم دۆخەدا بەشی دووەم کە "زانیاری نەزانراوە" واتای ڕستەکە ئاڵۆز دەبێت و ناتوانێت مەبەستەکە بگەیەنێت. هەروەها لێرەدا ئەوەش ڕوون دەبێتەوە، کە (لە سنوری تاکە ڕستەیەکیشدا دەتواندرێت زانیاری زانراو و نەزانراو دیارییبکرێت بە هۆی دەوروبەرەوە کە نەک هەر پلە و پایە هاوبەشەکان، بەڵکو زانیاری هاوبەش و بیروباوەڕ و باری قسەکردنیش لە خۆ دەگرێت).[1] کەواتە زانیاری زانراو و نەزانراو تەنیا لە پرسیار و وەڵامدا بەدی نایەت، بەڵکو لە تاکە ڕستەیەکیش بەدی دێت.

[1]- ژیان عبداللە محمد، واتای ڕستە و ڕۆڵی لە کردەی پەیوەندیکردندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر- ٢٠١٤، ل٢٤

## بەشی دووەم: باس و خواس لە مانشێتی ڕۆژنامەکاندا:

مانشێتەکان بەهۆی ئەوەی یەکەیەکی خێراگەیەنەری زانیارییە نەزانراوەکانن، بۆیە جگە لە گواستنەوەی ڕووداوەکان و ئاگادارکردنەوە و هۆشیاریدان بە وەرگر، ڕۆڵی سەرەکیش دەبینن لە دانانی کاریگەری بۆ وروژاندن و ئاراستەگۆڕین و هەڵوێست دەربڕین. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا داڕشتەی ئەو ڕستانەی دەکرێن بە مانشێت، وەک هەر ڕستە و ئاخاوتنێکی تر، بۆ گەیاندنی زانیارییە نەزانراوەکان، سەرەتا بە زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر پاڵپشت دەکرێت. واتە ئەو زانیاریيانەی لە چوارچێوەی تاکە ڕستەیەکیشدا ڕێکدەخرێن، بریتی دەبێت لە زانیاری زانراو و زانیاری نەزانراو.

بۆ ئەم مەبەستەش لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر بەش و پێکهاتەی زانیارییەکانی ڕستەی مانشێتەکان. کە بەپێی ڕێزمانی ئەرکی ڕستە لە دوو کەرت پێکدێت. کەرتی یەکەم کە هەڵگری زانیاری هاوبەشە، دەبێتە (باس) و کەرتی دووەم کە هەڵگری زانیاری نەزانراوە، دەبێتە (خواس). هەروەها هەوڵدەدەین هەردوو جۆری (باس) واتە باسی(نیشانەنەکراو و نیشانەکراو) بخەینەڕوو.[1] کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی ڕیزبەندی کەرستەکانی مانشێتەکان بۆ (تەوەرەی باس)، بەپێی ڕێسا و یاسا ڕێگە دراوەکانی ڕستەسازی زمانەکە. کە لە ڕیزکردنی کەرستەکاندا (ئەرکە سیمانتیکییەکان) و ئەرکەکانی (بەلوتکەکردن و هێزخستنەسەر) کە دەگەڕێتەوە بۆ واتای بابەتی ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گۆڕانی واتا و مەبەستدا. لەم بارەشدا (ئەرکە پراگماتیکییەکان) واتە ئەرکەکانی (ناوەوە و دەرەوە) بەپێی دەوروبەری دیاریکراو، بە وردی زانیارییە بارکراوەکانی نێو ڕستە بۆ دەرخستنی واتا و مەبەستی دیاریکراو لێکدەداتەوە.

هەروەها ئەوەش ڕوون دەبێتەوە، لە ڕێکخستن و ئاڵوگۆڕی ئەو زانیاریيانەی لە چوارچێوەی ڕستەدا دێتە ئاراوە، ئاستەکانی (سینتاکس، سیمانتیک، پراگماتیک) هاوشان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی نێوان نێرەر و وەرگر.

**٣-١- تەوەرەی باس (سەرباس):**

**٣-١-١- هەڵبژاردنی وشە بۆ تەوەرەی باس:**

**٣-١-٢- ئەرکی ڕاگەیاندن لە تەوەرەی باس دا:**

**٣-١-٣- تێروانینی ئەرکی بۆ ڕستە:**

**٣-١-٣-١- دەوروبەر:**

**٣-١-٤- پرۆسەی زانیاری گۆڕینەوە لە ڕستە دا:**

**٣-٢- ئەرکە سیمانتیکییەکان لە ڕستە دا:**

**٣-٢-١- ئەنجامدەر:**

**٣-٢-٢- کارتێکراو:**

**٣-٢-٣- ئەنجام:**

**٣-٢-٤- کات:**

**٣-٢-٥- شوێن:**

[1] - ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ،هەولێر - ٢٠٠٨، ل٢٣

**٣-٢-٦- ئامراز:**

**٣-٢-٧- ئامانج:**

**٣-٢-٨- هێز:**

**٣-٢-٩- تەوەرە:**

**٣-٢-١٠- ئەزموونكار:**

**٣-٢-١١- قوربانی:**

**٣-٢-١٢- سوودمەند:**

**٣-٣- واتای بابەتی:**

**٣-٣-١- بەلوتكە كردن (لوتكاندن):**

**٣-٣-٢- هێز خستنەسەر:**

**٣-٤- ئەركە پراگماتیكییەكان لە ڕستەدا:**

**٣-٤-١- ئەركە دەرەكییەكان:**

**٣-٤-١-١- تەوەرە Theme:**

**٣-٤-١-٢- شوێنكەوتوو Tail:**

**٣-٤-١-٣- بانگكراو Vocative:**

**٣-٤-٢- ئەركە ناوەكییەكان:**

**٣-٤-٢-١- سەرچاوە Focus:**

**٣-٤-٢-٢- باس Topic:**

## ٣-١- تەوەرەی باس (سەرباس):

هەڵبژاردن و دیاریكردنی تەوەرەی (پەیام) ئاخاوتنە، بە پەیوەستبوون بە ناوەڕۆك و ڕێكخستنی (پەیام) ئاخاوتنەكە.[1] (پەیام) ئاخاوتن وەك یەكەیەكی گەیاندنی زانیاری بە (وەرگر)، ئەگەرچی هەر ڕستەیەك سەرباس و كورتكراوەی درێژە و ناوەڕۆكی بابەتێكە، كەچی لەگەڵ ئەمەشداهەر ڕستەیەكیش خاوەن (سەرباس)ێكە.

چونكە نێرەر لە گەیاندنی (پەیام) سەرەتا لە ڕێگەی (سەرباس)ێكەوە بۆ ڕێگە خۆشكردن و ئاشناكردنی بابەتەكە و بەرچاوڕوونی (وەرگر) مەبەستەكەی دەخاتەڕوو. كە ئەمەش واتە (سەرباس) ئەركی ڕێكخستن و ناساندن و دیاریكردنی كورتی و درێژی (پەیام)ئاخاوتن لە خۆدەگرێت،[2] كە دەبێتە دەروازەیەك بۆ گەیاندنی درێژەی بابەتەكە.

كەواتە تەوەرەی باس لەهەر ئاخاوتنێك كە لە نێوان (نێرەر و وەرگر) دێتە ئاراوە، (نێرەر) بۆ ئەوەی بتوانێت زانیارییە تازەكە ڕوونتر بگەیەنێت (سەرەتا هەوڵ دەدات بۆ ناساندنی بابەتەكە و پێش خستنی یان گۆڕانی لە كاتی پێویستدا. بۆ ئەو مەبەستەش هەر زنجیرە ئاخاوتنێك

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، شیكردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی كوردیدا ، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی، چاپی یەكەم،٢٠١١، ل٩٩.

[2] - سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو

سەرباسێکی خۆی هەیە و بەپێی پەیوەندی نێوان (نێرەر و وەرگر) و تەمەن و پیشە و شوێن و کات دەگۆڕێت).[1] وەک: (ماوەکە ناتبینم؟، چ هەیە، چ نیە؟ خێرە لێمان ناپرسی ......یاخود لەم ڕستەیە دا: "مووچەی ئەم مانگە بێ پاشەکەوت دەدرێت" هەموو ئەمانە دەبن بە تەوەری باس و بەدوا داهاتنی زانیاری تازە و درێژەی بابەت. کەواتە هەر ئاخاوتنێک یان ڕستەیەک تەوەرەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی. لەم بارەشەوە تیشک دەخەینە سەر چەند خاڵێک:

**٣-١-١- هەڵبژاردنی وشە بۆ تەوەرەی باس:**

**٣-١-٢- ئەرکی ڕاگەیاندن لە تەوەرەی باس دا:**

**٣-١-٣- تێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە:**

**٣-١-٤- پرۆسەی زانیاری گۆڕینەوە لە ڕستە دا:**

## ٣-١-١- هەڵبژاردنی وشە بۆ تەوەرەی باس:

زمان کردەیەکی کەسیی و بەرفراوانە بەپێی ئاستی (نێرەر) بۆ دەربڕینی مەبەستی جۆراوجۆرە لە بەکارهێنانی دا. لەمبارەوە دەربڕین و چۆنیەتی داڕشتنی پەیوەستە بە هەڵبژارنی ئەو وشە ڕێکخراوانەی لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی زمانەکەی دا بوونی هەیە، بۆ هاوشانکردنی مەبەست و دەربڕینەکەی. واتە نێرەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو وشە کاریگەرانەی هاوپێچی ئامانج و مەبەستەکەیەتی دەربڕینەکان بەپێی بابەت و دۆخی گوتن ڕێکدەخات[2]. هەروەها ئەو شێوازە تایبەتە سینتاکسییەی هەیەتی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە چۆنیەتی ڕێکخستن و گونجاندنی ئەو زانیارییانەی دەیخاتەڕوو. ئەمەش بە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنێکی زۆری لەبەردەم دایە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانە ڕێزمانییەی کە به باشتری دەزانێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی لە ناو هەموو ئەو ڕۆنانانە دا کە زمانەکە ڕێگایان دەدات[3]. بۆ ئەوەی بەپێی خواست و مەبەست کام وشە بکات بە تەوەرەی باسەکە. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەسپێکی بابەت وەک لە بنەمادا مەبەست و ئامانجی وروژاندن و کێش کردنی سەرنجی گوێگر(وەرگر)ە، بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە. ئەمەشیان بە هۆی هەڵبژاردنی ئەو وشانەیە بۆ تەوەرە، (کە کاریگەرن لە دروستکردنی پەیوەندییەکی گونجاو و ڕێکوپێک لە نێوان نێرەر و وەرگر)،[4] تا مەبەستەکە زەقتر نیشان بدات و زیاتر سەرنج ڕاکێش بێت بەلای وەرگر، کە ((نێرەر بەهۆی شێوەی ڕێکخستنی مەبەستەکەوە دەیگەیەنێت: چی کەرەسەیەک پێش دەخات، چی دەباتە دواوە و لەسەرچی دروست دەبێت و چی بەلایەوە گرنگ نییە)).[5] لەم بارەشدا مەبەستی نێرەر هەر ئەوە نییە بۆ وەرگر تەنیا (چەند ڕاستییەک بگوازێتەوە، بەڵکو دەیەوێت هەست و سۆزی خۆی دەربارەی ئەم ڕاستییانەش بگوازێتەوە).[6] بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی کاریگەر بێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە لە داڕشتنی ڕستەیەکی هەواڵی کە پێکهاتەکەی بریتی بێت لە کەرستەکانی: (بکەر، بەرکار، کات، شوێن، ژمارە، کار). وەک:

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی پراگماتیک، ل١٧٤.
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی سێیەم، هەولێر- ٢٠١٥، ل٦٥.
[3] - مەحەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل١٦٥.
[4] - عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، ل١٥٩.
[5] - مەحەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل١٦٥.
[6] - ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە، ل٢٢.

پۆلیسێک، دوو تاوانباری، ئەمڕۆ، لە هەولێر، دەستگیرکرد". لێرەدا نێرەر ئەو کەرستە هاوبەش و کاریگەرە دەکاتە دەسپێک، کە هەڵگری مەبەستەکەیەتی.

بەڵام نابێت ئەوەشمان بیر بچێت هەرچەندە لە زمانی ڕۆژنامەنووسیدا بەهۆی ئەوەی ڕووی پەیام لە جەماوەرە بەگشتی، بۆیە لە داڕشتنی مانشێتدا گرنگی زانیارییەکان ئەوە دەسەپێنێت، کام وشە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گەیاندنی مەبەستی پەیامەکەدا، نەک سۆز و لایەنداری ئەگەرچی سەرچاوەی پەیامەکەش بێلایەن نەبێت. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا پێکهاتەی هەر دەربڕینێک جگە لە مەبەستی سەرەکی مەبەستێکی تری لاوەکی هەیە. وەک:

- پەرلەمانتارانی عێراق لەسەر ساختەکارییەکان دێنە دەنگ (رۆژنامە، ژ، ٥٢٤، ٣-٨-٢٠٠٩)

- ئێراق بە ئامێری پێشکەوتوو سنورەکانی چاودێری دەکات (خەبات، ژ، ٣٣٤٠ ، ٦-١٢-٢٠٠٩

- وەفدی هەرێم لە ئەمریکا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٥٣، ٢١-١٢-٢٠٠٩)

١- پەرلەمانتارانی عێراق لەسەر ساختەکارییەکان دێنە دەنگ.

أ- پەرلەمانتارانی عێراق لەسەر ساختەکارییەکان دێنە دەنگ.

ب- لەسەر ساختەکارییەکان پەرلەمانتارانی عێراق دێنە دەنگ.

٢- ئێراق بە ئامێری پێشکەوتوو سنورەکانی چاودێری دەکات.

أ- ئێراق بە ئامێری پێشکەوتوو سنورەکانی چاودێری دەکات.

ب- بە ئامێری پێشکەوتوو ئێراق سنورەکانی چاودێری دەکات.

٣- وەفدی هەرێم لە ئەمریکا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا.

أ- وەفدی هەرێم لە ئەمریکا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا.

ب- لە ئەمریکا وەفدی هەرێم چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا.

هەریەکێ لەم مانشێتانەی سەرەوە ئەگەرچی یەک بیر دەگەیەنن، بەڵام چۆن لە (ڕۆنان)دا جیاوازن بەهەمان شێوە لە (هەست)یشدا جیاوازن، چونکە نێرەر ئەو ڕۆنانە ڕێزمانییەی هەڵبژاردووە، کە بە باشتری زانیووە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی و دانانی کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگر.[1] بۆیە لە مانشێتی (١- أ ) وەڵامی پرسیاری (کێ) "لەسەر ساختەکارییەکان دێنە دەنگ"، دەداتەوە. بەڵام لە مانشێتی (١- ب)دا وەڵامی پرسیاری (بۆچی) "پەرلەمانتارانی عێراق دێنە دەنگ"، دەداتەوە. لە مانشێتی (٢- أ) وەڵامی پرسیاری (کێ) "بە ئامێری پێشکەوتوو سنورەکانی چاودێری دەکات"، دەداتەوە. بەڵام لە مانشێتی (٢- ب)دا وەڵامی پرسیاری (چۆن) "ئێراق سنورەکانی چاودێری دەکات"، دەداتەوە. لە مانشێتی (٣- أ) بە

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی، ل١٠٤.

هەمان شێوە وەڵامی پرسیاری (کێ) "لە ئەمریکا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا"، دەداتەوە. بەڵام لە مانشێتی (٣- ب)دا وەڵامی پرسیاری (لەکوێ) "وەفدی هەرێم چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا"، دەداتەوە.

بە سەرنجدان لەم نموونانە دەردەکەوێت، کە هەڵبژاردنی ڕۆنان بۆ کێشکردنی سەرنجی (وەرگر) لە گەیاندنی مەبەستی (پەیام)دا، ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت. بۆیە دواجار نێرەر ئەو ڕۆنانەی هەڵبژاردووە، کەلە دەسپێکدا کام وشە پەیوەندییەکی کاریگەر و دروست و ڕوون دێنێتە ئاراوە.

## ٣-١-٢- ئەرکی ڕاگەیاندن لە تەوەرەی باس دا:

زمان وەک گرنگترین ئامرازی ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە خستنەژێر کاریگەری بەرامبەردا. کە لەم ڕێگایەوە دەتواندرێت جگە لە ئەرکی گواستنەوەی زانیاری نوێ و جۆراوجۆر بۆ دەوروبەر و ئێستا و داهاتووش، هەروەها بەدەر لەم ئەرکە دەتواندرێت بۆ ئەرکی ڕازیکردن و کاریگەری بێت، واتە بۆ ئاراستە کردن بە پێی خواست و مەبەستی دیاریکراو وەک بە کارهێنانی زمان بۆ ڕیکلام، وەیا ڕاستکردنەوەی ڕەفتارێکی نارێک، یاخود دیاردەیەکی نامۆ.....هتد.[1] بۆ ئەم مەبەستەش نێرەر لە گەیاندنی پەیامدا سەرەتا پەنا دەباتە بەر ئەو زانیارییە هاوبەش و زەقەی کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دانانی کاریگەری و وروژاندنی وەرگر بە ئاراستەی مەبەستی پەیامەکەی. واتە ئەم ئەرکە لە ڕستە یان هەر ئاخاوتنێکی دیکە، ئەرکی زانیاری گەیاندنە لە نێوان نێرەر و وەرگردا، بە پێی مەبەستەکەی، کە بەهۆی زانیاری هاوبەشی نێوانیان دێتە ئاراوە. (ئەم زانیارییەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی خاڵی بەهێز و بێهێزی وروژێنەری وەرگر بکەوێتە دەست ئاخێوەر و ئاخاوتنێکی کاریگەر بێتە ئاراوە).[2] کەواتە نێرەر بۆ گەیاندنی زانیارییە نەزانراوەکان پشت بە زانیاری زانراو دەبەستێت، بۆ ئەوەی وەرگر بخاتە ژێر ڕکێفەوە.

لەم بارەشدا زانیارییە زانراوەکە دەبێتە تەوەرەی باس و ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی خاڵی پەیوەندی نێوانیان دەبینێت، واتە تەوەرەکە دەبێتە دەروازەیەک بۆ گەیاندنی زانیاری نەزانراو بە وەرگر. کەواتە ((جگە لەوەی دەبێتە خاڵی دەست پێکردنی ڕستەکە "دەشبێتە" زانیاری زانراوی پێویست بۆ ڕستەکە))[3] بۆ ئەو مەبەستەش نێرەر بەپێی ئەو شێوە ڕێزمانییەی هەیەتی زانیارییەکانی ڕێکدەخات. واتە نێرەر چەند ئەگەرێکی ڕیزکردنی زانیاری هەیە، لە هەر یەکێ لەم ئەگەرانەش پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە گریمانە دەکرێت وەرگر بیزانێت بۆ بەدوا داهاتنی ئەو زانیارییە نەزانراوانەی دەیخاتەڕوو.[4] لەم بارەیەوەش لە هەر جۆرە ڕیزکردنێکدا تەوەرە ئەرکێکی جیاواز دەبینێت، چونکە (تەوەرەی باس پەیوەندار نییە بە دیاریکردنی باری شیکردنەوەیی، بەڵکو ئەو کەرستەیەی دراوەتە پاڵی باری شیکردنەوەیی دیاریدەکات).[5] کە تەوەرەی باس چ ئەرکێکی بینیوە. واتە ئەرکی تەوەرە بەندە بەچۆنیەتی ڕیزکردنی زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر. وەک:

---

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل٦٤.
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر- ٢٠١٥، ل١١٤.
[3] - کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، ل١٢٣.
[4] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل٦٨.
[5] - محمد بودية، الوظيفية في اللسانيات العربية ، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلم الانسانية والاجتماعية ، جامعة محمد خيضر، قسم الادب العربي، الجزائر- ٢٠٠٨، ص٨٤

١- چوارحیزبەکە ماڵئاوایی دەکەن (رۆژنامە، ژ، ٥٤٩، ٢٩-٩-٢٠٠٩)

٢- بەغدا لە مەترسییەکانی دانانی بودجەی تەواوکاری ئاگادار دەکرێتەوە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٩٠، ٥-١٠-٢٠٠٩)

٣- بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٠ هیچ ناکۆکی لەسەر نییە (خەبات، ژ،٣٣٦٠، ٢٩-١٢-٢٠٠٩)

لەم مانشێتانەی سەرەوەدا وشەکانی "چوار حیزبەکە ، بەغدا ، بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٠" بوونەتە تەوەرە و زانیاری هاوبەشی نێوان (نێرەر) و (وەرگر)، کەهەر یەکەو ئەرکێکی تایبەتی بینیوە. لە ڕستەی یەکەمدا، "چوار حیزبەکە" ئەرکی بکەری بینیوە، کەچی لە ڕستەی دووەمدا "بەغدا" ئەرکی جێگری بکەری بینیوە. لە ڕستەی سێیەمیشدا"_بودجەی گشتی ساڵی٢٠١٠" ئەرکی نیهادی بینیوە. هەروەها نێرەر لەهەر یەکێ لەم زانیارییانەدا کە لە سنگی ڕستەکاندا هاتووە، گریمانەی ئەوەی کردووە، کە وەرگر دەیزانێت. واتە وەرگر لە ڕستەی یەکەمدا، زانیاری پێشوەختەی لە سەر"چوار حیزب"ی بەیەکەوە هاوپەیمان، لە ڕستەی دووەمدا، "بەغدا" وەک پێگەی بڕیار، لە ڕستەی سێیەمدا، "بودجەی گشتی" بەدیاریکراوی ساڵەکەی" لاهەیە. بۆیە بەدەر لەم چوارچێوەیە ناتواندرێت پرۆسەی لەیەکتر گەیشتن بێتە ئاراوە. هەروەها ڕۆڵی ئەرک لە تەوەرەی باس دا بەند نییە بەبینینی تەنیا ئەرکێکی دیاریکراو لە گەیاندنی زانیاریدا بەڵکو ڕیزکردنی زانیارییەکان ئەوە دەردەخات، کە تەوەرەکە چ ئەرکێک دەگەیەنێت. چونکە هەروەک ئاماژەمان پێدا ئەرکی تەوەرەی باس بەستراوە بە زانیاری زانراو.

## ٣-١-٣- تێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە:

دەرکەوتنی قوتابخانە و ڕێباز و تیۆرەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردوو، لەبارەی زمانەوانییەوە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە زمانییەکان هەمەلایەنە تر و زانستییانە تر ئەنجام بدرێن. واتە لە ڕوانگە و بۆچوونی هەمە لایەنەوە زمان خرایە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.
بۆ ئەم مەبەستەش یەکێ لەو بۆچوونە گرنگانەی کە تیشک دەخاتە سەر ڕستە ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە Functional Sentence Perspective)یە. سەرەتای ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکێ لە وتارەکانی "ماتسیوس Mathesius"ی ( ١٨٨٢ - ١٨٤٥ز) دامەزرێنەری قوتابخانەی "پراگ" (١٩٢٦ز) کە لەبارەی شیکردنەوەی بنیاتی پێکهاتن لە ئینگلیزی و چیکی دا بە ناونیشانی (ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە Functional Sentence Perspective.[١] هەروەها نابێت ئەوەشمان بیر بچێت ((لە ڕوانگەی قوتابخانەی "پراگ" زمان سێ ئەرکی هەیە:

١- ئاستی ڕێزمان (کە وشەسازیش دەگرێتەوە)

٢- ئاستی واتا

[١] - يحى احمد، الاتجاه الوظيفي و دوره في تحليل اللغة ، مجلة عالم الفكر، جلد (٢٠)، عدد(٣)المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب ،الكويت ـ ١٩٨٩، ص٧٥.

٣- ئاستی قسەکردن))[1]

لەم ڕووەوە بەپێی (ڕێزمانی ئەرکی Functional Grammar) زمان وەک فاکتەرێکی پەیوەندی کردن لە ناو کۆمەڵدا، کە ئاخێوەرانی بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی جیاجیا بەکاریدێنن. واتە هەر تەنیا فاکتەرێک نییە بۆ لە یەکتر گەیشتن، بەڵکو بۆ دەربڕینێک بە ئامانجی ڕازیکردن و وروژاندن و دەربڕینی هەست و سۆز.....هتد ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت. هەروەها لە بارەی ڕستەوە، پێکهاتەی هەر ڕستەیەک لە دوو کەرتی پەیوەست بە یەکترەوە پێکدێت. کەرتی یەکەم هەڵگری دەبێتە زانیاری پێشینە و هاوبەشی نێرەر و وەرگر، زانیاری دراوی لە بارەی کەرتی یەکەمە. واتە نێرەر سەرەتای دەربڕینی بە زانیاری زانراوی لای وەرگر دەست پێدەکات، هەروەها لە زمانی کوردیدا بەپێی بنەمای سەرەکی ڕیزبوونی کەرستەکان، هەمیشە ئەرکی بکەر دەبینێت، یان بەندە بە بکەرەوە. کە دەبێتە بابەتی (Subject) قسەکردنەکە و دواتر وەک تەواوکەری زانیارییە زانراوەکە، گوزارە (Predicate)ی ڕستەکە دێت، کە بەندە بە بەشی کردارەوە و زانیاری نەزانراوی لای نێرەر بۆ وەرگر لە خۆدەگرێت.[2] کەواتە لەسەر ئاستی ئاخاوتن ((بیری ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە دەردەکەوێت. ئەم شیکردنەوەیە لەسەر دامەزراندنی بەهای پەیوەندی زمان هەڵدەستێت، کە زمان وەکو هۆیەکی دەربڕاوی کاریگەر بەکار دێت. تەنها شتێکی ڕووت نییە لە واقیع کە تێیدایە، بەڵکو ئەرکی کار لەیەک کردنە لەگەڵ ئەو واقیعە. ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە وا تەماشای ڕستە دەکات کە لە دوو بەش پێک دێت))[3] کە دەبن بە بنەمای سەرەکی زانیاری نێو ڕستە. (باس Topic و خواسComment)، ئەم دوو زاراوەیەش "جان فێرباس Jan Firbas" (١٩٢١-٢٠٠٠ز) لەساڵی (١٩٦٤ز)دا، بە داهێنەری هەردوو زاراوەکە دادەنرێت. "باسTopic" ئەو بەشی ڕستەیە کە باسی لێ دەکرێ و ئاسایی زانیاری کۆن دەردەبڕێ "خواس Comment"یش ئەو شتە دەگرێتەوە کە لەبارەی باسەوە دەگوترێت یان دەدرێتە پاڵی و ئاسایی زانیاری نوێ دەدات).[4] واتە نێرەر سەرەتا لە ڕێگەی زانیاری زانراوەوە، کە دەبێتە (باس)، زانیارییە نەزانراوەکە بە شێوەیەکی لۆجیکی دەخاتەڕوو، کە دەبێتە، (خواس). وەک:

- ئامێری کشتوکاڵی هاوردەی کوردستان دەکرێت (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٧٠، ٧-٩-٢٠٠٩)

- هەڵبژاردەی عێراق لە هەولێرە (خەبات، ژ، ٣٣٢٤، ١٢-١١-٢٠٠٩)

- پەرلەمانی نوێ چی دەکات؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٦، ٨-٩-٢٠٠٩)

١- <u>ئامێری کشتوکاڵی</u> <u>هاوردەی کوردستان دەکرێت</u>.

باس خواس

٢- <u>هەڵبژاردەی عێراق</u> <u>لە هەولێرە</u>.

[1] - یحى احمد ، الاتجاه الوظيفي و دوره في تحليل اللغة ، ل٧٥.
[2] - اندرية مارتينية، مبادىء اللسانيات العامة، ترجمة احمد الحمو ، المطبعة الجديدة و النشر، دمشق – ١٩٨٥، ل١٢٤.
[3] - ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە، ل٢٣.
[4] - محەمەد مەعروف فەتاح، باس لە جۆرێک لە ڕستەی کوردیدا، ل٤٥.

باس                    خواس

٣- پەرلەمانی نوێ      چی دەكات؟

باس                    خواس

لەم مانشێتانەی سەرەوەدا وەک دەردەکەوێت وشەکانی "ئامێری کشتوکاڵی، هەڵبژاردەی عێراق، پەرلەمانی نوێ" بوونە بە (باس)ی مانشێتەکان، کە هەڵگری زانیاری زانراو"کۆن"ن و زانیارییە نەزانراوەکانی وەك:"هاوردەی کوردستان دەکرێت، لە هەولێرە، چی دەکات" بە دوا داهاتووە. واتە زانیاری نەزانراویان لەبارەی (باس) خستۆتە ڕوو.

هەروەها هەر یەکێ لەم ڕستانەش بەپێی ڕیزبوونێکی ئاسایین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مەبەست و خواستی پەیوەندی نێرەر و وەرگر، چونکە نێرەر(پێشبینی ئەوە دەکات کە وەرگر لەم بارەوە هەندێک زانیاری لایە و دەیکاتە تەوەرەی باسەکە و دواتر زانیاری زیاتری لە بارەوە دەدات).[١] کەواتە زانیاری زانراو دەبێتە بنەمای ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە، بۆیە نێرەر بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بۆ ئەو کەرەستەیەی کە مەبەستیەتی لە ڕستەکەدا زەق نیشانی دا، لەو کاتەدا لە ڕیزکردنی ئاساییەوە پەنا دەبات بۆ ڕیزکردنی نائاسایی. لەم ڕووەوەش هەر جۆرە ڕیزکردنێک ئەرکێک و مەبەستێکی جیا دەگەیەنێت. وەک:

- شەوی سەری ساڵ مانگگیران ڕوودەدات     (خەبات، ژ، ٣٣٦٢، ٣١-١٢- ٢٠٠٩)
- چۆن سەنتەرەکانی لاوان بخرێنە خزمەتی لاوانەوە؟ (ڕۆژنامە، ژ،٥٥٧، ٢٤-١١-٢٠٠٩)
- کەوەکانی هیوا دەچن بۆ بەرشلۆنە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٧٧، ٢٢-٥- ٢٠٠٩)

١- شەوی سەری ساڵ مانگگیران ڕوودەدات.

أ- شەوی سەری ساڵ  مانگگیران ڕوودەدات.

باس                    خواس

ب- مانگگیران  شەوی سەری ساڵ ڕوودەدات.

باس                    خواس

٢- چۆن سەنتەرەکانی لاوان بخرێنە خزمەتی لاوانەوە؟

أ- چۆن    سەنتەرەکانی لاوان بخرێنە خزمەتی لاوانەوە؟

باس                    خواس

ب- سەنتەرەکانی لاوان  چۆن بخرێنە خزمەتی لاوانەوە؟

---

[١] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل٦٨.

باس خواس

٣- کەوەکانی هیوا دەچن بۆ بەرشلۆنە.

أ- کەوەکانی هیوا دەچن بۆ بەرشلۆنە.

باس خواس

ب- هیوا کەوەکانی دەچن بۆ بەرشلۆنە.

باس خواس

لەم مانشێتانەی سەرەوە دەردەکەوێت بە گۆڕینی ڕیزبەندی کەرستەکان، ئەرکەکەشی گۆڕانی بەسەردادێت، ئەگەر چی یەک بیر دەگەیەنن، واتە لە ئەرکی ڕێزمانیدا هاوئەرکن، بەڵام جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆئەو توخمەی ڕستەکە، کە هەڵوەستەی لەسەر کراوە. واتە لە ڕیزبەندی کەرستەکاندا ئەو کەرستەیەی هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، دەبێت بە(باس)ی ڕستەکە و بەندە بە مەبەستی نێرەر و ئەرکەکەشی بەپێی هەر جێگۆڕکێیەک گۆڕانی بەسەر دادێت. هەروەک لە ڕستەی (١- أ)دا "شەوی سەری ساڵ" بووە بە (باس)ی ڕستەکە و کەرستەکانی تر بوونە بە (خواس)ی ڕستەکە. کەچی لە ڕستەی (١- ب)دا "مانگگیران" بووە بە(باس) و کەرستەکانی تر بوونە بە (خواس). هەروەها لە ڕستەکانی (٢- أ ، ٣- أ)دا وشەکانی "چۆن، کەوەکانی هیوا" بوونە بە (باس) و کەرستەکانی تر بوونە بە (خواس). بەڵام لە ڕستەکانی (٢- ب ، ٣- ب)دا وشەکانی "سەنتەرەکانی لاوان، هیوا" (باس)ی ڕستەن و کەرستەکانی دوای خۆیان (خواس)ی ڕستەن.

کەواتە لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، "نێرەر" سەرەتا لە ڕێگەی زانیاری زانراوەوە، زانیارییە نەزانراوەکان دەگەیەنێتە وەرگر، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی پەیوەندی نێوانیان. هەروەها بەپێی ڕیزبەندی کەرستەکان خۆی دەنوێنێت.

دوای "ماتسیوس Mathesius" ( ١٨٨٢ - ١٨٤٥ز) چەمکی (باس و خواس) لەلایەن زمانەوانانەوە زیاتر گرنگی پێدراوە و گەشەی کردووە، کە دیارترینیان "جان فێرباس Jan Firbas"ە (١٩٢١-٢٠٠٠) کە "تێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە" دەکاتە بنەمای شیکاری، هەروەها چەمکێکی ئەرکی تازەی خستە ڕوو بەناوی "چەمکی دینامیکی گەیاندن Communi Cative Dynamism"[1] کە پێی وایە ڕستە (پرۆسەیەکە هەنگاو بە دوای هەنگاو هەر بەشێکی بە جیا و بە ڕادەیەک بەشداری لە درکاندن و گەیاندنی واتادا دەکات).[2] لەم بارەدا دیاریکردنی ڕادەی هاوبەشی هەر کەرتێک بەپێی چەمکی "دینامیکی گەیاندن" سێ یەکەی ئەرکی دیاری دەکرێت. ( باس کە نزمترین پلەی "دینامیکی گەیاندن" دەگوازێتەوە. (خواس) کە زانیاری تازە پێکدێنێ، بەرزترین پلەی دینامیکی دەگوازێتەوە. پاشان دوای ئەم دوو یەکەیە لە پێشیان یان لە نێوانیان یەکەی "گواستنەوە Transition" دێت کە زۆربەی جار کەرستەی زیادەن، وەک:

[1] - یحی احمد، الاتجاه الوظيفي و دوره في تحليل اللغة ، ص٧٧.

٢ - Firbas, On the concept of communicative Dynamism in the Theory of Functional sentence ،perspective. Sbornik Praci Filosofice Faculty Brandeis University A ١٩, ١٩٧١, PP. ١٣٥-١٤٤.

(ئاوەڵکارAdverb، بارPositiosn، ئامرازی مەرج، ).....)[1] کەواتە لەم ڕوانگەیەوە ڕستە هەر لە چوارچێوەی (باس و خواس)دا نامێنێتەوە و لەگەڵ ئەمەشدا بۆ دیاریکردنی ئەو یەکانەی بەشداری لە ڕستەدا دەکەن دەبێت ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین:

((١- ڕیزکردنی ڕستە (چۆنیەتی ڕێکخستنی بەشەکان تێیدا).

٢- دەوروبەری گشتی بۆ ڕووداوی ناو ڕستەکە.

٣- دەوروبەری واتایی تایبەت بۆ ڕستە (بنیاتی واتایی)).[2]

## ٣-١-٣-١- دەوروبەر (Context):

سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی وابەستەبوونی واتا و باری دەوروبەر دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەنترۆپۆلۆجی "مالینۆڤسکی Malinowsky" (١٨٨٤- ١٩٤٢) لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، کە لە وەسفکردنی واتادا ئەوەی خستەڕوو، دەستنیشانکردنی واتا بە پێی ئەو دەوروبەرە دیاریکراوە دەبێت، کە دەربڕینەکەی لێوە هاتووە. ئەمەش پەیوەستکردنە بە ژینگەی سروشتی و واقیعی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاوە.

ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە لە وەسفکردنی واتادا زۆر بە قووڵی باسی دەوروبەر و چۆنیەتی بەدەستهێنانی لە چوارچێوەی تیۆرێکی شیکردنەوەی واتا نەکردووە، بەڵام بوو بە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری باری دەوروبەر لە وەسفکردنی واتادا. هەروەک دوای ئەو لەلایەن "فێرث Firth" (١٨٩٠- ١٩٦٠) ڕابەری قوتابخانەی لەندەن کە بە مۆدێلی سیاقی ناسراوە، بایەخی پێدرا و زیاتر پەرەی سەند، واتە "فێرث" بە پشت بەستن بە بیرۆکەکەی "مالینۆڤسکی" تیۆرەکەی بە پێی زمان لەسەر بنەمای پێک بەستنەوەی تاکە کەس بە کۆمەڵگاوە بنیادناوە.[3]

ئەمەش ڕوانگەیەکی سیاقییە و جەختکردنە لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان، هەروەک لە پێناسەی واتادا ئەوە دەخاتەڕوو کە (بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی(دەوروبەر) سیاقی ئاڵۆز). لەبەر ئەوەی وەک ئامرازێک تاکەکانی کۆمەڵ لە ناو کۆمەڵدا بۆ جێبەجێکردنی ویست و مەبەستەکانیان بە کاریدەهێنن. هەروەها لەبارەی واتای وشەوە، بە پێی ئەم تیۆرە بریتییە لە بەکارهێنانیەتی لە زماندا، یان ئەو ڕێگەیەیە کە تێیدا بە کاردێت. واتە تەنیا لە چوارچێوەی دەوروبەری یەکاکانی زماندا واتا ڕووندەبێتەوە.[4] کەواتە باری دەوروبەر لە وەسفکردنی واتادا، بریتییە لەو دەوروبەرە بەرهەمهێنە واتاییەی کە جیا لە واتای فەرهەنگی واتای تر بە دەربڕینەکان دەبەخشێت. بە واتایەکی تر ئەو دەوروبەرە تایبەتەیە بە پێدانی واتایەکی پراگماتیکی، واتای فەرهەنگی دەربڕاو دادەپۆشێت. بۆیە دەربڕینەکان جگە لە واتای فەرهەنگی، بەپێی دەوروبەر هەڵگری واتای ترن. ئەمەش لە کاتێکدایە، بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە نێوان نێرەر و وەرگردا بە دەوروبەر گرێدەرێت. لەم بارەشدا وابەستەبوونی دەربڕین بە دەوروبەرەوە دەبێتە هۆی ونبوونی واتای فەرهەنگی و بەپێی دەوروبەری دیاریکراو واتای خۆیان وەردەگرن.[5] بۆیە بە لەبەرچاونەگرتنی دەوروبەر مەبەستی دیاریکراوی نێرەر لای وەرگر ڕوون نییە و دەربڕینەکە وەک هەڵگری زیاتر

---

[1] - فاطمة بنت ناصر بن سعيد المخيني ، الوظائف التداولية الداخلية ، رسالة ماجستير، كلية الدراسات الاسلامية و العربية بدبي، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٥-٢٠٠٦، ص٣٢

[2] - يحى احمد، الاتجاه الوظيفي و دوره في تحليل اللغة، ل٧٧.

[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢

[4] - تاڵیب حوسێن عەلی، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر – ٢٠١٤، ل٧٩-٨٠ .

[5] - شێرزاد سەبری عەلی، واتا د ناڤبەرا سیمانتیک پراگماتیک، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم ، دهۆک – ٢٠١١، ل ١٠٦-١٠٧.

لە واتایەک دەردەکەوێت، چونکە بەهۆی دەوروبەرەوە دەتواندرێت واتای جۆراوجۆر بدرێتە دەربڕین و هەر بەم هۆیەشەوە واتاکە ڕوون دەبێتەوە.[1] واتە بۆ لێکدانەوەی واتای دەربڕینەکانە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر پێویستە. کەواتە دەوروبەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە لێکدانەوە پراگماتیکییەکان و دەوروبەری جیاواز گریمانەی جیاواز دێنێتە ئاراوە، ئەمەش بەندە بە جیاوازی بیروباوەڕ و دابونەریتی کۆمەڵگاکان و جیاوازی هەڵسوکەوت و ئاستی ڕۆشنبیری و پلە و پایەی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک،[2] کە هەر یەکێ لە مانە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گەیاندنی زانیاری پێشبینکراو و هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر دا. بۆیە بەدەر لەم چوارچێوەیە ناتواندرێت لێکدانەوە بۆ مەبەستی دەربڕاو بکرێت. واتە دەربڕین لەژێر کاریگەری ئەو دەوروبەرە دایە تێیدا دەگوترێت، کە زۆرجار واتا پێچەوانە دەکاتەوە. بۆ نموونە وشەی (باش) بەپێی دەوروبەر واتا فەرهەنگییەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، بۆ واتای (خراپ). وەک "باشی لێدا"، کە بە واتای "خراپی لێدا"، دێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەپێی دەوروبەر جگە لەوەی واتاکە پێچەوانە دەبێتەوە، هەروەها لەسەر مەبەستێکی دیاریکراویش سنووردار دەکرێت. بەنموونەی هەمان وشە (باش)، کە بەپێی دەوروبەر چەند واتایەکی تری هەیە. وەک:

- **ئازاد خانوویەکی باشی کڕیوە.**

- **ئازاد خانووەکەی باش کڕیوە.**

- **ئازاد پارەکی باشی بە خانووەکەی داوە.** .

لەم دەربڕینانەی سەرەوە وشەی (باش) سێ جار بەکارهاتووە و لە هەر یەکێکیاندا واتایەکی جیا لەوی تری گەیاندووە. لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (باش) بە واتای (جوان) هاتووە. لە ڕستەی دووەمدا بە واتای بە واتای (هەرزان، نرخێکی گونجاو) هاتووە. لە ڕستەی سێیەمدا بە واتای (زۆر) هاتووە.

لێرەدا ئەوە دەرکەوێت، کە وشە و ڕستەکان بە هۆی ئەو دەوروبەرەی تیایدا بەکارهاتووە، دوور لە واتای فەرهەنگی خۆیان واتای جیاجیا وەردەگرن.

هەروەها هەندێ جار بەپێی تایبەتێتی وەرگر، دەوروبەر واتا ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە: (ڕەگ دەرهێنان) کە وابەستەیە بە چەند تایبەتێتییەک، بەبێ دەوروبەر ناتواندرێت واتاکەی ڕوون بکرێتەوە. وەک:

- **ڕەگی دار: لە بواری کشتوکاڵی.**

- **ڕەگی کار: لە بواری زمانەوانی.**

- **ڕەگی ژمارە: لە بواری بیرکاری.**[3]

لەم نموونانەدا ڕوونە کە واتای هەر یەکێ لەم دەربڕینانە بەپێی لێکدانەوەی دەوروبەر لە چوارچێوەیەکی سنورداردا زیاتر لە واتایەکیان وەرگرتووە. بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی وشەکان هەڵگری زیاتر لە واتایەکی فەرهەنگین، ئەوەی ئەو واتایانە دیاریدەکات و لە یەکتریان جیادەکاتەوە، ئەو دەوروبەرەیە کە وشەکانی تیادا دەردەکەوێت. هەروەک زیانایانی

---

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، ل٨٥.
[2] - ژیان عبداللە محمد، واتای ڕستە و ڕۆڵی لە کردەی پەیوەندیکردندا، ل٢٢.
[3] - ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە، ل٣١.

زمان بە فرەواتا وەسفی واتای وشەی فەرهەنگی دەکەن، بەڵام وەسفی واتای دەوروبەری وشە بە هەڵگری تەنیا یەک واتا دەکەن.[1]
کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەوروبەر ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە دیاریکردنی واتا و مەبەستی دەربڕین و هێنانەکایەی کردەی تێگەیشتن لە نێوان نێرەر و وەرگردا.
لەم بارەوە ئەو سێ یەکەیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدابوو، لەم نموونانەی خوارەوە دەیانخەینە ڕوو.

- یەکەم ڕۆژی زستان لە هەرێمی کوردستان پیرۆز کرا! (خەبات، ژ، ٣٣٥٥، ٢٣-١٢-٢٠٠٩)

- لە کوردستان سێ ڕۆژ خوێندن ڕادەگیرێت (ڕۆژنانە، ژ،٥٤٩، ٢٩- ٦-٢٠٠٩)

- پرۆسەی سیاسی لە عێراق بە ئاراستەی گۆڕینی ڕیشەییە (کوردستانی نوێ، ژ،٤٩٨٢، ٢٧-٩-٢٠٠٩)

١- یەکەم ڕۆژی زستان لە هەرێمی کوردستان پیرۆز کرا!

دەوروبەر: چی لە هەرێمی کوردستان پیرۆز کرا؟

ڕستە: یەکەم ڕۆژی زستان لە هەرێمی کوردستان پیرۆز کرا!

باس یەکەی گواستنەوە خواس

دەوروبەر: لە کوێ یەکەم ڕۆژی زستان پیرۆز کرا؟

ڕستە: لە هەرێمی کوردستان یەکەم ڕۆژی زستان پیرۆز کرا!

یەکەی گواستنەوە باس خواس

٢- لە کوردستان سێ ڕۆژ خوێندن ڕادەگیرێت.

دەوروبەر: لە کوێ سێ ڕۆژ خوێندن ڕادەگیرێت؟

ڕستە: لە کوردستان سێ ڕۆژ خوێندن ڕادەگیرێت.

یەکەی گواستنەوە باس خوس

دەوروبەر: چی لە کوردستان ڕادەگیرێت؟

ڕستە: سێ ڕۆژ خوێندن لە کوردستان ڕادەگیرێت.

[1] - تاڵیب حوسێن عەلی، زانستی زمان و زمانی کوردی، ل٨٢.

باس        یەکەی گواستنەوە      خواس

٣- پرۆسەی سیاسی لە عێراق بە ئاراستەی گۆڕینی ڕیشەییە.

دەوروبەر: چی لە عێراق بە ئاراستەی گۆڕینی ڕیشەییە؟

ڕستە: پرۆسەی سیاسی   لە عێراق   بە ئاراستەی گۆڕینی ڕیشەییە.

باس        یەکەی گواستنەوە      خواس

دەوروبەر: لە کوێ پرۆسەی سیاسی بە ئاراستەی گۆڕینی ڕیشەییە؟

ڕستە: لە عێراق     پرۆسەی سیاسی   بە ئاراستەی گۆڕینی ڕیشەییە.

یەکەی گواستنەوە      باس        خواس

لێرەدا "یەکەی گواستنەوە" لە ڕستەدا وەک تەواوکەر بە مەبەستی زیاتر گەیاندن و ڕوونکردنەوەی زانیارییە نەزانراوەکە بۆ وەرگر ڕۆڵی بینیوە. کەواتە یەکەی گواستنەوە هەمیشە ئەرکی ڕوونکردنەوەی زیاتری زانیارییە نەزانراوەکان دەبینێت. کەچی (باس) نزمترین پلەی دینامیکی گەیاندن و (خواس) بەرزترین پلەی دینامیکی گەیاندنی گەیاندووە. هەروەها گەڕانەوە بۆ دەوروبەری دیاریکراو ڕۆڵی کاریگەری بینیوە، لە ڕوون گەیاندنی واتا و مەبەستدا بۆ ئەوەی پەیوەندی هاوبەش لە نێوان نێرەر و وەرگر بێنێتە ئاراوە.

## ٣-١-٤- پرۆسەی زانیاری گۆڕینەوە لە ڕستەدا:

پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری تەنیا لە چوارچێوەی پرسیار و وەڵامدا نایەتە ئاراوە، بەڵکو پێکهاتەی هەر ڕستەیەکی دروست کە لە نێوان ئاخێوەرانی هەر زمانێکدا دێتە ئاراوە لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕی زانیاری زانراو و نەزانراو دایە. لەم بارەیەوە پراگماتیک لە تاوتوێکردنی بابەتی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە پێکهاتە هاتووەکانی ڕستەدا بە پێی دەوروبەری دیاریکراو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئەم دەوروبەرەش جگە لە زانیاری هاوبەشی نێوان ئاخێوەران، پێکدێت لە بیروباوەڕیان و گریمانەکانیان، کە بە زانیاری پراگماتیکی ناو دەبرێت. وەک زانیاری گشتی پەیوەست بە جیهان، زانیاری ئێستایی، کە لە درکپێکردن و ئەزموونەوە وەرگیراوە لە کاتی ئاخاوتن. هەروەها زانیاری دەوروبەر، کە لە دەربڕینە زمانییەکان وەردەگیرێت.١ بۆیە واتای ڕستە و دەربڕینەکان وەک یەکەی لێکدانەبڕاو، وابەستەیە بەو دەوروبەرەی دەربڕینەکانی تیادا دەردەکەوێت، کە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندی نێوان ئاخێوەرانە، بەدەر لە واتای سیمانتیکی، واتای پراگماتیکی بەرجەستە دەکات. کەواتە (لە پرۆسەی تێگەیشتندا، زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر و تەمەن و ڕەگەز و پلە و پایە و زانیاری دنیاش کاریگەری خۆیان هەیە).٢ کە پەیوەستن بەو پێشینە زانیارییەی کە گریمانە

---

[١] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل١١٧.

[٢] - ڕزگار واحد حەمەدەمین – بابا ڕەسوول نوری ڕەسوول، تێگەیشتنی دەربڕینە زمانییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ،٢٣، هەولێر - ٢٠١٢، ل١٣٥.

دەكرێت هاوبەش بێت لە نێوانیاندا  بۆ گەیاندن و ئاراستەكردنی زانیارییەكان لە هەر دەربڕینێكی دیاریكراو دا. وەك: "ئۆتۆمبێلەكەی ئازاد ڕەشە". وا دیارە وەرگر گریمانەی ئەوەی كردووە، "ئازاد" ئۆتۆمبێلی هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو گریمانانەی كە ئاخێوەران لە ئاڵوگۆڕی زانیاری هەیانە ڕۆڵی سەرەكی دەبینن، كە هۆكارێكیشە بۆ جێگۆڕكێ كردنی كەرستەكان نێو زمان. وەك:

أ- (X) گریمانە دەكات كە هەندێ زانیاری هاوبەشی هەیە لەگەڵ (Y).

ب- (X) گریمانە دەكات كە هەندێ زانیاری هاوبەشی نییە لەگەڵ (Y).

ج- (Y) گریمانە دەكات كە هەندێ زانیاری هاوبەشی هەیە لەگەڵ (X).

د- (Y) گریمانە دەكات كە هەندێ زانیاری هاوبەشی نییە لەگەڵ (X).[١]

جا لەم بارەدا دەبێت (X) زانیاری هاوبەشی نێوانیان لەگەڵ (Y) بكات بە (تەوەرەی باس) و پاشان زانیاری نەزانراو(كۆمێنت) بخاتەڕوو، چونكە (هەموو ڕستەیەك لەڕووی زانیارییەوە لە دوو كەرت پێكدێت كە ئەوانیش (تۆپیك و كۆمێنت)ن، (تۆپیك)یش كەسێكە یان شتێكە كە مەبەستی سەرەكی نێرەرە، (كۆمێنت)یش ئەوەیە كە زانیاری دەربارەی (تۆپیك) دەخاتەڕوو).[٢] واتە (تۆپیك)دەبێتە دەستپێكی ڕستەكە و (كۆمێنت)یش هەڵگری زانیارییە نەزانراوەكانە.

ئەركە پراگماتیكییەكان لە ئاڵوگۆڕی زانیاریدا ڕۆڵی سەرەكی دەبینن، نێرەر لە دیاریكرنی بواری ئاخاوتندا گریمانەی زانیاری هاوبەش دەكات لە نێوانیاندا، بۆیە بۆ دیاریكردنی سنوری ئاخاوتنەكە پێهاتەیەك دەكات بە دەستپێك كەپێی دەگوترێت (تەوەرە Theme).

پاشان لە ڕێگەی زانیاری هاوبەشی نێوانیان واتە "زانیاری زانراو" كە ئەركی (باس Topic)ی ئاخاوتنەكە دەبینێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لەڕێگەی ئەم دوو پێكهاتەیە زانیارییەكان نەگاتە وەرگر، ئەوا پەنا دەباتە بەر پێكهاتەی (شوێنكەوتوو Tail) كە سێ جۆری هەیە، (شوێنكەوتووی ڕوونكردنەوە، شوێنكەوتووی دەستكاری، شوێنكەوتووی ڕاستكردنەوە). كە كە ئەركی ڕوونكردنەوە و دەستكاری، یاخود ڕاستكردنەوەی زانیارییەكانی نێو ڕستەكە دەبینێت، دیسانەوە ئەگەر پرۆسەی تێگەیشتن نێتە ئاراوە نێرەر هەوڵدەدا لە ڕێگەی پێكهاتەیەكی تر كە (سەرچاوە Focus)یە، لەم بارەشدا بۆ دەرخستن و ڕووكردنەوەی زیاتر (سەرچاوەی نوێ Focus of New) بەكاردێنێت، بەڵام ئەگەر گومان لە ناڕوونی زانیارییەكە هەبێ بەلای وەرگر، ئەوا نێرەر بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو زانیارییانەی كە بەلای وەرگر نكۆڵی لێدەكرێت یان جێی گومانن، پەنا بۆ پێكهاتەی (سەرچاوەی بەرامبەری Focus of Contrast) دەبات،[٣] كە ئەو زانیارییانە ڕوون دەكاتەوە، وەرگر گومانی لێ هەیە یان نكۆڵی لێدەكات. كەواتە سەرجەم زانیارییەكانی نێو ئەو ڕستانەی دەكرێن بە مانشێت پێكهاتەكانی بەپێی پێویستی وەرگر ڕیزبەند دەكرێن، بۆ ئەوەی پرۆسەكە بە شێوەیەكی سەركەوتووانە بە ئەنجام بگات.

[١] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل١١٧.

[٢] - ژیان عبداللە محمد، واتای ڕستە و ڕۆڵی لە كردەی پەیوەندیكردندا، ل٢٦.

[٣] - یاسة ظریفة، الوظائف التداولیة في المسرح، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب و اللغات، قسم اللغة العربیة و ادابها و جامعة منتوري قسنطینة، الجزائر - ٢٠١٠، ل٥٥- ٥٦.

## ٣-٢- ئەرکە سیمانتیکییەکان لە ڕستەدا (Funcction Semantic in Sentence):

سیمانتیک Semantics وەک لقێکی دیکەی زمانەوانی ئاستێکە لە ئاستەکی واتاسازی، ئەم ئاستەش بە دوور لە گرێدان بە دەوروبەر پەیوەستە بە واتای فەرهەنگی و توانای ئاخێوەر دەگرێتەوە لە بەکارهێنانی سیستەمی زمان.[١] واتە سیمانتیک ئەو واتایە دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکانەوە دێتە کایەوە، لەگەڵ ئەو واتایە ڕێزمانییەی کە لە ئەنجامی چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرستەکان پەیدا دەبێت.

زاراوەی (سیمانتیک Semantics) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Sema)ی گریکی، کە بە واتای نیشانە یان ڕەمز دێت.[٢]

واتای سیمانتیکی بەهۆی ئەوەی واتایەکی فەرهەنگییە، بەدەر لە چوارچێوە یاساییەکەی ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە، دەڕوانێتە واتای ڕستە. لەبەر ئەوەی پەسند بوونی ڕستە تەنیا ڕووە ڕێزمانییەکەی نییە، کە خۆی لە بوونی پێداویستییەکانی وەک، (بکەر، بەرکار، کار...هتد) دەبینێتەوە، بەڵکو پەسندی واتاییش مەرجە بۆ ئەوەی بە ڕستە هەژمار بکرێت. واتە بە پشت بەستن تەنیا بە واتای فەرهەنگی وشەکان لە ڕستەدا مەرج نییە، ڕستەکە پەسند بێت. چونکە واتای فەرهەنگی وشەکان تەنیا بەشێکی ڕستەکە پێکدەهێنێت و بەشەکەی تری لە ڕیزکردنی کەرستەکان وەردەگرێت.[٣] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێکهاتەی ڕستە لەڕووی واتاوە پەیوەستە بە یاسای بەستنەوەی واتاکانە، بۆ ئەوەی لە ڕووی لۆجیکەوە گونجاوبێت. کەواتە سیمانتیک جگە لە واتای فەرهەنگی وشەکان، تیشک دەخاتە سەر ئەم واتایەش کە لە ئەنجامی ڕیزکردنی وشەکان دێتە کایەوە. ئەمەش دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی پەسند و ڕستەی ناپەسند. هەروەک لە نموونانە دەردەکەوێت:

- کارەبا گەنجێکی کوشت (کوردستانی نوێ، ژ ، ٤٩٣٧، ٣٠-٧-٢٠٠٩)

- بەریتانییەک تەنیا پەنیر دەخوات (خەبات، ژ، ٣١٣٦، ٣-٤-٢٠٠٩)

- ٣٢ مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین خۆپیشاندانیان کرد (ڕۆژنامە، ژ، ٤٥٩، ٣-٥-٢٠٠)

-١

أ- کارەبا گەنجێکی کوشت.

ب- گەنجێک کارەبای کوشت.

-٢

أ- بەریتانییەک تەنیا پەنیر دەخوات.

ب- پەنیر تەنیا بەریتانییەک دەخوات.

---

[١]- عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، ل٤٥.

[٢]- بڕوانە: مەحەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، بەشی پێنجەم.

[٣]- عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی، ل١٣٢.

٣-

أ- ٣٢ مامۆستای زانكۆی سەلاحەدین خۆپیشاندانیان كرد.

ب- خۆپیشاندان ٣٢ مامۆستای زانكۆی سەلاحەدینیان كرد.

لەهەرسێ نموونەكەدا وەک دەردەكەوێت ڕستەكانی (أ) لەڕووی ڕێزمان و واتاوە ڕستەی ئاسایین. واتە لەڕووی سینتاكسی و سیمانتیكییەوە ڕستەی پەسندن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستی یاسای بەستنەوەی واتاكان. بەڵام ڕستەكانی (ب) هەرسێ نموونەكە، هەرچەندە هەڵگری پێداویستییەكانی ڕستەن كە پێكدێت لە ( بكەر، بەركار، كار)، هەروەها لەڕووی ڕێكەوتنی ڕێزمانیشەوە بەپێی ڕیزبەندی ئاساییین. بەڵام لەڕووی واتاوە ڕستەی ناپەسندن. بەهۆی ئەوەی سیما جیاكەرەوەكانی ئەو وشانەی ئەركی بكەریان بینیوە، ڕێگایان نادات ببن بە (ئەنجامدەر)ی كارەكان. واتە ئەركەكانی بكەری هەرسێ ڕستەكە لەڕووی واتاوە لەگەڵ كارەكان نەگونجاون. هەروەها ئەركی (بەركار)ەكانیش لە سنوری ئەم ڕستانەدا لەگەڵ سیماجیاكەرەوەكانی (كار)ەكان ناتەبان. كەواتە ئەو ڕستانەی كەرستەكانیان لە ئەرک و واتا ناتەبان، واتە لەڕووی لۆجیكەوە گونجاو نین، بەڕستەی ناپەسند هەژمار دەكرێن.

لێرەدا ئەوەش ڕوون دەبێتەوە، بە دوور لە دەوروبەر سینتاكس و سیمانتیک بە یەكترەوە پەیوەستن و ناتواندرێت لە یەكتر جیا بكرێنەوە. ئەمەش هۆكارێكە بۆ ئەوەی لە ڕستەدا دوو بنیات دەسنیشان بكرێت، كە پێكدێت لە بنیاتی ڕستە و بنیاتی واتا.

بنیاتی ڕستە ئەركە سینتاكسییەكان دەگرێتەوە، بنیاتی واتا ئەركە سیمانتیكییەكان دەگرێتەوە.

لەم بارەیەوە ئەركە سیمانتیكییەكان لەو ڕستانەی كە دەبنە بنەمای لەیەكتر گەیشتن، ڕۆڵێكی بەرچاو و كاریگەردەبینن، لە كورتی و پوختی و كەم بە فیرۆدانی وزە لە ڕوونكردنەوە و گەیاندنی زانیارییەكانی نێو ڕستەكە. بە واتایەكی تر ئەركە سیمانتیكییەكان ڕۆڵی یەكلاكەرەوە دەبینن لە خستنەڕووی واتای ڕاستەقینەی ڕستەكان.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە پێكهاتەی هەر ڕستەیەک جگە لە بنیاتی ڕستە كە لە ئەركە سینتاكسییەكانی (بكەر، بەركار، كار.....هتد) پێكدێت. پەیوەستە بە بنیاتی واتا كە ئەركە سیمانتیكییەكانی ( ئەنجامدەر، كارتێكراو، وەرگر..... هتد) دەگرێتەوە.

دیاریكردنی ئەم دوو بنیاتەش دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرەكەی "چارلز فیلمۆر Charles Fillore" (١٩٢٩ – ٢٠١٤ز) لەژێر ناونیشانی "ڕێزمان و دۆخ" (١٩٦٨ز)، كە لە تیۆرەكەیدا جگە لەوەی هەردوو هەردوو بنیاتەكە بەهۆی یاسا ڕێزمانییەكان بەیەكەوە دەبەسترێنەوە. هەروەها دوو دۆخی واتایی، كە بریتین لە (ئەنجامدەر، ئامێر) دەخاتە ڕوو.[١] كە لە ڕێزماندا دەتوانن هاو ئەرک بن، بەڵام لە سیمانتیكدا دوو ئەركی جیا دەبینن. وەک:

١- كارەبا گەنجێكی كوشت.

٢- ئۆتۆمبێل كەسێكی كوشت.

لەم ڕستانەدا دەردەكەوێت كەرستەكانی "كارەبا، ئۆتۆمبێل" لەڕووی ئەركی ڕێزمانییەوە ئەركی (بكەر)یان بینیوە. بەڵام لەڕووی ئەركی واتاییەوە هاوئەرک نیین.

[١]- عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل٨٦.

لە ڕستەی یەکەمدا "کارەبا" دەبێتە (ئەنجامدەر)، چونکە بە کاری ڕووداوەکە هەڵستاوە. واتە بێ هیچ پاڵپشتییەک کارەکەی ئەنجام داوە. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا "ئۆتۆمبێل" هۆکاری کارەکەیە،(ئامێرە) کە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەنجامدانی کارەکە، نەک (ئەنجامدەر). چونکە چەمکی (ئەنجامدەر) زەقترین سیمای ئەوەیە لە ئەرکێکی سیمانتیکی(+ زیندوو) سەرچاوە دەگرێت.

بەمەش جیاوازی نێوان چەمکە ڕێزمانییەکان و چەمکە واتاییەکان دەردەکەوێت. بۆ نموونە چەمکی (بکەر) و چەمکی (ئەنجامدەر) دوو چەمکی جیاوازن. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (زاراوەکانی (بکەر، بەرکار) بەهۆی ئەوەی چەمکی ڕێزمانین و ئەو ئەرکانەی دەیگێڕن زۆرجار بەدەر لە سیمانتیکن و لەگەڵ پێناسەکانیان گونجاو نین. بۆیە ڕێزمانی واتایی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە هاتە ئاراوە و لە بری چەمکی ڕێزمانی چەند چەمکێکی واتایی دانا، لەم چەمکانە ڕەچاوی واتای ڕاستەقینە دەکرێت، نەک ڕەچاوکردنی شوێنی کەرستەکان).[1] کەواتە لە دیاریکردنی ئەرکی کەرستەکانی ڕستە، سیمانتیک ئەرکی واتایی ڕاستەقینەی ئەرکە سینتاکسییەکانی کەرستەکان دیاریدەکات.[2]

بۆیە لەم سۆنگەیەوە تیشک دەخەینە سەر ئەو ئەرکە سیمانتیکییانەی کە گرنگی و تایبەتیەتی خۆیان هەیە لە گواستنەوە و ڕوونکرنەوەی واتای ڕستەکان، کە بریتین لە:

### ٣-٢-١- ئەنجامدەر Agent:

ئەو بوونەوەرە زیندووەیە یان ئەو کەسەیە کە کارەکەی ئەنجامداوە.

هەروەها هەندێجار (ئەنجامدەر) لە بێگیانەکانیش سەرچاوە دەگرێت، وەک: (با، باران، کارەبا.... هتد) کە بە هێزێک لە هێزەکانی سروشت هەژمار دەکرێن و ئەمەش بەوە جیا دەکرێتەوە، کە ناتواندرێت چاودێری بکرێت یاخود ڕێگری لێ بکرێت[3]. وەک:

١- کارەبا گەنجێکی کوشت.

٢- بەریتانییەک تەنیا پەنیر دەخوات.

---

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، ل٩٦.

[2] - کەواتە ناتواندرێ ئەرکی بکەری ڕاستەقیە بدرێتە، ئەو کەرستەیەی کە ئەرکی ئەنجامدەری نەبینیوە. وەک لە نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

- ڤینە مۆبایلەکەی چاکردەوە.
- دارڤان ناچێت بۆ بازاڕ.
- دارڤان بەیانی دەچێت بۆ بازاڕ.
- کاروان بەڕێوەبەرەکەی بە دەرکردن دا.
- مشارەکە دارەکەی بڕی.
- ئۆتۆمبێڵەکە شکا.
- گەنجەکە سوتا.
- پیاوە پیرەکە مرد.

لەم نموونانەدا وشە هێڵ بەژێر داهاتووەکان ناتواندریت ئەرکی بکەریان بدرێتە پاڵ، چونکە هێچ یەکێکیان ئەنجامدەری کارەکان نین. لە ڕستەی یەکەمدا "وەستا" مۆبایلەکەی چاکردۆتەوە نەک "ڤینە". لە ڕستەی دووەم و سێیەمدا هێشتان کارەکە ئەنجام نەدراوە. لە ڕستەی چوارەمدا "کاروان" هۆکارە نەک ئەنجامدەر، بەڵکو کەسێکی تر کارەکەی ئەنجامداوە. لە ڕستەی پێنجەمدا "مشارەکە" (ئامێر)ە نەک ئەنجامدەر. لە ڕستەکانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم کارەکانیان ئەنجام نەداوە و بەڵکو ئەرکی بەرکاریان بەردەکەوێت. کەواتە هەریەکێ لە مانە تەنیا بە (بکەری ڕێزمانی) دادەندرێن، نەک بکەری ڕستەقینە.

[3] - احمد المتوکل، من البنية الحميلة الى البنية المكونية، مطبعة، الدار الثقافة، ط١، المغرب – ١٩٨٧، ل١٨٦

لەم ڕستانەدا هەر یەک لە وشەکانی "بەریتانییەک، کارەبا" ئەرکی ئەنجامدەریان بینیوە، چونکە هەڵساون بە ئەنجامدانی کارەکە. هەروەها لە ڕستەی یەکەمدا (ئەنجامدەر) کە وشەی "کارەبا"یە و بێگیانە. بەمەش ئەوە دەردەکەوێت کە دەتواندرێت ئەنجامدەر(- زیندوو) بێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاتر (+ زیندوو) ئەرکی ئەنجامدەر دەبینێت. هەروەها لەو ڕستانەی کارە (تێنەپەڕ)ەکانی چاوگە ئەلفییەکان کە تێدەپەڕێندرێن لەم دۆخەدا بکەری ڕاستەقینە ئەرکی ئەنجامدەر دەبینێت.وەک:

- گەنجێک خۆی سووتاند (ڕۆژنامە، ژ، ٤٣١، ٢٤- ٣- ٢٠٠٩)

لەم ڕستەیەدا "گەنجێک" کە بکەری ڕستەیە ئەرکی (ئەنجامدەر)ی بینیوە. بەڵام هەر هەمان ڕستە کارەکەی لە دۆخی (تێنەپەڕ)دا، بکەری ڕستەکە ناتونێت هەمان ئەرکی پێشوو ببینێت. واتە ناتوانێت ببێتە ئەنجامدەری کارەکە. وەک:

- گەنجێک سووتا.

لەم ڕستەیەدا وشەی "گەنجێک" هەرچەندە بکەری ڕستەکەیە، بەڵام ئەرکە واتاییەکەی پێچەوانە بوویتەوە. واتە ئەرکی (کارتێکراو)ی بینیوە، نەک (ئەنجامدەر) چونکە ڕاستەوخۆ بە ئەنجامدانی کارەکە هەڵنەستاوە.

هەروەها لە ڕستەی (بکەرنادیار)دا ئەگەرچی ناکەوێتە سەرەتای ڕستەوە و خودی ڕستەکەش (بکەرنادیار)ە، بەڵام ئەرکی واتایی (ئەنجامدەر) گۆڕانی بەسەر دانایەت. وەک:

١- ٣٢مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین خۆپیشاندانیان کرد.

٢- لە لایەن ٣٢ مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینەوە خۆپیشاندان کرا.

لە هەردوو ڕستەکەدا "مامۆستایانی زانکۆ" ئەرکی واتایی (ئەنجامدەر)یان بینیوە. هەرچەندە لە ڕستەی دووەمدا (ئەنجامدەر) لە سەرەتای ڕستە نە هاتووە بەڵام هیچ گۆڕانێک بەسەر ئەرکە واتاییەکەی نەهاتووە.

### ٣-٢-٢- کارتێکراو Patient:

ئەو ئامانجە کارتێکراوەیە کە کارەکەی وەرگرتووە، یان ئەو بەشەیە کارەکەی بەسەر ئەنجامدراوە، ئەرکی بەرکاری نموونەیی دەبینێت.[1] وەک:

١- کارەبا گەنجێکی کوشت.

٢- بەریتانییەک تەنیا پەنیر دەخوات.

[1]- احمد المتوكل، قضايا اللغة العربية في اللسانيات الوظيفية، دار الامان، ط١، المغرب – ٢٠٠١، ل٨٨

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی "گەنجێک، پەنیر" وەک بەرکاری ڕستەکان کارەکانیان بەسەر ئەنجامدراوە و ئەرکی واتایی (کارتێکراو)یان بینیوە. هەروەها بەرکارەکان ئەرکی هەردوو جۆری (کارتێکراو)ی (+ زیندوو) و (- زیندوو) یان خستۆتە ڕوو.

هەروەها مەرج نییە (کارتێکراو) هەمیشە بەند بێت بە (بەرکار)ەوە هەر وەک پێشتر خستمانە ڕوو لە ڕێزمانی ئاساییدا کە لە کاری (تێنەپەڕ)ی چاوگی ئەلفی بکەری زیانکەوتوو ئەرکی (کارتێکراو) وەردەگرێت. وەک:

گەنجەکە[1] سووتا.

بکەر/ کارتێکراو:

لەم ڕستەیەدا وشەی "گەنجەکە" هەرچەندە بکەری ڕستەیە بەڵام بە کارەکەی ئەنجام نەداوە بۆیە ئەرکی (کارتێکراو)ی بینیوە. کەواتە کارتێکراو بە تەنیا پەیوەست نیە بە ئەرکی بەرکار.

### ٣-٢-٣- ئەنجام Result:

ئەم ئەرکە واتاییە ئەنجامی کارەکە دەخاتەڕوو. واتە پەیوەستە بە تەواوبوونی کارەکەی ئەنجامدەر. وەک:

- وەفدی هەرێم لە ئەمریکا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٥٣، ٢١-١٢-٢٠٠٩)

- وەفدی هەرێم لە ئەمریکا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجام دا.

لەم ڕستەیەدا وشەی "کۆبوونەوە" ئەنجامی کارەکەیە کە لەلایەن "وەفدی هەرێم" کە ئەنجامدەری کارەکەیە ئەنجامدراوە.

### ٣-٢-٤- کات Time:

ئەم ئەرکەیە کە پەیوەستە بە کاتی دیاریکراوی ڕووداوەکە، یاخود ئەو ساتەیە کە شتێکی تێدا ڕوو دەدات.[2]

- ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەڵبژاردن دیاریدەکات (ڕۆژنامە، ژ، ٤٦١، ٥-٥-٢٠٠٩)

[1] - ئەم جۆرەی بکەر تەنیا لە ڕێزمانی ئاساییدا ئەرکی بکەر دەبینێت هەروەک پێشتر خستمانە ڕوو بە هۆی ئەوەی ئەنجامدەر نین و زیانکەوتوون، بۆیە لە ڕەسەندا چەمکی بەرکار وەردەگرن نەک بکەر. هەروەها لەبارەی بەرکاریشەوە بە هۆی ئەوەی کە کاری ڕستەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و بەندە بەواتای کار. بۆ نموونە ئەگەر هەردوو کاری " خوێندنەوە، نووسین" وەربگرین دەبینین هەمان فۆرم کە "نامە"یە و ئەرکی ڕێزمانی (بەرکار) دەبینێت جۆرەکەی دەگۆڕێت. وەک:
- هێژە چیرۆک دەخوێنێتەوە
- هێژە چیرۆک دەنووسێت.
لەڕستەی یەکەمدا بە هۆی ئەوەی "چیرۆک"ەکە پێش خوێندنەوە بوونی هەیە و تەواوبووە، بۆیە دەتواندرێت لەڕووی واتاوە بە (کارتێکراو) دابندرێت. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا "چیرۆک"ەکە تەواو نەبووە و بە تەواوبوونی دەبێتە (بەرهەم) کەچی لە ڕێزمانی ئاساییدا "چیرۆک" لە هەردوو ڕستەکەدا ئەرکی "بەرکار" دەبینێت. بڕوانە: (عەبدولواحید مشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، بەشی دووەم)

[2] - محمد بودية، الوظيفية في اللسانيات العربية، ل١٣٨.

- ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەڵبژاردن دیاریدەکات.

لەم ڕستەیەدا ئەرکی واتایی "ئەمڕۆ" کاتی ڕووداوەکەی دیاریکردووە. کە مەبەست لە "دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنە".

### ٣-٢-٥- شوێن Site:

مەبەست لێی ئەرکی دیاریکردنی ئەو شوێنەیە کە پەیوەستە بە ڕووداوێک. واتە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە دیاریدەکات.[1] وەک:

- یەکەم ڕۆژی زستان لە هەرێمی کوردستان پیرۆز کرا (خەبات، ژ، ٣٣٥٥، ٢٣-١٢-٢٠٠٩)

- یەکەم ڕۆژی زستان لە هەرێمی کوردستان پیرۆز کرا.

لەم ڕستەیەدا "هەرێمی کوردستان" ئەرکی دیاریکردنی شوێنی ڕووداوەکەی بینیوە. واتە ئاماژەی بۆ شوێنی ڕوودانی کارەکە کردووە.

### ٣-٢-٦- ئامراز Instrument:

ئەو کەرستەیە کە بەشداری لە چالاکی ڕووداوەکە دەکات. واتە ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە ئەنجامدانی ڕووداوەکە دەنوێنن.[2] هەروەها ئەرکی ئامراز نزیکە لە ئەرکی ئەنجامدەر بەڵام بەهۆی ئەوەی (- زیندووە) و بەدەریشە لە هێزی سروشتی و بەڵکو بەهۆی ئەنجامدەرەوە کارەکەی ئەنجامداوە. واتە بەبێ ئەنجامدەر توانای ئەنجامدانی نییە.

- گەنجێک بە پانکە خۆی خنکاند (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٩٨، ١٤-١٠-٢٠٠٩)

- گەنجێک بە پانکە خۆی خنکاند.

وشەی "پانکە" لەم ڕستەیەدا (ئامراز)ی ئەنجامدانی کارەکە دەنوێنێت. واتە (ئامراز)ی خنکاندنەکەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە (ئامراز) هەمیشە پەیوەستە بە ئەنجامدەرێکەوە، بۆ بەجێگەیاندنی کارەکە.

### ٣-٢-٧- ئامانج Goal:

ئەو ئەرکە دەگەیەنێت کە نیشاندانی جولەیەکە بەرەو ئامامجێکی دیاریکراو.واتە ئامانجی کارەکە دەخاتە ڕوو. وەک:

- سەرۆکی هەرێم بە گەشتێکی فەرمی بەرەو چەند وڵاتێکی ئەورووپا بەڕێکەوت (خەبات، ژ، ٣٣١٦، ٣-١١-٢٠٠٩)

---

[1] - احمد المتوکل، قضایا اللغة العربیة في اللسانیات الوظیفیة، ل٨٨.
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، ل٩٧.

- سەرۆکی هەرێم بە گەشتێکی فەرمی بەرەو چەند وڵاتێکی ئەورویا بەڕێکەوت.

لەم ڕستەیەدا "بەرەو چەند وڵاتێکی ئەوروپا" ئامانجی کارەکەی دیاریکردووە. کە گوزارشتە لەو جولەیەی بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکە.

### ٣-٢-٨- هێز Power:

ئەرکی واتایی ئەو بەشەی ڕستەیە کە گرێی ناوی، بکەر (- زیندوو) دەگرێتەوە و دەبێتە هێزی ئەنجامدانی کارەکە.[١] واتە توانای ئەو بکەرە بێگیانەیە، کە کارەکە ئەنجام دەدات. وەک:

- خۆڵبارین بایدن لە ناوبژیوانی دەکات (ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٦، ٧-٧-٢٠٠٩)

- خۆڵبارین بایدن لە ناوبژیوانی دەکات.

وەک لەم ڕستەیە دەردەکەوێت گرێی ناوی "خۆڵبارین" کە ئەرکی واتایی بکەر (- زیندوو)ە، واتە هێزێکە لە هێزەکانی سروشت، ئەرکی ئەنجامدانی کارەکەی بینیوە.

### ٣-٢-٩- تەوەرە Theme:

ئەو کەرستەیەی ڕستە دەگرێتەوە کە ڕووداوەکەی بەسەردا هاتووە، واتە ئەو بەشەی ڕستەیە کە بەدی هاتووی ئەنجامی ڕووداوەکەیە.[٢] وەک:

- هەڵگورد خێراترین گۆڵی لە خولی نایاب تۆمارکرد (خەبات، ژ، ٣٠٧٨، ٢٣-١-٢٠٠٩)

- هەڵگورد خێراترین گۆڵی لە خولی نایاب تۆمارکرد.

لەم ڕستەیەدا "خێراترین گۆڵ" ئەو بەشەی ڕستەیە کە کارەکەی بەسەرداهاتووە. ئەمەش بەرکاری ڕستە دەگرێتەوە.

### ٣-٢-١٠- ئەزموونکار Experiencer:

ئەو ئەرکە دەگرێتەوە لە ڕستەدا بکەری ڕێزمانی هەڵستاوە بە ئەنجامدانی کارەکە. واتە کارەکە لە دەسەڵاتی (بکەر) دانییە، بەڵکو تەنیا دەرکپێکرنیەتی.[٣]

- ئۆدێرنۆ نیگەرانە (ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٨، ٩-٨-٢٠٠٩)

- ئۆدێرنۆ نیگەرانە.

لەم ڕستەیەدا "ئۆدێرنۆ" هەڵنەستاوە بە ئەنجامدانی کارێک، بەڵکو ئەو گرێ ناوییەیە تایبەتمەندی دەرخراوە، کە "نیگەرانی"یە.

---

[١]- عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل١٠٢.
[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤
[٣]- عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل٩٠.

### ٣-٢-١١- قوربانی Sacrifice:

ئەو ئەرکەیە لە ڕستەدا وەک دووەمین ئەرکی واتایی پەیوەستە بەو کەرستەیەی کە دەبێتە زیانکەوتووی ڕووداوەکە. واتە (قوربانی) ئەو بەشەیە کە لەژێر کاریگەری کارەکەی ئەرکی بەرکاری وەردەگرێت.[١]

- ڕەشەبا کارەبای سلێمانی کەمکردەوە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٣٣، ١-٤-٢٠٠٩)

- ڕەشەبا کارەبای سلێمانی کەمکردەوە.

لەم ڕستەیەدا "کارەبای سلێمانی" وەک بەرکاری ڕستەکە ئەرکی واتایی (قوربانی) بینیوە. چونکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕستەکە.

### ٣-٢-١٢- سوودمەند Beneficiary:

ئەو ئەرکەیە سوود لە کارەکە یان ڕووداوەکە وەردەگرێت. واتە ئەو کەرستەیە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی کارەکە سوودمەند دەبێت. هەروەها یەکێکە لەو کەرستانەی ڕستە، دەتوانرێت دەستبەرداری بیت.[٢] واتە لادانی لە ڕستەدا هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەڕووی تەواوی واتای ڕستەکە. وەک:

- حکومەتی هەرێم ٤٠ ملیار دیناری بۆ دهۆک تەرخانکرد (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٨، ٧-١-٢٠٠٩)

- حکومەتی هەرێم ٤٠ ملیار دیناری بۆ دهۆک تەرخانکرد.

لەم ڕستەیەدا کارەکە لە پێناو "دهۆک" ئەنجامدراوە. هەروەها لە ئەنجامی چالاکی ڕووداوەکە سوودمەندە.

### ٣-٣- واتای بابەتی Thematic Meaning:

هەمەجۆری ڕیزبەندی کەرستەکانی ڕستە، هەمیشە ڕێخۆشکەرن لەبەردەم نێرەردا بۆ ئەوەی بەپێی مەبەستی دیاریکراو دەربڕینەکەی ڕێکبخات. واتە نێرەر دەربڕینەکەی بەشێوەیەک ڕێکدەخات هاوپێچی مەبەستە تایبەتەکەی بێت.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر جۆرە ڕێکخستنێک بەندە بە مەبەستێکی دیاریکراو.

لەم بارەوەش واتاسازی لە چوارچێوەی (واتای بابەتی) گرنگی دەدات بەو شێوە ڕێکخستنەی کە نێرەر بۆ گەیاندن و گونجاندنی مەبەستە دیاریکراوەکەی وشەکانی تیایدا ڕێکدەخات. ئەمەش لەڕێگەی بزواندن یان جێگۆڕکێ کردن و سووربوون لەسەر کەرستەیەکی تایبەتی ڕستەوە دێتەدی. واتە نێرەر بەهۆی پێشخستن و پاشخستنەوە ئەو کەرستەیە دەبزوێنێت، کە

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.
[٢]- محمد بودية، الوظيفية في اللسانيات العربية ، ل١٣٧.

لەگەڵ مەبەستە ڕاستەقینەکەی گونجاو بێت.[1] بزواندنەکەش مەبەست لێی (بەلوتکەکردن Topiclization)ە. ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ واتای بابەتی کە پەیوەندی بە شێوەی ڕێکخستنی ڕستە و بەلوتکە کردنەوە هەیە بە گوێرەی مەبەست. هەروەها هەندێ جاریش سوووربوون و جەختکردن لەسەر مەبەستێک لە ڕێگەی (هێزخستنەسەرStress)ەوە جێبەجێ دەکرێت.واتە یەکێک لە وشەکانی ڕستەکە بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی و نەفی کردنی دژەکانی، هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر.[2]

کەواتە واتای بابەتی ئەو جۆرە واتایەیە لە ڕێگەی شێوەی ڕۆنان و جۆری هێزەوە تیشک دەخاتە سەر مەبەستی تایبەتی نێرەر. وەک لەم ئەرکانەی خوارەوە دەخرێنە ڕوو:

## ٣-٣-١- بەلوتکە کردن "لوتکاندن" (Topiclization).

## ٣-٣-٢– هێز خستنەسەر (Stress).

## ٣-٣-١- بەلوتکە کردن (Topiclization):

ئەو ئەگەرانەی لەبەردەم نێرەرداهەیە لە ڕیزکردنی کەرستەکانی ڕستە، ڕێخۆشکەرن بۆ هەڵبژاردن و جولاندنی ئەو کەرستەیەی کە نێرەر دەیەوێت مەبەستەکەی روونتر و زەقتر پیشان بدات. (بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و جەختکردنەوە لەسەر ئەو واتا و مەبەستە تایبەتەی ئامانجییەتی).[3] هەروەها ئەو کەرستەیەی کە بۆ جەختکردنەوەی واتا و مەبەست دەجولێندرێت، ( بۆلای ڕاست دەجولێت و لەسەرەتای ڕستەکەدا جێگیر دەبێت، ئەمەش زیاتر بۆ دەرخستنی باسلێکراوە ئەم دیاردەیە بە (بەلوتکە کردن Topiclization) ناودەبرێت).[4] لەم بارەشدا گۆڕان لە ئەرک ڕوونادات تەنیا لە هەست و مەبەستدا لەگەڵ ڕستەی ڕیزبەند ئاسایی جیان. لەبەر ئەوەی هەریەکە و بۆ بارێک دەشێن.

چونکە نێرەر بە پابەندبوون بە ڕێسا و یاساکانی زمانەکە، بە لادان لە ڕیزبەندی ئاسایی بۆ ڕیزبەندی نائاسایی، لە ڕیزکردنی کەرستەکاندا لە ڕێگەی بەلوتکەکردنەوە جۆرە جەختکردنێک دەخاتە سەر ئەو بەشەی ڕستە کە هەڵگری مەبەستەکەیەتی. واتە نێرەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و وروژاندنی ئەو ڕۆنانە هەڵدەبژێرێت، زانیارییەکانی بە گوێرەی مەبەستە تایبەتەکەی ڕێکدەخات.

کەواتە بەلوتکەکردن بەپێی بنەماکانی زمانەکە، جێگۆڕکێ و جولانی یەکێ لە کەرستەکانە بە ئاراستەی لای ڕاستی ڕستەکە. هەرچەندە ئەم جێگۆڕکێ و جولانە لەگەڵ ڕۆنانێکی دیکەدا زادەی یەک بیرن و واتا هۆشەکییەکەیان یەکسانە، بەڵام لە هەست و مەبەستدا جیان. وەک:

- حکومەتی هەرێم پشتیوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات
(کوردستانی نوێ، ژ ، ٤٩٦٦، ٢-٩-٢٠٠٩)

---

[1] - بێخاڵ عبداللە سعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر – ١٩٨٩، ل٢٠

[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشە و ڕستە، ل١٠٢- ١٠٣.

[3] - سافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەکادیمای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر- ٢٠١٣، ل١٣٤.

[4] - سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لەیەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لەزمانی کوردیدا، ل١٥٠.

- له ئەکادیمیای کوردی کۆنفرانسی زمانی نەتەوەیی دەستپێکرد ( خەبات، ژ، ٣٣٥٤، ٢٢-١٢-٢٠٠٩)

- بەهاری داهاتوو گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەستپێدەکاتەوە (رۆژنامە، ژ، ٥٤٩، ٢٩- ٥- ٢٠٠٩)

١- حکومەتی هەرێم پشتیوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

أ- حکومەتی هەرێم پشتیوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

ب- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی حکومەتی هەرێم پشتیوانیی دەکات.

٢- له ئەکادیمیای کوردی کۆنفرانسی زمانی نەتەوەیی دەستپێکرد.

أ- له ئەکادیمیای کوردی کۆنفرانسی زمانی نەتەوەیی دەستپێکرد.

ب- کۆنفرانسی زمانی نەتەوەیی له ئەکادیمیای کوردی دەستپێکرد.

٣- بەهاری داهاتوو گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەستپێدەکاتەوە.

أ- بەهاری داهاتوو گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەستپێدەکاتەوە.

ب- گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەهاری داهاتوو دەستپێدەکاتەوە.

لەم مانشێتانەی سەرەوەدا، ئەگەرچی (أ ، ب)ی هەر یەکێ له ڕستەکان هاوبیرن، له ئەرکیشدا هاوئەرکن و هیچ گۆڕانێک ڕووی نەداوە. بەڵام له مەبەست و هەستدا جیاوازن و هەریەکەیان بۆ دۆخ و کاتێک دەشێت. واته نێرەر بەپێی گەیاندنی مەبەست زانیارییەکانی له پەیامەکەدا داڕشتووە. وەک هەر یەکێ لەم ڕستانه شێوە ڕۆنانێکی جیاوازی هەیە، له دەرخستن و گەیاندنی مەبەستی نێرەردا.

له ڕستەی (١- أ)دا بەپێی ڕیزبەندی ئاساییە. بەڵام له ڕستەی (١- ب)دا مەبەست دەرخستنی" ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی"یە بۆیە بەلوتکه کراوە و بووە بە (باس)ی ڕستەکە. کەچی له ڕستەی (٢- أ)دا مەبەست دەرخستنی شوێنی کۆنفراسەکەیە که "له ئەکادیمیای کوردی"یە بۆیە بەلوتکه کراوە. له ڕستەی (٢- ب)دا مەبەست دەرخستنی "کۆنفرانسی زمانی نەتەوەیی"یە هەروەها له ڕستەی (٣- أ)دا مەبەست جەختکردنه له سەر کاتی ئەنجامدانی کارەکە، کە: "بەهاری داهاتوو"ە بۆیە (بەلوتکە) کراوە و بووە بە(باس)ی ڕستەکە. بەڵام لەڕستەی (٣،ب)دا، مەبەست له "گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا" یە.

لێرەدا دەردەکەوێت که هۆکاری (بەلوتکه کردن) دەگەڕێتەوە بۆ (هۆکاری کاریگەریی باری دەروونی و هەبوونی مەبەستێکی دیاریکراو له قسەکردندا، لەم بارەدا نێرەر ڕیزکردنی ئاسایی بۆ جۆرە ڕیزکردنێکی نا ئاسایی دەگۆڕێت ئەمەش بە جولاندنەوەی توخمی مەبەست بۆ لای ڕاستی ڕستە).[1] واته جێگۆڕکێ کرنی کەرستەکان دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی نێرەر بەو

[1] - ژیان عبدالله محمد، واتای ڕستە و ڕۆڵی له کردەی پەیوەندیکردندا، ل٢٧.

بەشەی پەیامەکەی و زەق نیشاندانی بە وەرگر. ئەمەش بەپێی ئەو یاسایانە دەبێت کە لە زمانەکەدا ڕێپێدراوە. واتە لە دۆخێکدا دەبێت کە گۆڕان لە ئەرکدا ڕوونادات، تەنیا لە واتا و مەبەستدا جیاوازن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان بیر بچێت، لە نووسینی مانشێتدا بەشێوەیەکی گشتی ڕیزبەندی ئاسایی پەسندترە، چونکە یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی مانشێت سادەیی و ڕوونی و خێرا گەیاندنی زانیارییەکانە بە هەموو ئاستە جیاجیاکان. واتە ڕیزبەندی ئاسایی هۆکارێکە بۆ ئەوەی وەرگر بتوانێت بەچاوخشاندنێکی خێرا بێ هیچ لەمپەر و لێڵییەک لە واتادا زانیارییەکان وەربگرێت. بۆیە لە داڕشتنی مانشێتەکاندا کەرستەکان زیاتر بەپێی ڕیزبەندی ئاسایی ڕێکدەخرێن.

بۆیە بەسەرنجدان لە نموونە وەرگیراوەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکە لە نێوان هەردوو جۆری ڕیزبەندی (ئاسایی و نائاسایی) کەرستەکان دەردەکەوێت، کە ڕستەکانی مانشێتەکان بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بەپێی ڕیزبەندی ئاسایی ڕێکخراون. وەک لەم پۆلێنکردنەدا دەردەکەوێت:

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (٧٦) مانشێتدا، (٤٦) مانشێت ڕیزبەندی ئاسایی. (٣٠) مانشێت ڕیزبەندی نائاسایی. کە بەم شێوەیە دابەشی سەر جۆرەکانی ڕستە دەبن: ڕستەی هەواڵدان: (٣٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٠) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی پرسیاری: (٩) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٥) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی داخوازی و فەرماندان:(٤) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٣) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی سەرسوڕمان:(١) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (٧٧) مانشێتدا، (٥٣) ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٤) مانشێت ڕیزبەندی نائاسایی. کە بەم شێوەیە دابەشی سەرجۆرەکانی ڕستە دەبن: ڕستەی هەواڵدان (٤٠) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (١٥) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی پرسیاری: (٧) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٦) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی داخوازی و فەرماندان: (٤) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی سەرسوڕمان: (٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (١) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی.

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە(٧٦) مانشێتدا، (٤٨) مانشێت ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٨) مانشێت ڕیزبەندی نائاسایی. بەم شێوەیە دابەشی سەر جۆرەکانی ڕستە دەبن: ڕستەی هەواڵدان: (٣٥) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٠) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی پرسیاری: (٩) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٥) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی داخوازی و فەرماندان: (٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی سەرسوڕمان: (٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (١) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی.

لەم پۆلێنکردنەدا لە ڕیزبەندی ئاساییدا ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی ) بە پلەی سێیەم دێت.

کەواتە ڕۆژنامەی ) بە پلەی یەکەم دێت لە داڕشتنی مانشێتەکاندا بەشێوەی ڕیزبەندی (نائاسایی). کە ئەمەش هەرچەندە لەئاستی واتادا ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە ئاراستەکردنی مەبەستدا.

## ٣-٢-٣- هێزخستنەسەر (Stress):

هێزخستنەسەر ئەو هێزەیە بۆ جەختکردن لە مەبەستێکی تایبەتی، وەک وزەیەکی کتوپڕ دەخرێتە سەر یەکێ لە کەرستەکانی ڕستەکە و گۆڕان لە واتا و مەبەستدا دێنێتە ئاراوە.

لە چوارچێوەی گەیاندنی زانیاری ئاساییدا ئەو کەرستانەی کە لە ڕستەدا ڕێکدەخرێن، بە مەبەستی جەختکردن هیچ هێزێکی دیاریکراوی گوزارشتی مەبەستی نێرەر لەسەر هیچ یەکێ لە کەرەستەکاندا بەدی ناکرێت. بەڵام لە بارێکی تردا، نێرەر ئەو زانیارییانەی کە لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا دەیدا بە وەرگر، بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و گرنگیدانی مەبەستەکەی لە ڕێگای هێزخستنەسەرەوە هێزی سەرەکی دەخاتە سەر ئەو بەشەی ڕستەوە، کە جەخت لە دەرخستنی مەبەستەکەی دەکات. واتە نێرەر بۆ جەختکردن بەپێی مەبەستەکەی هێزی سەرەکی دەخاتە سەر ئەو کەرستەیەی کە دەیەوێت مەبەستە ڕاستەقینەکەی بە وردی بە وەرگر بگەیەنێت.[1] کەواتە لە دەربڕینەکە ئەو کەرستەیەی کە ڕوونکەرەوەی مەبەستە، بەهۆی قورسکردن و بەکارهێنانی هێزی زیاتر جۆرە جەختکردنێکی گشتی بەسەریدا زاڵ دەبێت.[2] بۆیە نێرەر لە گەیاندنی پەیامەکەیدا ((وشە و ڕستەکانی خۆی بە ڕەوتێکی ئاسۆیی ڕێک لە زاراوە دەرناهێنێت. بەڵکو بەردەوام لە (بەرزی) و (نزمی)دا دەبن، واتە لە (هەڵس) و (کەوت)دا دەبن)).[3] ئەم جۆرە (بەرزی) و (نزمی)یەش لە دەربڕینەکەدا دەردەکەوێت، کە کام بەشی ڕستەکە، سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی هێزی زیاتری خراوەتە سەر، ئەمەش کاردەکاتە سەر گۆڕانی واتای وشە و ڕستەکەش.

ڕستە لە ڕووی هێزەوە دوو جۆری هەیە:

### ٣-٢-٣-١- هێزی ئاسایی ڕستە:[4]

ئەو هێزەیە لە چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەیەکی ئاسایی دەکەوێتە سەر دوا وشەی ڕستەکە. چونکە وشە لە چوارچێوەی ڕستەدا دەبێتە دانەیەکی بچووک و هێزی سەرەکی نامێنێت، بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی هێزی سەرەکی دەخرێتە سەر دوا وشەی ڕستەکە.[5] کەواتە دوا وشەی ڕستەکە هەڵگری مەبەستی ڕستەکەیە. لەم بارەشدا دەرهێنانی کەرەستەکان لەبارێکی ئاسۆیی ڕێک و وەستاودا دەبن، هیچ مەبەستێکی دیاریکراوی نێرەر لەسەر کەرەستەکاندا بۆ دەرخستن و دووپاتکردنەوە بەدی ناکرێت. وەک:

١- پەروەردە بە دڵسۆزی و ڕەخنەی بنیادنەرانە <u>پێشدەکەوێت</u> (خەبات، ژ، ٣١٦٣، ٤-٥-٢٠٠٩)

٢- دەستەی نەزاهە چوار دادوەری کورد ناچار دەکات سامانەکانیان <u>ئاشکرابکەن</u> (ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٥، ٨-٦-٢٠٠٩)

---

[1] - عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر-٢٠٠٧ ، ل٥٥.

[2] - شلێر ڕەسووڵ محەمەد، شێوازی جەخت کردن لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ١٥، هەولێر - ٢٠١٠، ل٢٤.

[3] - وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر - ٢٠٠٤، ل٢٨٤.

[4] - بەهۆی ئەوەی باسەکە پەیوەندارە بە ڕستەوە، بۆیە "هێزی وشە" باس نەکراوە.

[5] - تاڵیب حوسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، ل٥٧.

٣- پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم گەیشتە پەرلەمان (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٢، ٥-٥-٢٠٠٩)

لەم ڕستانەدا هێزی سەرەکی بە شێوەیەکی ئاسایی دەکەوێتە سەر وشەکانی کۆتایی ڕستەکە، کە بریتین لە وشەکانی "پێشدەکەوێت، ئاشکرابکەن، پەرلەمان". واتە هیچ یەکێ لە کەرستەکانی ڕستەکان بە دیاریکراوی لەلایەن نێرەرەوە بە مەبەستی جەختکردن هێزی نەخراوەتە سەر.

### ٣-٣-٢-٢- هێزی بەرامبەری ڕستە:

ئەو هێزەیە کە لەلایەن (نێرەر)ەوە دەخرێتە سەر بەشێک لە بەشەکانی ڕستە. واتە (ئەو هێزە سەرەکییەیە کە نێرەر بە مەبەستی جەختکردنەوە و دووپاتکردنەوەی مەبەستەکەی دەیخاتە سەر یەکێ لە وشەکانی ڕستەکە).[1] جا ئەو وشەیە لە سەرەتا، یان لە ناوەڕاست یان، کۆتایی ڕستەکە بێت. کەواتە نێرەر سەربەستە بۆ جەختکردنەوە و دەرخستنی مەبەستەکەی هێزی بەرامبەری دەخاتە سەرکام وشەی ڕستەکە. بۆ نموونە لە ڕستەی "مانگی داهاتوو مووچە لە کاتی خۆیدا دابەش ناکرێت" لێرەدا نێرەر هێزی سەرەکی دەخاتە سەر ئەو وشەیەی کە بەلایەوە گرنگە، بۆ ئەوەی مەبەستە دیاریکراوەکەی بە شێوەیەکی ڕوون و ورد بگەیەنێتە وەرگر. وەک:

- تیشکی خۆر ڕێژەی شەکرە لە لەشدا کەمدەکاتەوە (خەبات، ژ، ٣١٧٧، ٢٠-٥-٢٠٠٩)

- بودجەی ئەمساڵی ماددەی (١٤٠) بەتەواوی دابینکرا (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨٣، ٢٩-٥-٢٠٠٩)

- یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەموار دەکرێتەوە (ڕۆژنامە، ژ ،٥٦١، ٢٢-١٢-٢٠٠٩)

١- تیشکی خۆر ڕێژەی شەکرە لە لەشدا کەمدەکاتەوە.

- تیشکی خۆر ڕێژەی شەکرە لە لەشدا کەمدەکاتەوە. (مەبەست تیشکی خۆرە)
- تیشکی خۆر ڕێژەی شەکرە لە لەشدا کەمدەکاتەوە. (مەبەست ڕێژەی شەکرەیە)
- تیشکی خۆر ڕێژەی شەکرە لە لەشدا کەمدەکاتەوە. (مەبەست لەلەشدایە)
- تیشکی خۆر ڕێژەی شەکرە لە لەشدا کەمدەکاتەوە. (مەبەست کەمکردنەوەیە)

٢- بودجەی ئەمساڵی ماددەی (١٤٠) بەتەواوی دابینکرا.

- بودجەی ئەمساڵی ماددەی (١٤٠) بەتەواوی دابینکرا. (مەبەست بودجەیە)

[1] - ساکار کەمال واحد، کاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، ٢٠١٣، ل٤٩.

- بودجەی ئەمساڵی ماددەی (١٤٠) بەتەواوی دابینکرا. (مەبەست ئەمساڵە "کات")

- بودجەی ئەمساڵی ماددەی (١٤٠) بەتەواوی دابینکرا. (مەبەست ماددەی (١٤٠)ە)

- بودجەی ئەمساڵی ماددەی (١٤٠) بەتەواوی دابینکرا. (مەبەست بەتەواوییە)

- بودجەی ئەمساڵی ماددەی (١٤٠) بەتەواوی دابینکرا. (مەبەست دابینکردنە)

٣- یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەموار دەکرێتەوە.

- یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەموار دەکرێتەوە. (مەبەست یاسای خانەنشینییە)

- یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەموار دەکرێتەوە. (مەبەست ڕۆژنامەنووسانی هەرێمە)

- یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم هەموار دەکرێتەوە. (مەبەست هەموار کردنەوەیە)

بە سەرنجدان لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، کە نێرەر سەربەستە بۆ جەختکردن لە زەق نیشاندانی مەبەستەکەی بۆ وەرگر و نەفی کردنی دژەکانی هێزی سەرەکی دەخاتە سەر کام کەرستەی پەیامەکەی. کەواتە ئەو کەرستەیەی هێزی سەرەکی خراوەتە سەر گوزارشتی مەبەستی دیاریکراوی نێرەرە لە کۆی ئەو زانیارییانەی خراوەتەڕوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەگەرچی هەر چوار ڕستەکەی نموونەی یەکەم لە دەرهێناندا یەکن، بەڵام لە مەبەستدا لە یەکتر جیان. چونکە هەریەک لەم کەرستانەی هێزی سەرەکی دەکەوێتەسەر هەڵگری مەبەستێکی تایبەتی نێرەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر ورووژاندنی بە ئاراستەی مەبەستەکەی.

### ٣-٤- ئەرکە پراگماتیکییەکان لە ڕستەدا (Function Pragmatic in Sentence):

(پراگماتیک Pragmatics) لقێکی دیکەی ئاستی واتایە، بە پێچەوانەی (سیمانتیک Semantics)، گرنگی دەدات بە واتای ئەو دەربڕینانەی جگە لە واتای فەرهەنگی بە پەیوەست بوون بە دەوروبەری گوتنەوە هەڵگری واتای ترن. واتە پراگماتیک لە دەرەوەی واتای فەرهەنگی مەبەستە قووڵ و شاراوەکانی یاخود واتا خوازراوەکانی دەربڕینەکان لێکدەداتەوە.[١]

زاراوەی (پراگماتیک Pragmatics) لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Pragma)ی یۆنانی کە لە بنەڕەتدا بە واتای کارکردن یاخود پراکتیک هاتووە.[٢]

ئەو کەرستانەی دەبن بە پێکهاتەی هەر ڕستەیەک کورتە و پوختەی درێژەی زانیارییەکانی ناوەرۆکی بابەتەکەن. بەڵام ئەو زانیارییانەی کە واتاکانیان لە دەوروبەر وەرگرتووە، واتە لە

---

[١] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، چاپی یەکەم، هەلێر - ٢٠١٠، ل١٥.
[٢] - مەحەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ل١٨٢.

دەرەوەی واتای فەرهەنگین، لەم بارەیەوە ئەرکە پراگماتیکییەکان، بەپێی ڕێزمانی ئەرکی دەروانێتە پێکهاتەکانی ڕستە، بەپێی ئەو پەیوەندی و دۆخ و دەوروبەرە تایبەتەی لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە.[١] کەواتە زانیارییەکانی نێو ڕستە پەیوەستە بەو دەوروبەرە دیاریکراوەی کە واتایەکی پراگماتیکی دەبەخشێت و لە کورترین ڕستەدا زۆرترین واتا دەگەیەنێت. بۆیە ئەرکە پراگماتیکییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە دیاریکردنی بنەماکانی ڕستە و ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان. لەم بارەوە "سیمۆن دیک Simon Dik" (١٩٤٠-١٩٩٥ز) ئاستی ئەرکە پراگماتیکییەکان لە چوار ئەرکدا دەخاتە ڕوو: (تەوەرە Theme)، (شوێنکەوتوو Tail)، (سەرچاوە Focuc)، ( بابەت Topic) هەروەها دابەشی دەکات، بۆ "ئەرکە دەرەکییەکان" و "ئەرکە ناوەکییەکان". واتە "ئەرکە دەرەکییەکان" پێکدێت لە: (تەوەرە Theme) و(شوێنکەوتوو Tail)، "ئەرکە ناوەکییەکان" پێکدێت لە: (سەرچاوە Focus)، (بابەت Topic). سەبارەت بە "ئەرکە دەرەکییەکان" جگە لەم دوو ئەرکە ئەرکێکی تری دەرەکی زیاد کراوە کە ئەرکی (بانگکراو Vocative)ە.[٢] بەمەش ئەرکە پراگماتیکییەکان لە ڕێزمانی ئەرکیی دا پێنج ئەرک لە خۆ دەگرێت، کە دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی دەبن، بریتین لە:

**٣-٤-١- ئەرکە دەرەکییەکان.**

**٣-٤-٢- ئەرکە ناوەکییەکان.**

**٣-٤-١- ئەرکە دەرەکییەکان:** ئەو کەرستانە لەخۆ دەگرێت کە دەکەونە دەرەوەی گوتنەوە، واتە ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کە پەیوەست نینە بە دەربڕینەکە، کە هەر یەکێکیان ئەرکێکی جیا لەوی تر دەبینێت.[٣] کە بریتین لە:

**٣-٤-١-١- تەوەرە Theme.**

**٣-٤-١-٢- شوێنکەوتوو Tail.**

**٣-٤-١-٣- بانگکراو Vocative.**

### ٣-٤-١-١- تەوەرە Theme:

(تەوەرە Theme) وەک دەسپێکێک ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەرەتای دەربڕینەوە. لەم بارەوە "سیمۆدیک Simon Dik" (١٩٤٠- ١٩٩٥ز) وای پێناسە کردووە: (تەوەرە Theme بواری ئاخاوتن دیاری دەکات ، کە وا دادەنرێت ئاخاوتنی لە بارەوە دەکرێت).[٤] واتە ئەو دەسپێکەیە ئەرکی دیاریکردنی بواری هەر ئاخاوتنێک یا ڕستەیەک دەبینێت. بەواتایەکی تر ئەو پێکهاتەیەیە ئاخاوتنی بەدەوردا دەخولێتەوە.هەروەها تەوەرە بەوە جیا دەکرێتەوە کە

---

[١] - احمد المتوكل، الوظيفة والبنية، مطابع منشورات عكاظ ،الرباط - ١٩٩٣، ل٤٨.

[٢] - احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل١٧.

[٣] - الزايدي بودرامة ، النحو الوظيفي والدرس اللغوي العربي، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات قسم اللغة العربية وادابها، جامعة الحاج اخضر، الجزائر - ٢٠١٤، ل١٩٨.

[٤] - احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية ، ل١١٥.

ئاخاوتنی بەدوادا دێت. واتە ئەگەر هاتوو نەبێتە سەرەتایەک بۆ بە دواداهاتنی ئاخاوتن، ناتواندرێت بە تەوەرە دابندرێت. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا هەرچەندە دەکەوێتە دەرەوەی ئاخاوتن، بەڵام بە واتای ئەوە نایەت پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، یاخود بەشێک لە ڕستە پێکناهێنێت و سەربەخۆیە، لەبەرئەوەی یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی تەوەرە ئەوەیە، کە ئاخاوتنی بەدوا دادێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، پەیوەندییەکی بتەو هەیە لە نێوان تەوەرە و دەربڕینەکانی دوای خۆی. کەواتە بەدەر لەمە ناتواندرێت بواری ئاخاوتن دیاری بکرێت. هەروەها ئەو پێکهاتەیەی پاڵپشتی تەوەرە دەکات، جگە لەوەی دەبێت لە دەرەوەی ئاخاوتنەکە بێت، مەرجیشە دەبێت پەیوەندی هەبێ بە ئاخاوتنەکەوە. بەڵام ئەم پەیوەندییەش جیایە لەو پەیوەندییەی کە پێکهاتەکانی ناوەوە بەیەکەوەیان گرێ دەدات. کەواتە ئەو پێکهاتەیەی کە ئەرکی دیاریکردنی بواری ئاخاوتن دەبینێت، جگە لەوەی دەبێتە خاڵی پەیوەندی دەربڕینەکانی دوای خۆی، دەبێت ببێتە خاڵی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگریش. ئەمەش دەوەستێتە سەر پەیوەندی و ڕێککەوتنی نێوان "نێرەر و وەرگر" لە بواری ئاخاوتنەکە، ئەم پەیوەندییەش پێناسەی زانیارییەکانی نێرەر بە جیهانی دەرەوە دیاریدەکات.[١] واتە (تەوەرە Theme) بەندە بە ناسراوی کەرستەکە لای "وەرگر" لەبەر ئەوەی ئەو کەرەستەیەی دەکرێتە (تەوەرە Theme) کۆت و بەندی گەڕانەوەیی مەرجە بۆ ئەوەی وەرگر بتوانێت ئەو کەرەستەیە بناسێتەوە.[٢] بۆیە کۆکڕایی نێوان نێرەر و وەرگر لە بواری ئاخاوتنەکە گرنگە، بۆ ئەوەی پرۆسەی تێگەیشتن بێتە ئاراوە. ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندییەی تەوەرە کە بە ئەرکێکی پراگماتیکی دادەندرێت. واتە پراگماتیکی تەوەرە لەوەوە دەردەکەوێت کە بەندە بە دەوروبەرەوە لەبەر ئەوەی گرێدانی زمان و دەوروبەر بەیەکەوە، کردەی گوتن دەکاتە دیاردەیەکی ڕێزمانی.[٣] کەواتە تەوەرە ئەرکێکی پراماتیکییە بە بەڵگەی ئەوەی کە:

١- تەوەرە هاوبەشە لەگەڵ ئەرکە پراگماتیکییەکانی تری وەک (باس، شونێکەوتوو، سەرچاوە، بانگکراو)، لەبەر ئەوەی وەک هەریەکێ لەمانە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە پەیوەستە بە دەوروبەری دیاریکراوی نێوان نێرەر و وەرگر. واتە بەبێ دیاریکردنی دەوروبەری دیاریکراو پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت.

٢- دیاریکردنی ئەم پەیوەندییە دەکەوێتە چوارچێوەی زانیارییەکانی نێرەر بە جیهانی دەرەوە. بۆ نموونە: "هەولێر، قەڵا و منارەکەی مێژووییە". لێرەدا دەربڕینەکە ئەوە دەگرێتەوە کە "قەڵا و منارەکەی مێژووییە". بەهۆی بوونی "قەڵا و منارە لە هەولێر" کەواتە زانیارییەکانی دوای تەوەرە بە سەرکەوتووی دەگاتە وەرگر. بەڵام هەر لەم ڕستەیەدا ئەگەر ئەرکی تەوەرە بدرێتە شوێنێکی تر. بۆ نموونە: "سلێمانی، قەڵا و منارەکەی مێژووییە". لێرەدا سەرکەوتوو نابێت لە گەیاندنی زانیارییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زانیاری نێرەر لە بارەی شوێنەکەوە. کەواتە یەکێ لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەرکی تەوەرە ئەوەیە کە دەبێت بەلای وەرگرەوە ناسراو بێت، چونکە یەکێ لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی دەربڕین، ڕێککەوتنی نێوان نێرەر و وەرگرە. واتە نێرەر ئەو کەرستەیەی دەیکاتە دەسپێکی دەربڕینەکەی دەبێت لەلای وەرگر ناسراو بێت[٤].
هەروەها ئەگەرچی لەسەرەتای ڕستەی پرسیاریشدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەرەوەی هێزی ڕاپەڕاندن دەبێت، بۆیە لە ڕستەی پرسیاریدا نابێتە پێکهاتەی پرسیار، هەرچەندە دەتوانێت ببێتە هێزێکی ئەنجامدانی جیاواز لە هێزی ئەنجامدانی گوزارە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوە نییە کە سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە لە ڕستەدا یان بەشێک لە

١ - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.
٢ -.عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل١١٩.
٣ - ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە، ل١٨٧.
٤ - الزايدي بودرامة، النحو الوظيفي والدرس اللغوي العربي، ل٢٠٦.

ڕستەکە پێکدێنێت.[1] کەواتە (تەوەرە Theme) ئەو ئەرکە پراگماتیکییەیە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان نێرەر و وەرگر بواری ئاخاوتن دیاری دەکات. کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا تایبەتمەندییەکانی پوخت دەبێتەوە:

- تەوەرە، بابەتێک لە بابەتەکانی ئاخاوتن پێکناهێنێت، واتە لەدەرەوەی ئاخاوتن دایە.

- بەهۆی ئەوەی ئەرکێکی دەرەکییە، ئەو هێزەی ناکەوێتە سەر، کە دەکەوێتە سەر ئەر ناوەکییەکان.

- بەوە لە ئەرکەکانی تر جیادەکرێتەوە، لە سەرەتای ئاخاوتن دێت، کە تاکە شوێنە بۆ وەرگرتنی فەراهەم کراوە. واتە بە جێگۆڕکێ کردنی شوێنەکەی ئەرکەکەی لە دەست دەدات.[2]

- دیارترین کەرستەی ناسراوی نێوان نێرەر و وەرگرە.

هەروەک لەم نموونانەدا تیشکیان دەخەینە سەر:

- حەمە خەبات، ئەو پیاوەی ڕۆژنامەی خەبات بوو بە نازناوی (خەبات، ژ ،٣١٤٢، ٩-٤-٢٠٠٩)

- هەولێر، هەولێرە لەسەری قەراتە لەبنی باژێرە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٧٨، ١٦-٩-٢٠٠٩)

- لیستی کوردستانی، بڕوای بە ڕێکەوتن نییە (ڕۆژنامە، ژ، ٣٤٦، ٨-٩-٢٠٠٩)

١- حەمە خەبات، ئەو پیاوەی ڕۆژنامەی خەبات بوو بە نازناوی.

٢- هەولێر، هەولێرە لەسەری قەراتە لەبنی باژێرە.

٣- لیستی کوردستانی، بڕوای بە ڕێکەوتن نییە.

لەم مانشێتانەی سەرەوەدا وشەکانی "حەمە خەبات، هەولێر، لیستی کوردستانی" کە لە سەرەتای ڕستەکاندا هاتوون، بوونە بە (تەوەرە Theme)ی ڕستەکە و زانیارییەکانی تریان بەدوا دا هاتووە، بێ ئەرک خستنەسەر وەرگر کردەی تێگەیشتن هاتۆتە ئاراوە. چونکە لەهەر سێ ڕستەکەدا تەوەرە وەک کەرستەیەکی ناسراو لە سەرەتای ڕستەکاندا دەرکەوتووە. کە بۆتە خاڵی دەسپێکی نێوان نێرەر و وەرگر. واتە ئەو کەرستەیەی کە ئەرکی (تەوەرە)ی بینیوە، بواری ئاخاوتنی دیاری کردووە، کە بەندە بە پەیوەندی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر بەپێی دەوروبەری دیاریکراو. بۆیە بەدەر لەم چوارچێوەیە ناتواندرێت کردەی تێگەیشتن بێتە ئاراوە. وەک لەهەر یەکێ لە مانشێتەکان ئەگەر ئەو کەرستەیەی کە ئەرکی (تەوەرە)ی بینیوە، بگۆڕین بۆ کەرەستەیەکی تری نەناسراو، لەم بارەدا زانیارییەکانی دواتر بەڕوونی ناگات و کردەکە سەرکەوتوو نابێت. واتە دەربڕینی بەدوادا نایەت گوارشت بێ لە تەوەرەکە، لەبەر ئەوەی یەکێ لە مەرجەکانی تەوەرە پەیوەست بوونە بە دەربڕینەکانی دوای خۆیەوە، ئەم پەیوەست بوونەش بەندە بەزانیارییەکانی قسەکەر بە جیهانی دەرەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، پەیوەندی هاوبەش بنەمای دیاریکردنی بواری ئاخاوتنە. هەروەها بەهۆی ئەوەی کە سەرەتای

---

[1] - احمد المتوكل، اللسانيات الوظيفية، مدخل نظري، دارالكتب الوطنية، ط٢، مطبعة النجاح ،المغرب -٢٠١٠، ل٢٤٦.
[2] - الزايدي بودرامة، النحو الوظيفي والدرس اللغوي العربي، ل٣٦٥.

ڕستە تاکە شوێنە بۆی فەراهەم کراوە بۆیە بە جێگۆڕکی کردنی هەر یەکێ لەم کەرستانەی ئەرکی تەوەرەیان بینییوە، ئەرکەکەیان دەگۆڕێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەو کەرستەیەی لە مانشێتی یەکەم ئەرکی تەوەرەی بینیوە. ئەگەر وشەی "حەمە خەبات" بگۆڕین بۆ هەر وشەیەکی تر لەم دۆخەدا دەربڕینەکەی دواتر ناگاتە وەرگر. یاخود گۆڕینی ڕیزبەندی کەرەستەکان واتە لەبری "حەمە خەبات"، "ڕۆژنامەی خەبات" ببێتە دەسپێکی دەربڕینەکە، لەم بارەدا تەوەرە ئەرکەکەی لەدەست دەدات. کەواتە بەسەرنج دان لەم مانشێتانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە تەوەرە وەک کەرستەیەکی دەسپێکی ڕستەکان و ناسراوی نێوان نێرەر و وەرگر، بواری ئاخاوتن، یاخود دەربڕینەکانی دوای خۆی دیاریکردووە.

هەروەها هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەگەرچی لەسەرەتای ڕستەی پرساریشدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەرەوەی هێزی ڕاپەڕاندن دەبێت، بۆیە لە ڕستەی پرسیاریدا نابێتە پێکهاتەی پرسیار، بەڵکو لە هێزی ڕاپەڕاندنی گوزارە دەتوانێ ببێتە هێزێکی ڕاپەڕاندنی جیاواز. هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- دهۆک لەکوێی کارنامەی کابینەی شەشەم و خولی سێیەمی پەرلەماندایە؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٣٦٢، ٢٩-٢-٢٠٠٩)

- پارێزگاری سلێمانی، خەتای میدیا نییە؟ (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٤٨، ١٥-١٢-٢٠٠٩)

- مۆبایل، ئامێرێک بۆ پەیوەندی یان هۆکارێک بۆ توندوتیژی؟ (خەبات، ژ، ٣٣٣٢، ٢٢-١١-٢٠٠٩)

١- دهۆک، لەکوێی کارنامەی کابینەی شەشەم و خولی سێیەمی پەرلەماندایە؟

٢- پارێزگاری سلێمانی، خەتای میدیا نییە؟

٣- مۆبایل، ئامێرێک بۆ پەیوەندی یان هۆکارێک بۆ توندوتیژی؟

لەم نموویانەی سەرەوە وەک دەردەکەوێت وشەکانی "دهۆک، پارێزگاری سلێمانی، بۆبایل" ئەرکی تەوەرەیان بینیوە، واتە بواری دەربڕینەکەیان دیاریکردووە. واتە وەک دەسپێکی دەربڕینەکە، بوونەتە پەیوەندی هاوبەشی نێوان نێرەر.
هەروەها بەهۆی ئەوەی لە دەرەوەی هێزی ڕاپەڕاندندان، بۆیە بەشێک لە پێکهاتەی پرسیار نین، هەر چەندە لە سەرەتای ڕستەشدا ئاماژەیان بۆکراوە. کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، تەوەرە نابێتە باس و بابەتی ئاخاوتنەکە، چونکە ئەرکێکی ڕستەیی نەدراوەتە پاڵ ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە بەشداربوویەکی ئاخاوتنەکەیە. واتە بابەتێک نییە لە بابەتەکانی ئاخاوتن و وەک ئەرکێکی دەرەکی ئەو هێزەی ناکەوێتە سەر کە دەکەوێتە سەر ئەرکەکانی ناوەوە.

## ٣-٤-١-٢- شوێنکەوتوو Tail:

لە کاتی بوونی هەر ناڕوونییەک لە زانیارییەکانی(باس)دا لە لایەن وەرگرەوە، وەک ئەرکێکی دیکەی پراگماتیکی (شوێنکەوتوو)، (هەڵگری ئەو زانیارییانەیە کە زانیارییەکان ڕووندەکاتەوە یان ڕێکدەخاتەوە،[1] کە دەبێتە پێشینە وەڵامی وەرگر، چونکە ناڕوونی (باس)، وەرگر ناچار بە داوای ڕوونکردنەوە دەکات، بۆیە بە مەبەستی (ناساندنی (باس و تەوەرە)، (شوێنکەوتوو) ئەرکی ڕاستکردنەوەی زانیاری هەڵە و لە بیرچوو دەبینێت و مەبەست ڕاستدەکاتەوە).[2] کەواتە (شوێنکەوتوو) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ڕوونکردنەوە و خێراگەیاندنی زانیارییەکان. وەک:

- پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی عێراق بەسەرکەوتووانە کۆتایی هات، لە شەقڵاوە (خەبات، ژ،٣٢٦١، ٢٧-٨-٢٠٠٩)

- پەسندکردنی بودجەی هەرێم دوادەکەوێت بۆ مانگی حوزەیران (رۆژنامە، ژ، ٤٦٩، ١٧-٥-٢٠٠٩)

- هەرێم دەروازەیەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، عێراق و ئێران (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٥٣، ٢١-١٢-٢٠٠٩)

١- پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی عێراق بەسەرکەوتووانە کۆتایی هات، لە شەقڵاوە.

٢- پەسندکردنی بودجەی هەرێم دوادەکەوێت بۆ مانگی حوزەیران.

٣- هەرێم دەروازەیەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، عێراق و ئێران.

بۆ ئەوەی مانشێتەکان، زانیارییەکان ڕوونتر و خێراتر بگەیەنن و لە ڕاکێشانی سەرنجی (وەرگر) کاریگەری خۆیان بنوێنن، هەروەک لەم نموونانەی سەرەودا دەردەکەوێت ، کە (نێرەر) درکی بەناڕوونی لە زانیارییەکانی کردووە، بۆ ئەوەی هیچ پرسیارێک لەلایەن (وەرگر)ەوە نەیەتە ئاراوە و داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر نەکات، لە بارەی لێڵی لە زانیارییەکانی دا. بۆیە بە مەبەستی خێراگەیاندنی زانیارییەکانی، پەنای بردۆتە بەر ئەرکی (شوێنکەوتوو) کە پێکدێت لە کەرستەکانی "لە شەقڵاوە، بۆ مانگی حوزەیران، عێراق و ئێران" کەهەڵگری زانیاری زیاترن لەبارەی زانیارییەکانی پێش خۆیان. کەواتە هەریەکێ لەمانە ئەرکی (شوێنکەوتوو)ی بینیوە، لە دیاری کردنی (شوێن، کات، شوێن)، بۆ ئەوەی (وەرگر)ناچار نەبێت بە ئەرکی پرسیارکردن.
هەر لەم بارەوە (شوێنکەوتوو Tail) سێ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە ڕوونکردنەوە و دەستکاری و ڕاستکردنەوەی (پەیام) بەشێوەیەکی گشتی.
ئەگەر هاتوو (نێرەر) گومان یان درکی بە ناڕوونی زانیارییەکانی کرد، پەنا دەباتە بەر ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ لادانی ئەو ناڕوونییەی کە لە زانیارییەکانی دا هەیە.[3] بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر یەکێ لە ئەرکەکانی (شوێنکەتوو)، ئەم ئەرکەش پێی دەگوترێت

---

١-Simon .Dik , Functional Grammar,Amsterdam ,North Holland-١٩٧٨,p١٩

[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل١٢١.

[3] - احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل١٤٧- ١٤٨.

(شوێنکەوتووی ڕوونکردنەوە). واتە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی زانیارییەکانی دەخاتە ڕوو.
بەڵام ئەگەر هاتوو (نێرەر) تێبینی ئەوەی کرد، کە زانیارییەکانی وەک پێویست مەبەستەکەی نەگەیاندووە. لەم کاتەدا لە ڕێگەی ئەرکێکی تری (شوێنکەوتوو)ەوە، بۆ گەیاندنی دروستی مەبەستەکەی زانیارییەکانی دەستکاری دەکات. ئەم ئەرکەش پێی دەگوترێت،(شوێنکەوتووی دەستکاری). واتە لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە زانیارییەکانی ڕێکدەخاتەوە.
هەروەها ئەرکێکی تری (شوێنکەوتوو)، کە پێی دەگوترێت، (شوێنکەوتووی ڕاستکردنەوە). (نێرەر) لە کاتی گەیاندنی زانیارییەکانیدا سەرنج دەدا، ئەگەر هەڵە یان کەموکوڕی لە زانیارییەکانی بەدی بکات،[1] لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە بە زیادکردنی زانیاری ترەوە زانیارییەکانی ڕاستدەکاتەوە. کەواتە بۆ گەیاندنی پوختی مەبەستەکەی بە هۆی (شوێنکەوتووی ڕاستکردنەوە) زانیارییەکانی ڕاستدەکاتەوە.

- نموونەی مانشێتەکان بۆ هەرسێ ئەرکەکە:

- پەرلەمانی کوردستان هاوهەڵوێستە لەگەڵ نوێنەرانی کورد، لەبەغدا (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٠٥، ٢٢-١٠-٢٠٠٩)

- ٥٠ کورسی زیادکراوە، تەنیا ٦ی بۆ کوردە (ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٩، ٨-١٢-٢٠٠٩)

- ئەو سووتەمەنییەی دەنێردرێتە دەرەوە نەوتی ڕەشە نەک نەوتی سپی و خاو (خەبات، ژ،٣٣٥٧، ٢٥-١٢-٢٠٠٩)

**أ- شوێنکەوتووی ڕوونکردنەوە:**

١- پەرلەمانی کوردستان هاوهەڵوێستە لەگەڵ نوێنەرانی کورد، لەبەغدا.

**ب- شوێنکەوتووی دەستکاری:**

٢- ٥٠ کورسی زیادکراوە ، تەنیا ٦ی بۆ کوردە.

**ج- شوێنکەوتووی ڕاستکردنەوە:**

٣- ئەو سووتەمەنییەی دەنێردرێتە دەرەوە نەوتی ڕەشە نەک نەوتی سپی و خاو.

لەم نموونانەدا دەربڕینەکانی: "لە بەغدا، تەنیا ٦ی بۆ کوردە، نەک تەوافوق" هەرسێ ئەرکەکانی (شوێنکەوتوو)یان بینیوە. لە نموونەی یەکەمدا (نێرەر) کاتێ درکی بە ناڕوونی لە زانیارییەکانی کردووە، ڕوونکردنەوەی لە بارەوە داوە. واتە "لەبەغدا" ڕۆڵی (شوێنکەوتوو ڕوونکردنەوە)ی بینیوە. لە نموونەی دووەمدا لە کۆی ژمارەی "کورسییەکان"، تێبینی ئەوەی کردووە کە مەبەستەکەی وەک پێویست نەگەیاندووە. بۆیە لە ڕێگەی ئەرکی (شوێنکەوتووی دەستکاری) دەستکاری زانیارییەکانی کردووە و دیاری کردووە کە "تەنیا ٦ی بۆ کوردە".

[1] - احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل١٤٧- ١٤٨.

لە نموونەی سێیەمدا (نێرەر) بەسەرنج دان بە بوونی کەموکوڕی لە زانیارییەکانیدا، لە ڕێگەی (شوێنکەوتووی ڕاستکردنەوە) بۆ دروست گەیاندنی مەبەستەکەی زانیارییەکەی ڕاستکردۆتەوە کە دەربڕینی "نەک نەوتی سپی و خاو" ئەرکەکەی بینیوە.

تێبینی: بەهۆی ئەوەی یەکێ لە مەرجەکانی مانشێتی سەرکەوتوو لە کێشکردنی سەرنجی وەرگر و ورووژاندنی، ئەوەیە کە دەبێت ڕوون و بێ گرێوگۆڵ بێت. هەروەها بەر لە بڵاوکردنەوەش دەبێت پێداچوونەوەی وردی بۆ بکرێت. بۆیە لە لایەنی ئەرکی (شوێنکەوتوو)ەوە، جگە لە (شوێنکەوتووی ڕوونکردنەوە)هەردوو ئەرکەکەی تری (شوێنکەوتوو) واتە (شوێنکەوتووی دەستکاری، ڕاستکردنەوە) زۆر بەکەمی بەکاردێت.

هەرچەندە ئەگەر بێتو مانشێتنووس شارەزای بنەماکانی (زمانەوانی) بەتایبەتی (پراگماتیک) بێت، دەتواندرێت ئەم ئەرکانەش بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوی لێبکرێت.

### ٣-٤-١-٣- بانگکراو Vocative:

"سیمۆن دیک Simon Dik" لە ئەرکە دەرەکییەکان تەنیا دوو ئەرکی دیاری کردووە. بەڵام "بانگکراو" وەک ئەرکێکی دیکەی دەرەکی لە ئەرکە پراگماتیکییەکان لەلایەن (احمد المتوکل)ەوە زیاد کراوە. کە (ئەرکی "بانگکراو" ئەرکێکی پراگماتیکییە، وەک چوارئەرکەکەی تر پاڵپشتی لە یەکێ لە پێکهاتەکانی "پەیام" دەکات و پەیوەستە بە دەوروبەرەوە).[١] هەروەها "بانگکراو" دەبێت ئەو پێکهاتەیە بێت، توانای وەرگرتنی هەبێت. واتە "بانگکراو" جگە لە خودێکی خوازەیی، دەبێت هێمایەک بێت، گوازرشت لە خودێکی عاقڵ یان بەلایەنی کەم خودێکی زیندوو بکات. لەبەر ئەوەی لە "بانگکردن"دا مەبەست وەرگرە.[٢] بۆیە دەبێت پێکهاتەیەک بێ لە ئاست ئاراستە کردنەکە دابێت، چونکە (ڕۆڵی پێکهاتەی "بانگکراو" لە پرۆسەی گەیاندندا بۆ ڕاکێشانی سەرنج و ئاگادارکردنەوەی وەرگرە).[٣] بە پەیوەست بوون بە دەوروبەرێکی دیاریکراو. هەروەها "بانگکراو" ئەرکێکە لە دەرەوەی گوتنەکەیە و نابێتە تەوەرەی گوتنەکە، چونکە نە ئەرکێکی واتایی هەیە و نەلادانیشی واتا دەگۆڕێت، لە ڕووی فۆنۆلۆجیشەوە ئاوازەی دەربڕینی جیایە و هەریەکەیان ئاوازەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. و جگە لەمەش نە ئەرکێکی سیمانتیکی هەیە وەک: "ئەنجامدەر"یان "وەرگر"، نە ئەرکێکی ڕستەسازیش وەک: "بکەر" یان "بەرکار" چونکە هیچ ڕۆڵێک نابینێت دەبارەی دۆخەکە.[٤] هەروەها لە ڕووی هەڵکەوتەی شوێنیشیەوە لە ئاخاوتن"ڕستە"دا وابەستە نیە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، دەشێ "بانگکراو" لە سەرەتای ڕستە یان ناوەڕاست یان کۆتایی بێت.[٥] کە ئەمەش بەپێی شێواز و مەبەست لە چۆنیەتی ڕیزکردنەکە دەردەکەوێت. وەک:

- خەڵکینە پەیامەکەتان گەیشت (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٢، ٣١-١٢-٢٠٠٩)

١- <u>خەڵکینە</u> پەیامەکەتان گەیشت.

[١] - احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل١٦١.
[٢] - الزايدي بودرامة، النحو الوظيفي والدرس اللغوي العربي، ل٢٠٩.
[٣] - احمد المتوكل، المحنى الوظيفي في الفكر اللغوي العربي ، دار الامان ،ط١ ، المطبعة الكرامة، الرباط – ٢٠٠٦، ل٩٦
[٤] - احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل١٦١.
[٥] - احمد المتوكل، المحنى الوظيفي في الفكر اللغوي العربي، ل٩٣.

٢- هۆ کاکە برا، ڕاستە ئەوەی هەبوو برا.[١]

٣- من مەبەستم تۆ نیە، کاکە.

لەم مانشێتەدا (نێرەر) بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە (پەیام)ەکەی ئاراستەی کۆی "خەڵک" دەکات.

کەواتە دەربڕینی " خەڵکینە " بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەرکی (بانگکراو)ی بینیوە . هەروەها لە نموونەکانی (٢-٣)دا وشەکانی " کاکە برا، کاکە" ئەرکی بانگکراویان بینوە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری و ئاگاداری بەرامبەرەکەیان.

لە مانشێتەکاندا بەهۆی ئەوەی پەیامەکان بەتایبەتی ئاگادارکردنەوەی بەرامبەر، ئاراستەی گشتی دەکرێت، جگە لەمەش ناوهێنان تەنیا بۆ کاتی پێویستە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی کەرستەی (بانگکراو) لەو ڕستانەی کە دەکرێن بە مانشێت کەمتر دەردەکەون.

بۆیە ئەرکی (بانگکراو) لە مانشێتەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکەدا، تەنیا لە ژمارە (٥٠٦٢)ی ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) وەک ئاماژەمان پێداوە، نموونەیەکمان بەرچاو کەوت. هۆکاری دەرنەکەوتنی ئەم ئەرکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە مانشێتەکاندا (پەیام) ئاراستەی گشتی دەکرێت، بۆیە (ڕاناوی لکاو) شوێنی (ناو) یان (جێناو) دەگرێتەوە. واتە لە ڕستەکاندا زیاتر بە شێوەی (ڕاناوی لکاو) دەردەکەون. وەک:

- کۆڕبەندی منداڵانی هەشت وڵاتە گەورەکە بناسە (خەبات، ژ، ٣١٣٨، ٥-٤-٢٠٠٩)
- بە تەماتە سووتانەوەی دەموچاوت بپارێزە (خەبات، ژ،٣١٤٣، ١٠-٤-٢٠٠٩)
- وەرە لێرە سەما بکە! (ڕۆژنامە، ژ، ٤٥٩، ٣-٥-٢٠٠٩)
- سی و جگەری حەڵاڵ بخۆن (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٥٠ ، ١٤-٨-٢٠٠٩)
- بەڵێنەکانتان بۆ خەڵکی جێبەجێ بکەن (ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٧، ٢٤-١١-٢٠٠٩)
- قالە مەڕە لە بیر مەکەن (کوردستانی نوێ ، ژ، ٤٨٣٥، ٣-٤-٢٠٠٩)

١- کۆڕبەندی منداڵانی هەشت وڵاتە گەورەکە بناسە.

٢- بە تەماتە سووتانەوەی دەموچاوت بپارێزە.

٣- وەرە لێرە سەما بکە.

٤- سی و جگەری حەڵاڵ بخۆن.

٥- بەڵێنەکانتان بۆ خەڵکی جێبەجێ بکەن.

٦- قالە مەڕە لە بیر مەکەن.

[١] - نموونەکانی (٢، ٣)، نموونەی زارەکین و بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەرکەکە بەکارهاتوون.

وەک دیارە لە هەر یەکێ لە ڕستەکانی ئەم مانشێتانەدا (ناو یان جێناوی سەربەخۆ) دەرنەکەوتووە، کە ئەرکی (بانگکراو) دەبینن. کە لە ڕستەی (١، ٢، ٣)دا لە شوێنی (جێناوی سەربەخۆی "تۆ")یان هەر ناوێکی تر، (جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک) هاتووە. هەروەها لە ڕستەکانی (٤ ، ٥ ، ٦)دا لە شوێنی (جێناوی سەربەخۆی "ئێوە") یان هەرناوێکی تر، تەنیا ( جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ) دەرکەوتووە.

کەواتە لەم ڕستانەدا (جێناوی سەربەخۆ) یان هەر ناوێکی تر کە لەلایەن (نێرەر)ەوە ئاگادار دەکرێتەوە بە مەبەستی ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی داواکەی (نێرەر)، لەم کاتەدا (جێناوی سەربەخۆ)یان ناوە دیاریکراوەکە، ڕۆڵی (بانگکراو) دەبینێت. بۆ نموونە ئەگەر دوو ڕستەی ئەم مانشێتانە بەم شێوەیە دابڕێژینەوە:

١- تۆ، کۆڕبەندی منداڵانی هەشت وڵاتە گەورەکە بناسە.

٢- ئێوە، بەڵێنەکانتان بۆ خەڵکی جێبەجێ بکەن.

لەم دوو ڕستەیە دا هەردوو (جێناوی سەربەخۆ)ی "تۆ، ئێوە" ئەرکی (بانگکراو)یان بینیوە. کە لەلایەن (نێرەر)ەوە داوا لە (وەرگر) کراوە بۆ ئەنجامدانی مەبەستی دیاریکراو.

**٣-٤-٢- ئەرکە ناوەکییەکان:** ئەو کەرستانە لەخۆ دەگرێ کە دەکەونە سنوری ناوەوەی گوتنەکە و ڕۆڵی هەریەکێکیان جیایە لەوی تر،[1] کە بریتین لە:

**٣-٤-٢-١- سەرچاوە Focus.**

**٣-٤-٢-٢- باس Topic.**

### ٣-٤-٢-١- سەرچاوە Focus:

یەکێکە لە "ئەرکە پراگماتیکییەکانی ناوەوە" جیاوازی یان ڕەتکردنەوەی ئەو زانیارییانەی بە هۆی ناتەواوی و ناڕوونی کە لە نێوان ئاخێوەران دێتە ئاراوە، لەم بارەدا "سەرچاوە Focus" وەک "سیمۆن دیک" پێناسەی دەکات ( ئەرکێکە پاڵپشتی لەو پێکهاتەیە دەکات کە هەڵگری گرنگترین و دیارترین زانیارییە لە پەیامدا).[2] کە ئاخێوەران وەک یەکەیەکی زانیاری بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی"زانیاری نەزانراو " ئاوازێکی تایبەتی پێدەدەن، کە بەهۆی جەختی ئاوازەوە لە چوارچێوەی یەکەیەکی ئاوازداردا وەک ڕوونکەوەرەی "زانیاری نەزانراو" دەردەکەوێت.[3] واتە "سەرچاوە Focus" هەڵگری ئەو زانیارییە تەواوکارییەیە کە بەهۆی جیاوازی و ڕێکنەکەوتنی نێوان ئاخێوەران دەخرێتەڕوو، چونکە ئەو زانیارییانەی نێرەر یان بەپێچەوانەوە وەرگر، دەیگەیەنێت ئەگەر هاتوو وەک پێویست نەگاتە لایەنی بەرامبەر، لەم دۆخەدا بۆ ڕوونکردنەوە و پێدانی زانیاری زیاتر پەنا دەبرێتەبەر "سەرچاوە

[1] - الزايدي بودرامة، النحو الوظيفي والدرس اللغوي العربي، ل١٩٨.
[2] - احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل٢٨.
[3] - کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، ل١٢٦.

Focus" به مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوانیاندا هەیە.[1] کەواتە "سەرچاوە Focus" هەڵگری ئەو زانیارییەیە کە دەبێتە بنەمای کۆکراییی نێوان ئاخێوەران.

سەرچاوە Focus دوو جۆری هەیە:

## أ- سەرچاوەی نوێ New Focus:

## ب- سەرچاوەی بەرامبەری Contrast Focus:

## أ- سەرچاوەی نوێ New Focus:

ئەرکێکە دەدرێتە پاڵ ئەو زانیارییەی کە لەلای وەرگر نیە. واتە هەڵگری ئەو زانیارییەیە کە هاوبەش نیە لە نێوانیاندا، چونکە بۆ پێدانی ئەو زانیارییەیە کە وەرگر نایزانێت، یان بە پێچەوانەوە نێرەر زانیاری لا نییە، لە وەڵامی پرسیاردا زانیاری بەردەست دەکات. هەروەها هەندێ جار بەهۆی گریمانەکردنەوە ئاخێوەران پەنای بۆ دەبەن. نێرەر پێی وایە وەرگر زانیارییەکەی لا نییە. یان بەپێچەوانەوە وەرگر پێی وایە نێرەر زانیاری لا نییە، لێرەدا "سەرچاوەی نوێ New focus " هەڵگری ئەو زانیارییەیە، (نەک هەر پرۆسەیەکی ئاڵۆزی پرسیاری و وەڵامی نێوان ئاخێوەران کورتدەکاتەوە، بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ خێراکردن و ساناکردنی پرۆسەی تێگەیاندن).[2] کەواتە ئەو پێکهاتەیە کە ئەرکی پێدانی زانیاری زیاتر لەبارەی زانیاری نەزانراو دەگرێتە خۆ. وەک لەم نمونانە دا دەردکەوێت:

- ئێراق ئەمڕۆ لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگدایە بەرامبەر بە کوێت (خەبات، ژ، ٣٣٢٤، ١٢-١١-٢٠٠٩)

- باڵوێزخانەی ئەمریکا وەرگرتنی خوێندکارانی لە بەرنامەی فۆڵبراید مانگێک درێژکردەوە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٢، ٢٣-٤-٢٠٠٩)

- پارێزگای سلێمانی داوای (٧٠٠)ملیار دینار دەکات (رۆژنامە، ژ، ٤٢٠، ٥-٣-٢٠٠٩)

- کامیان باشترە یاسا پارێزی یان یاسا شکێنی؟( کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٥، ٤-١-٢٠٠٩)

- بۆچی لە ڕۆژانی هەینی نانەواخانە نیە؟ (خەبات، ژ، ٣٠٨١، ٢٧-١-٢٠٠٩)

- کێ بودجەی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکات؟ (رۆژنامە، ژ، ٤٦٥، ١١-٥-٢٠٠٩)

١- ئێراق <u>ئەمڕۆ</u> لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگدایە بەرامبەر بە کوێت.

٢- باڵوێزخانەی ئەمریکا وەرگرتنی خوێندکاری لە بەرنامەی فۆڵبراید <u>مانگێک</u> درێژکردەوە.

---

[1] - عزالدين لعناني،الوظائف التركيبية والدلالية والتداولية في النحو الوظيفي، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات قسم اللغة والادب العربي، جامعة سطيف، الجزائر - ٢٠١٤، ص٩٥.

[2] - کاروان عومەر قادر، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، ل١٢٧.

٣- پارێزگای سلێمانی داوای (٧٠٠)ملیار دینار دەکات. (لە ڕێگای هێز خستنەسەر)

٤- کامیان باشترە یاسا پارێزی یان یاسا شکێنی؟ (لە ڕێگای پرسیار)

٥- کێ بودجەی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکات؟ (لە ڕێگای پرسیار)

٦- بۆچی لە ڕۆژانی هەینی نانەواخانە نیە؟ (لە ڕێگای پرسیار)

لەم ڕستانەدا کەرستەکانی "ئەمڕۆ ، مانگێک ، (٧٠٠)ملیار دینار" ئەرکی (سەرچاوە)یان بینوە، لە پاڵ ئەو پێکهاتانەی کە هەڵگری گرنگترین زانیاری (پەیام)ەکەن. واتە هەر یەکێ لەم کەرستانە بوونەتە پاڵپشتی زانیاری هاوبەشی نێوان (نێرەر و وەرگر) بۆ ئەوەی هیچ لێڵیەک نەیەتە ئاراوە، تا (وەرگر) ناچاری پرسیارکردن لەم بارەیەوە نەبێت. هەروەها لە (پەیام)ەکەدا زانیارییەکان لە(نێرەر)ەوە ڕوو لە (وەرگر)ە. بەڵام لە ڕستەکانی (٤، ٥، ٦)دا هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا هەندێ جار بە پێچەوانەوە (نێرەر) زانیاری لا نیە و (وەرگر) دەبێتە سەرچاوەی زانیاری. ئەمەش لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە بەدی دێت. بۆیە لەم دوو ڕستەیە کەرستەکانی "کێ، بۆچی" وەک دوو کەرستەی پرسیاری هەمیشە وەڵامەکان بە (سەرچاوەی نوێ) پاڵپشتی دەکرێت بۆ خێرا گەیاندن و زەقکردنەوەی زانیاری هاوبەشی نێوانیان. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا "کێ" (سەرچاوەی نوێ)یە و (جێناوی پرسیارە)، چونکە لە وەڵامدا ناوێک شوێنی دەگرێتەوە.

کەواتە لە هەردوو باردا (سەرچاوەی نوێ) ئەو ئەرکەیە ڕۆڵی پێدانی زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو پێکهاتەیەی هەڵگری دیارترین زانیارییە دەبینێت.

## ب- سەرچاوەی بەرامبەری Contrast Focus:

یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە ئاخێوەران بە مەبەستی دڵنیایی دان لە ئالوگۆڕی زانیارییدا پەنای بۆ دەبەن، کە ئەرکێکە دەرێتە پاڵ ئەوپێکهاتەیەی هەڵگری ئەو زانیارییەیە وەرگر گومانی لێ هەیە، یان نکۆڵی لێدەکات هەروەها (سەرچاوەی بەرامبەری Contrast Focus) چینی دەوروبەری جیاواز دەگرێتەوە، کە نێرەر سەرچاوەی زانیارییەکانە و بۆ ئەوەی وەرگر زانیاری دراو دەستەبەر بکات. لە دەوروبەرێکی دیکەدا بە پێچەوانەوە وەرگر سەرچاوەی زانیارییە بەو پێیەی نێرەر زانیاری لانییە، کە ئەمەش لە دۆخی (پرسیار)یدا دێتە ئاراوە، یان وەرگر هەندێ زانیاری دەدا کە پێی وایە لای نێرەر نییە، لەمبارەدا نێرەر زانیاری وەرگر ڕاست دەکاتەوە.[١] وەک:

- یەک هەڵوێستی لە یەک لیستی دانیە، لە گوتاری هاوبەشدایە (ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٥، ١-٩-٢٠٠٩)

- عێراق بە پرەنسیپی تەوافوق بەڕێوەدەچێت، نەک زۆرینە و کەمینە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٦ ، ٢٨-٤-٢٠٠٩)

- ئێمە گرفتی ئایینمان نیە، بەڵکو گرفتی ئێمە نەتەوەیی بووە (خەبات، ژ، ٣٠٨٠، ٢٦-١-٢٠٠٩)

[١]- احمد المتوکل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل٢٩.

١- یەک هەڵوێستی لە یەک لیستی دانیە، لە گوتاری هاوبەشدایە.

٢- عێراق بە پرەنسیپی تەوافوق بەڕێوەدەچێت، نەک زۆرینە و کەمینە .

٣- ئێمە گرفتی ئایینمان نیە، بەڵکو گرفتی ئێمە نەتەوەیی بووە.

لەم مانشێتانەدا کەرستەکانی "یەک لیستی – گوتاری هاوبەش، تەوافوق – زۆرینە و کەمینە، ئایین – نەتەوە" ئەرکی (سەرچاوەی بەرامبەری)یان بینیوە، (نێرەر) بە مەبەستی دڵنیایی دان و ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان، بۆ خێراگەیاندنی مەبەست بە (وەرگر) زانیارییەکانی بە (سەرچاوەی بەرامبەری) پاڵپشت کردووە.

کەواتە لە ئالوگۆڕی زانیاری نێوان (نێرەر و وەرگر) کە هەر یەکێکیان سەرچاوەی زانیارییەکان بن، بۆ نەهێشتنی گومان و نکۆڵی کردن، زانیارییەکانیان بە یەکێ لەم سەرچاوانە پاڵپشتی دەکەن، بۆ ئەوەی پرۆسەی لەیەکتر گەیشتن سەرکەوتووانە بە ئەنجام بگات.

ئەم دوو سەرچاوەیە بە دووڕێگا جیا دەکرێتەوە:

## أ- ڕێگای پرسیار – وەڵام:

وەڵامی هەر پرسیارێک بە شێوەیەکی ئاسایی بە "سەرچاوەی نوێ New Focus" پاڵپشتکراوە، کە بووە بە هەڵگری دیارترین زانیاری نێو ڕستەکە.[١] لەبەر ئەوەی ڕستەی پرس هەڵگری زانیاری زانراوە، بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری نەزانراو. واتە (نێرەر) لە ڕێگەی پرسەوە داوای زانیاری نەزانراو لە (وەرگر) دەکات. لە دۆخێکی واشدا (وەرگر) سەرچاوەی زانیارییە. وەک:

- چوار تیمی نەشتەرگەری دڵ لە وڵاتانی ئەوروپا دێنە کوردستان (خەبات، ژ، ٣٠٨٠، ٢٦-١-٢٠٠٩)

- هەفتەی داهاتوو بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٩، ١٧-٦-٢٠٠٩)

- کۆڵن پاوڵ بانگهێشتی دادگایی دۆسیەی ڕاپەڕین دەکرێت (ڕۆژنامە، ژ، ٤٢٣، ١٠-٣-٢٠٠٩)

١- چوار تیمی نەشتەرگەری دڵ لە وڵاتانی ئەوروپا دێنە کوردستان

- چەند تیمی نەشتەرگەری دڵ لە وڵاتانی ئەوروپا دێنە کوردستان؟

- چوار تیمی نەشتەرگەری دڵ لە وڵاتانی ئەوروپا دێنە کوردستان.

٢- هەفتەی داهاتوو بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

- کەی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات؟

[١]- احمد المتوكل، الوظائف التداولية في اللغة العربية، ل٢٩.

- هەفتەی داهاتوو بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

٣- کۆڵن پاوڵ بانگهێشتی دادگایی دۆسیەی ڕاپەڕین دەکرێت.

- کێ بانگهێشتی دادگایی دۆسیەی ڕاپەڕین دەکرێت؟

- کۆڵن پاوڵ بانگهێشتی دادگایی دۆسیەی ڕاپەڕین دەکرێت.

لەم سێ ڕستە پرسەدا کە بەهۆی ئامرازەکانی (چەند، کەی، کێ) ئاراستە کراوە. وەڵامەکان کە شوێنی هەرسێ ئامرازەکانیان گرتووە، پێکدێت لە کەرستەکانی "چوار، هەفتەی داهاتوو، کۆڵن پاوڵ" وەک سێ زانیاری گرنگ و زەقی نێو ڕستەکە ئەرکی (سەرچاوەی نوێ)یان بینیوە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا وەڵامی ڕستەی (پرس )هەمیشە بە (سەرچاوەی نوێ) هاوپێچ دەکرێت.

## ب- ڕێگای بەدواداچوون:

بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بەهۆی (ئامرازەکانی نەرێی وەک: (نە، نەک)، ئامرازی ڕاستکردنەوەی وەک: (بەڵکو)ەوە دەبێت، واتە لە ڕێگای نەرێ و پێچەوانەوە بەدواداچوون بۆ دەربڕینەکە دەکرێت).[١] زانیارییە ڕاستکراوەکە ئەرکی (سەرچاوەی بەرامبەری) دەبینێت، کە دیارترین زانیاری نێو دەربڕینەکە دەردەخات. وەک:

- ڕەخنە لەیەکترگرتن بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانە، نەک شکاندنی یەکتری (کوردستانی نوێ، ژ،٢١،٤٩٥٦-١-٢٠٠٩)

- ئەو کوردانەی کۆچیان کردووە لە واقیع ڕایان نەکردووە، بەڵکو لە بێ عەدالەتی ڕایان کردووە (ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٣، ٢٧-١٠-٢٠٠٩)

- داوامان کرد کۆبوونەوەکانی لێژنەی ماددەی ٢٣ لە کەرکوک بێ نەک لە بەغدا (خەبات، ژ،٢٠،٣١٥١-٤-٢٠٠٩)

١- خاوەن پرۆژەکان سوودمەندی یەکانن لە سندوقی نیشتەجێبوون، نەک هاوڵاتی.

٢- ڕەخنە لەیەکترگرتن بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانە، نەک شکاندنی یەکتری.

٣- داوامان کرد کۆبوونەوەکانی لێژنەی ماددەی ٢٣ لەکەرکوک بێ نەک لە بەغدا.

لەم نموونانەی سەرەوەدا بە مەبەستی دڵنیایی دان و پاڵپشتی لە دیارترین زانیاری نێو ڕستەکان لە ڕێگەی (نەرێ و پێچەوانە)وە بەدواداچوون بۆ دەربڕینەکە کراوە. کە کەرستەکانی "خاوەن پرۆژەکان - هاوڵاتی، کەموکوڕییەکان - شکاندنی یەکتری" ئەرکی (سەرچاوەی بەرامبەری)یان بینیوە. واتە ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە ڕاستکردنەوە و دەرخستنی زانیارییەکانی نێو ڕستەکان و سانا گەیاندنی بە (وەرگر).

[١]- عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل١٢٨.

## ٣-٤-٢-٢- باس Topic:

به پێچەوانەی سەرچاوە Focus، بریتییە لەو پێکهاتەیەی کە هەڵگری زانیاری هاوبەشی نێوان (نێرەر و وەرگر)ە. بەلای (سیمۆن دیک) "باس Topic" ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە کە زانیارییەکانی دراوەتە پاڵ.[١] لەم بارەشدا ئەو پێکاتەیەی کە زانیارییەکانی دەدرێتە پاڵ، کە "زانیاری زانراو"ە. چونکە "باس Topic" ئەرکێکە دەدرێتە پاڵ ئەو پێکهاتە تایبەتەی کە هەڵگری زانیاری هاوبەشی نێوان (نێرەر و وەرگر)ە لە چینێکی دەوروبەری دیاریکراودا.[٢] واتە ئەو بەشەی ڕستەیە کە ئاخاوتنی لە بارەوە دەکرێت و مەبەستی دەربڕینەکە دەناسێنێت. لە ڕووی هەڵکەوتەی شوێنیشەوە جگە لە دەربڕینە ئاڵۆزەکان، دەکەوێتە بەشی یەکەمی دەربڕینەوە، کە وەک ئەرکێکی تایبەتی پراگماتیکی گوزارشت لە دەربڕاوەکە دەکات. هەروەها بەپێی ڕیزبەندی کەرستەکان دەتوانێت پاڵشتی لە هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی ڕستە بکات، بەڵام بەپێی بوونی مەرجەکانی زیاتر لەگەڵ بکەر دەردەکەوێت. ئەمەش بەهۆی ئەو هاوبەشی و تایبەتمەندیانەی لە نێوانیاندا هەیە، کە پێکەوە دەبن بە خاڵی دەسپێکی دەربڕینەکان و زۆربەی جار واتای ئەوە دەگەیەنن کە زانیارییەکی هاوبەش دەبەخشن لە نێوان نێرەر و وەرگردا. بەڵام ئەم ڕێکەوتنە بەهۆی ڕیزبەندی ئاسایی دێتە ئاراوە. چونکە باس وەک ئەرکێکی ناوەوە بەهۆی ئەوەی کە ئەرکی سینتاکسی هەیە، واتا بە پێچەوانەی تەوەرە بەپێی ڕیزبەندی کەرستەکان دەتوانێت وەک (بکەر، بەرکار، تەواوکەر) ئەرک ببینێت. جگە لەمەش لە ئەنجامی هاتنە ئارای دانوستانی نێوان دوو دەربڕین یاخود دوو ڕستە ئەرکەکەی پێچەوانە دەبێتەوە. کەواتە باس وەک بابەتێک لەبابەتەکانی ئاخاوتن، ئەو پێکهاتەیەیە بەپێی دەوروبەری دیاریکراو ئاخاوتنی لە بارەوە دەکرێت . واتە ئەو پێکهاتە دەگرێتەوە، کە ئەرکی زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر لەخۆ دەگرێت. وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- مووچەی ٧مانگ بەسەر نەخۆشانی ئیفلیجی مێشک دابەشکرا (خەبات، ژ، ٣٢٠٨، ٢٥-٦-٢٠٠٩)

- مووچە کەمناکرێتەوە (ڕۆژنامە، ژ، ٣٧٦، ٤-١-٢٠٠٩)

- مووچەی ٤مانگی کەمدەرامەتان پێکەوە دەدرێت (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٩، ٨-٥-٢٠٠٩)

١- مووچەی ٧مانگ بەسەر نەخۆشانی ئیفلیجی مێشک دابەشکرا.
باس

٢- مووچە کەمناکرێتەوە.
باس

٣- مووچەی ٤مانگی کەمدەرامەتان پێکەوە دەدرێت.
باس

---

١- Simon .Dik , Functional Grammar,Previous Resourse, p١٩.

٢- عزالدين لعناني، الوظائف التركيبية والدلالية والتداولية في النحو الوظيفي، ل١٦٥.

لەهەر سێ نموونەکەدا وشەکانی "مووچە" کە لەسەرەتای ڕستەکاندا هاتوون، زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر وەرگرن، بۆیە ئەرکی (باس)یان بینیوە و زانیارییە نەزاراوەکانیان بەدوادا هاتووە. هەروەها شایانی ئاماژە بۆ کردنە بەهۆی ئەوەی لە هەر سێ نموونەکەدا (بکەر) دەرنەکەوتووە، بۆیە ئەو کەرستانەی ئەرکی (باس)یان بینیوە.ئەرکی (جێگری بکەر)یان بینیوە.

هەروەها نابێ ئەوەشمان بیر بچێت هەر یەک لە لەو کەرستانەی ئەرکی (باس)یان بینیوە، لە ڕستەی (بکەردیار) و ڕیزبەندی ئاساییدا دەبن بە بەشێک لە زانیارییە نەزاراوەکان، چونکە لەم دۆخەدا(بکەر) ئەرکی (باس) دەبینێت. واتە دەبێتە زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر، زانیارییە نەزانراوەکانی بە دوادا دێت. هەر وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- پەرلەمان بودجەی ساڵی ۲۰۰۹ی پەسند نەکردووە (ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٢، ٣-٦-٢٠٠٩)

- عێراق بەشە بودجەی هەرێم کەمدەکاتەوە (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٨٦، ٣٠-٩-٢٠٠٩)

- ئەندامێکی پەرلەمانی ئەوروپا سەردانی کوردستان دەکات (خەبات، ژ،٣٠٨٤، ٣٠-١-٢٠٠٩)

١- <u>پەرلەمان</u> بودجەی ساڵی ۲۰۰۹ی پەسند نەکردووە.
باس

٢- <u>عێراق</u> بەشە بودجەی هەرێم کەمدەکاتەوە.
باس

٣- <u>ئەندامێکی پەرلەمانی ئەوروپا</u> سەردانی کوردستان دەکات.
باس

لەم نموونانەدا بەهۆی ئەوەی ڕیزبەندی کەرستەکان بەپێی ڕیزبەندی ئاساین، وەک دەردەکەوێت کەرستەکانی "پەرلەمان، عێراق، ئەندامێکی پەرلەمانی ئەوروپا" کە بەپێی دەوروبەری دیاریکراو زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگرن، ئەرکی (باس)یان بینیوە و زانیارییەکانی تری دوای خۆیان بەدوادا هاتووە، کە بریتین لە: "بودجەی ساڵی ۲۰۰۹ی پەسند نەکردووە، بەشە بودجەی هەرێم کەمدەکاتەوە، سەردانی کوردستان دەکات" هەروەها لە هەمان کاتدا ئەرکی (بکەر)یشیان بینیوە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدابوو،(باس) جگە لە دەربڕینە ئاڵۆزەکان یاخود نائاساییەکان، زیاتر لەگەڵ (بکەر) دەردەکەوێت، واتە لە ڕیزبەندی ئاساییدا هەمیشە ئەرکی (بکەر) دەبینێت. لەم دۆخەشدا (باس)ی ڕستە (باسی نیشانەنەکراو) دەبێت. کەواتە لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، (باس) وەک ئەرکێکی ناوەوە جگە لەوەی هەڵگری زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگرە، ئەرکی سینتاکسیشی هەیە، کە بەپێی شێوەی ڕیزبەندی کەرستەکان ئەرکەکە دەبینێت. هەروەها شایانی ئاماژە بۆ کردنە لە ڕیزبەندی کەرستەکاندا بەدەر لە ڕیزبەندی ئاسایی (باس) لە (باسی نیشانەنەکراو)ەوە دەگۆڕێت بۆ (باسی نیشانەکراو) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ویست و مەبەستی نێرەر لە گەیاندنی زانیارییەکاندا. واتە نێرەر

زانیارییەکانی بە شێوەیەک ڕێکدەخات، کە کام کەرستە هەڵگری زانیاری هاوبەشە دەیکات بە (باس)، بۆ گەیاندنی زانیارییە نەزانراوەکان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەموو پەیامێک یاخود هەر ئاخاوتنێکی دروست هەڵگری هەردوو پێکهاتەی زانیاری "زانراو" و " نەزانراو"ە لە هێنانەکایەی کردەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و گەیاندنی مەبەستی دەربڕینەکە بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەری دیاریکراو. هەروەها سەبارەت بە ئەرکی باس، دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە پوختەک بخەینەڕوو:

- باس، ئەرکێکی ناوەوەیە و پاڵپشتی لەو پێکهاتەیە دەکات کە زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگرە.

- جگە لە ڕستە ئاڵۆزەکان، پاڵپشتی لەو پێکهاتەیە دەکات، کە دەکەوێتە بەشی یەکەمی دەربڕینەوە.

- گوزارشتە لە دەربڕاوەکە.

- هەڵگری هیچ ئەرکێکی دیکەی پراگماتیکی نییە[1].

- دەتوانێت پاڵپشتی لەهەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی دەربڕین بکات، بەڵام بەهۆی ڕیزبەندی سەرەکییەوە زیاتر لەگەڵ (بکەر) دەردەکەوێت. واتە ئەرکی سینتاکسیشی هەیە و دەتوانێت ببێتە (بکەر، بەرکار، تەواوکەر).

- هێزی ڕاپەڕاندنی نیە.[2]

"زانیاری نەزانراو" کە پێکهاتەی دووەمی ڕستەیە، "خواس Comment" دەگرێتەوە. بە پێچەوانەی پێکهاتەی یەکەم، هەڵگری "سەرچاوە Focus" یە، لەبەر ئەوەی ئەم یەکەیە بەهۆی پێدانی ئاوازێکی تایبەتەوە لەلایەن نێرەرەوە دەبێتە یەکەیەکی ڕوونکەرەوەی زانیاری بۆ زانیاری"زانراو"، کە بەهۆی جەختی ئاوازەوە لەچوارچێوەی یەکەی ئاوازداردا زانیاری"نەزانراو" دەناسێنێت.[3] کەواتە "خواس Comment" ئەو پێکهاتەیە کە زانیارییەکانی دەربارەی"باس Topic" لەخۆ دەگرێت. هەروەها شایانی ئاماژە بۆ کردنە، ئەگەرچی لێکچوونێک هەیە لە نێوان "باس" و"خواس" و"نیهاد" و "گوزارە" بەڵام ئەوە ڕێک ئەوە ناگەیەنێت چونکە "نیهاد و گوزارە" ئاماژەن بۆ پێکهاتەی ڕستە، نەک دارشتنی ڕستە.[4] کەواتە لە دارشتەی هەر ڕستەیەک هەردوو پێکهاتەی "باس و خواس" تەواوکەری یەکترن لە گەیاندنی زانیارییەکان و سەرکەوتنی پرۆسەی تێگەیشتن. وەک لەم نموونانە دەیخەینە ڕوو:

- هەفتەی داهاتوو دەنگ لەسەر بودجەی ٢٠١٠دا دەدرێت (خەبات، ژ، ٣٣٦٢، ١١-١٢-٢٠٠٩)

- پەرلەمان ماوەی بەسەر نەچوو بوو! (کوردستانی نوێ، ژ،٥٠٠٠، ١٦-١٠-٢٠٠٩)

- خروقات کەس ناگەیەنێتە دەسەڵات (ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٢، ٣-٦-٢٠٠٩)

---

[1] - الزايدي بودرامة، النحو الوظيفي والدرس اللغوي العربي، ل٢٠٤.
[2] - عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمان و واتا، ل.١٢٦
[3] - کاروان عومەر قادر، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، ل١٢٦.
[4] - شێرکۆ حمدامین قادر، شیکارێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی - ٢٠٠٩، ل١٤٣

١- هەفتەی داهاتوو دەنگ لەسەر بودجەی ٢٠١٠دا دەدرێت.

باس خواس

٢- پەرلەمان ماوەی بەسەر نەچوو بوو!

باس خواس

٣- خروقات کەس ناگەیەنێتە دەسەڵات.

باس خواس

لەهەر یەک لەم نموونانەی سەرەوەدا وەک دەردەکەوێت ڕستەکان لە دوو کەرت پێکهاتوون. کەرتی یەکەم پێکهاتووە لە کەرستەکانی "هەفتەی داهاتوو، پەرلەمان، خروقات" کە زانیاری زانراون و ئەرکی(باس)یان بینیوە. کەرتی دووەم پێکهاتووە لە دەربڕینەکانی "دەنگ لەسەر بودجەی ٢٠١٠دا دەدرێت، ماوەی بەسەر نەچووبوو، کەس ناگەیەنێتە دەسەڵات" زانیاری نەزانراون و ئەرکی(خواس)یان بینیوە. کەواتە بە ڕوانین لەم نموونانەدا ئەوە دەردەکەوێت، پێکهاتەی (خواس) زانیارییەکانی لەبارەی (باس) لەخۆ دەگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (باس) هەر تەنیا پەیوەست نییە بە پەیوەندی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر، بەڵکو پەیوەستە بە زانیارییەکانی دوای خۆشیەوە. واتە گوزارشت لە زانیارییە نەزانراوەکان دەکات. وەک:

- تۆرێس بۆندەکەی نوێ دەکاتەوە (خەبات، ژ، ٣٢٥١، ١٦-٨-٢٠٠٩)

- ئەنجومەنی وەزیران خانوو بۆ مامۆستایان دروست دەکات (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٨٩، ٤-١٠-٢٠٠٩)

- کێ بودجەی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکات؟ (رۆژنامە، ژ، ٤٦٥، ١١- ٥- ٢٠٠٩)

١- تۆرێس بۆندەکەی نوێ دەکاتەوە.

باس باس

٢- ئەنجومەنی وەزیران خانوو بۆ مامۆستایان دروست دەکات.

باس خواس

٣- کێ بودجەی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکات؟

باس خواس

لەم مانشێتانەی سەرەوەدا ڕیزبوونی کەرستەکان بەپێی ڕیزبوونی ئاسایین. کەرستەکانی "تۆرێس، ئەنجومەنی وەزیران، کێ" کە زانیاری زانراون، بوونە بە (باس)ی نیشانەنەکراو و زانیارییە نەزانراوەکانیان بەدوادا هاتووە کە بوونە بە(خواس). لێرەدا دەردەکەوێت (باس) پەیوەستە بەو "دەوروبەر"ە دیاریکراوەی کە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە. بۆیە بەدەر لەمە

ناتواندرێت زانیارییە زانراوەکان ئاشنای وەرگر بکرێت، واتە (باس) پەیوەندی بەو زانیارییە هاوبەشەیە کە لە نێوانیاندا هەیە. دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەش دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی زانیارییەکانی نێرەر بە جیهانی دەرەوە. کە ئەرکی ناساندنی(باس)ە بە (وەرگر). کەواتە (نێرەر) هەرچەندە لە ڕۆنان دا ئەگەری زۆری لەبەر دەمدایە لە ڕێکخستنی کەرستەکاندا، بەڵام ئەو کەرستەیە دەکاتە دەسپێک کە خاڵی پەیوەندی نێوان خۆی و (وەرگر)ە. بۆیە بە جێگۆڕکێ کردنی کەرستەکان لە (باسی نیشانەنەکراو)ەوە بۆ (باسی نیشانەکراو)، ئەرکی (باس) گۆڕانی بەسەر دادێت. چونکە (باس) وەستاو نییە بەسەر کەرستەیەکی دیاریکراوەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە(نێرەر) دەرکی بەوە کرد لە ڕێگەی (باسی نیشانەنەکراو) یان ئاسایی ناتوانێت مەبەستی دیاریکراو بگەیەنێت، لەم کاتەدا پەنا دەباتە بەر (باسی نیشانەکراو) یان نائاسایی. لەم دۆخەشدا کەرستەکانی ڕستەکە ڕیزبوونێکی نائاسایی وەردەگرن.

هەر وەک لەم نموونانەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

- ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری دەکات (ڕۆژنامە، ژ، ٤٦١، ٥-٥-٢٠٠٩)

- نرخی ئۆتۆمبێل لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەرزە! (خەبات، ژ،٣٢٦٢، ٢٨-٨-٢٠٠٩)

- کێشەکانی شانۆ چۆن چارەسەر دەکرێن؟ (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٠٥، ٢٢-١٠-٢٠٠٩)

١- <u>ئەمڕۆ</u> <u>سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری دەکات</u>.
باس خواس

٢- <u>نرخی ئۆتۆمبێل</u> <u>لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان بەرزە!</u>
باس خواس

٣- <u>کێشەکانی شانۆ</u> <u>چۆن چارەسەر دەکرێن؟</u>
باس خواس

لە هەر یەک لەم مانشێتانەدا بە لادان لە ڕیزبوونی ئاسایی، کەرستەکانی وەک :"ئەمڕۆ، نرخی ئۆتۆمبێل، کێشەکانی شانۆ" بوونە بە (باس)ی نیشانەکراو یان نائاسایی، ئەمەش بە مەبەستی زەق نیشاندانی مەبەستی دیاریکراوە. کە لە ڕستەی یەکەمدا مەبەست لێی دەرخستن و زەقکردنەوەی کاتی "دیاریکردنی هەڵبژارن"ە، نەک ئەنجامدەر کە "سەرۆکی هەرێم"ە. هەروەها لە ڕستەی دووەمدا مەبەست لە دەرخستنی "نرخی ئۆتۆمبێل"ەکەیە نەک خودی "ئۆتۆمبێل"ەکە. لەڕستەی سێیەمیشدا مەبەست لە دەرخستنی کاتە، کە "سەری ساڵ"ە، نەک وەرگرتنی زانیاری لەبارەی چۆنیەتی پەخشکردنەکە.

هەروەها شایانی ئاماژە بۆ کردنە هەریەکێ لەم کەرستانەی کە بەهۆی ڕیزبوونی نائاساییەوە، بوونە بە (باس)ی ڕستەکان. لە ڕیزبوونی ئاسایی دا بەشێکن لە(خواس)ی ڕستەکان، چونکە

لە ڕیزبوونی ئاسایی دا هەر یەک لە کەرستەکانی" سەرۆکی هەرێم، ئۆتۆمبێل، کەناڵە ئاسمانییەکان" دەبن بە (باس)ی ڕستەکان. وەك:

١- سەرۆکی هەرێم ئەمرۆ رۆژی هەڵبژاردن دیاری دەکات.
باس خواس

٢- ئۆتۆمبێل نرخی لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان بەرزە!
باس خواس

٣- چۆن کێشەکانی شانۆ چارەسەر دەکرێن؟
باس خواس

هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین هەرچەندە لە سادەترین ڕستەی پراگماتیکیدا "باس" دەکەوێتە پێش "خواس" بەتایبەتی ئەگەر بێت و ڕستەکە لە دۆخی"هەواڵدان"دا بێت. وەک: (خانووەکە ڕووخا). لەم ڕستەیەدا (خانووەکە)،"باس"ە و لە سەرەتای ڕستەدا هاتووە. بەڵام کاتێک دانوساندن لە نێوان دوو ڕستەدا دێتە ئاراوە، ئەوا شوێنی "خواس" لە دوای شوێنی فۆڕمی (پرسیاری) دەگۆڕدرێت،[١] چونکە پرسیار لە بارەی "باس"ەوە دەبێت. وەک:

- گۆمەکە دەشڵەقێت (رۆژنامە، ژ، ٥٣٣،١٦-٨-٢٠٠٩)
- بەفر و شەختە ئەوروپا شەقار دەکات (کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٩، ٨-١٠-٢٠٠٩)
- حکومەت بەرگری لە ئاواتەکانی دەکات (خەبات، ژ، ٣٢٦٩، ٦-٩-٢٠٠٩)

١- گۆمەکە دەشڵەقێت.
أ- گۆمەکە دەشڵەقێت.
باس خواس

لە کاتی هاتنە ئارای دانوستاندن لە نێوان دوو ڕستە ئەرکەکان پێچەوانە دەبنەوە. وەک :

أ- چی دەشڵەقێت؟
- گۆمەکە دەشڵەقێت. ( گۆمەکە: "خواس"ە، زانیاری نەزانراوە).

ب - گۆمەکە دەشڵەقێت؟
- گۆمەکە نا دەشڵەقێت. (ناشڵەقێت: "خواس"ە ، زانیاری نەزانراوە).

[١] - شێرزاد سەبری عەلی، پراگماتیک، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر- ٢٠١٤، ل٢١٥.

٢- بەفر و شەختە ئەوروپا شەقار دەكات.

أ- بەفر و شەختە   ئەوروپا شەقار دەكات.

باس   خواس

ب- چی ئەوروپا شەقار دەكات؟

- بەفر و شەختە ئەوروپا شەقار دەكات.(بەفر و شەختە: "خواس"ە، زانیاری نەزانراوە).

ج- بەفر و شەختە ئەوروپا شەقار دەكات؟

- بەفر و شەختە ئەوروپا شەقار دەكات. ("خواس"ە، زانیاری نەزانراوە).

٣- حكومەت بەرگری لە ئاواتەكانی دەكات.

أ- حكومەت  بەرگری لە ئاواتەكانی دەكات.

باس   خواس

ب- كێ بەرگری لە ئاواتەكانی دەكات؟

- حكومەت بەرگری لە ئاواتەكانی دەكات.(حكومەت : "خواس"ە، زانیاری نەزانراوە).

ج- حكومەت بەرگری لە ئاواتەكانی ناكات؟

- حكومەت بەرگری لە ئاواتەكانی دەكات. ("خواس"ە، زانیاری نەزانراوە).

هەروەها جاری وا هەیە لە ڕستەی وەڵامی پرسیاریدا، تەواوی ڕستەی وەڵامەكە دەبێتە (خواس)، چونكە زانیاری نەزانراو لە بارەی ڕستە پرسیارییەكەدا دەخاتەڕوو.[1]

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێ ئەوەمان بیر بچێت، بەدەر لە چوارچێوە وەڵامییەكە شیكردنەوەی هەمان ڕستە (باس و خواس) لەخۆ دەگرێ. وەك:

- نموونەی زارەكی:[2]

١- بۆچی وا بێ تاقەتی؟

- ئەمڕۆ كەمێک نەساغم.

خواس

ڕستەی وەڵام دەبێتە(خواس)، چونكە زانیاری نەزانراوی لەبارەی ڕستە پرسیارییەكەدا، داوە.

[1] - بڕوانە، ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە،  بەشی چوارەم.

[2] - نموونەكە زارەكییە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە نموونە پرسیار و وەڵامییە لە ڕۆژنامەكاندا، تەنیا لەیەک مانشێتدا بەدی نایەت، چونكە یەک مانشێت هەم پرسیار و هەم وەڵام لە خۆ بگرێت، دەبێتە هۆی پەراوێز خستنی درێژە و ناوەڕۆكی بابەتەكە .

بەڵام هەر هەمان ڕستەی وەڵام بەدەر لە چوارچێوە وەڵامییەکە هەر دوو پێکهاتەی (باس و خواس) لەخۆ دەگرێت. وەک:

٢- ئەمڕۆ کەمێک نەساغم.

- ئەمڕۆ   کەمێک نەساغم.

باس   خواس

هەر لەم بارەیەوە، لە هەڵبژاردنی "باس و خواس"دا، لە ڕستەی "بکەردیار و نادیار"دا باس دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە. جگە لەمەش بە جێگۆڕکێ کردنی کەرەسەکانی ڕستە دەبێتە هۆی گۆڕانی دابەشبوونی زانیارییەکان، کە بەهۆی جەخت کردن و هێزخستنەرەوە دەبێت. واتە ئەو کەرستەیەی کە هێزی دەخرێتە سەر دەبێتە "نەزانراو"ەکە.[١] هەر وەک لە نمونەی (٢- ب) دەردەکەوێت.

- بۆنی سێو تەکساسی داپۆشی   (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٣، ٦-٥-٢٠٠٩)

- سەندیکا بەلاغێک دەردەکات   (ڕۆژنامە، ژ،٣٨١، ١١-١-٢٠٠٩)

- ئۆتۆمبێل گەنجێکی کوشت   (خەبات، ژ، ٣٠٦٩، ١٣-١-٢٠٠٩)

١- بۆنی سێو تەکساسی داپۆشی.

أ- بۆنی سێو   تەکساسی داپۆشی.   ( بکەر دیار)

باس   خواس

ب - تەکساس   بە بۆنی سێو داپۆشرا.   (بکەر نادیار)

باس   خواس

٢- بۆنی سێو تەکساسی داپۆشی.

أ - بۆنی سێو تەکساسی داپۆشی.

باس

ب- تەکساس   بۆنی سێو   داپۆشی.

خواس   باس   باس

گۆڕانی دابەشبوونی زانیارییەکان و فەراهەمی هێزخستنە سەر کەرەسەیەک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ( "باس و خواس" دانەی ئاستی (پراگماتیکی) زمانن و پەیوەندییان لەگەڵ توانست دا نییە، چونکە بەندن بە چالاکی گوتنەوە لەژێر کاریگەری باری دەروونی نێرەردا پەیدا

[١] - شێرزاد سەبری عەلی، پراگماتیک، ل٢١٦.

دەبن).[1] وەک لە ڕستەی(٢- ب)دا هێز کەوتۆتە سەر کەرستەی "تەکساس" و بووە بە (خواس)ی ڕستەکە. هەروەها جگە لەمەش لە وەڵامی ڕستەی پرسیاریشدا، هەمان ئەرک دەبینێت. وەک:

٣- تەکساس بۆنی سێو داپپۆشی.

أ - کوێ بۆنی سێو داپپۆشی؟

- تەکساس بۆنی سێو داپپۆشی.

خواس باس

لێرەدا "تەکساس" زانیاری نەزانراوە بۆیە بووە بە (خواس)ی ڕستەکە.

لە (باس و خواس)دا نابێ ئەوەشمان بیر بچێت، بۆ هێنانە ئارای خێرایی پەیوەندی لە یەکتر گەیشتن هەر چەندی ژمارەی کەرستەکانی (زانیاری نەزانراو) کەمتر بێ، پرۆسەی تێگەیشتن یان گەیاندنی زانیارییەکان ساناتر دەبێت. بۆیە لە زماندا زۆرترین ڕستە لە ئاستی پراگماتیکیدا، ئەوەیە لە کەرستەیەکی (نەزانراو) و چەند کەرستەیەکی ( زانراو) پێکهاتبێت.[2] بۆ ئەوەی هیچ لەمپەرێک دروست نەبێت لەبەردەم گەیاندنی زانیارییە"نەزانراو"ەکان.
کەواتە بوونی زیاتر لە کەستەیەکی "نەزانراو" لە ڕستەدا، خێرایی گەیاندنی زانیارییەکان ئاڵۆز یان سست دەکات. وەک:

٤- بۆنی سێو تەکساسی داپۆشی.

أ- بۆنی سێو کوێی داپۆشی؟

- بۆنی سێو تەکساسی داپۆشی.

باس خواس باس

لەم ڕستەیەدا وەک دەردەکەوێت کە لە سێ کەرستە پێکهاتووە: "بۆنی سێو" زانیاری(زانراو)ە. "تەکساس" زانیاری(نەزانراو)ە، "داپۆشی" زانیاری (زانراوە). لەم ڕستەیەدا بە هۆی ئەوەی تەنیا یەک کەرستەی (نەزانراو) هەیە، بۆیە زانیارییەکان بە خێرایی و ڕوونتر دەگاتە (وەرگر). ئەمە جگە لەوەی ئەوەش دەردەکەوێت کە لە ڕستەدا دەکرێت زیاتر لە باسێک بوونی هەبێت.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە (باس و خواس) نەک تەنیا لە وەڵامی ڕستەی پرسیاری یاخود ڕستەکانی تری وەک: (هەواڵدان، فەرماندان، سەرسوڕمان) بەدی دێت، بەڵکو هەر خودی هەر ڕستەیەکی (پرسیاری) هەڵگری هەردوو پێکهاتەی (باس و خواس)ە و زانیارییەکانیان ڕێکخستووە.

[1] - محەمەد مەعروف فەتاح، باس لە جۆرێک لە ڕستەی کوردیدا، ل٣٥٣.
[2] - شێرزاد سەبری عەلی، پراگماتیک، ل٢١٩.

هەر چەندە ڕستەی (پرسیاری) بەلایەن شارەزایانی ڕۆژنامەنووسییەوە لاوازترین جۆری مانشێتە.[1] کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە مانشێتە، واتە مانشێتی (پرسیاری) لە نێو ڕووپەڵی ڕۆژنامەکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت. وەک:

- کێ جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٥٦٠، ١٥-١٢-٢٠٠٩)
- چۆن ڕووبەڕووی توندوتیژی ببینەوە؟ (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٧-، ١٤-٥-٢٠٠٩)
- بۆچی دەنگ بە دەستوور نەدەین؟ (خەبات، ژ، ٣٢٦٦، ٢-٩-٢٠٠٩)
- کەی پەرلەمان سەرۆکی حکومەت ناودەنێت؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٦، ٨-٩-٢٠٠٩)
- ئایا ئەمریکا لە قەیرانی دارایی ڕزگاری دەبێ؟ (خەبات، ژ، ٣٠٧٢، ١٦-١-٢٠٠٩)
- کێ لە کافێ نێت و کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت دەپرسێتەوە؟ (کوردستانی نوێ، ژ،٥،٥٠٦٦-١-٩-٢٠٠٩)

١- کێ جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە؟
باس خواس

٢- چۆن ڕووبەڕووی توندوتیژی ببینەوە؟
باس خواس

٣- بۆچی دەنگ بە دەستوور نەدەین؟
باس

٤- کەی پەرلەمان سەرۆکی حکومەت ناودەنێت؟
باس خواس

٥- ئایا ئەمریکا لە قەیرانی دارایی ڕزگاری دەبێ؟
باس خواس

٦- کێ لە کافێ نێت و کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت دەپرسێتەوە؟
باس خواس

[1] نبیل حداد، في الكتابة الصحفية، ل٧٩-٨٠.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وەک دەردەکەوێ کە کەرستەکانی (کێ، چۆن، بۆچی، کەی، ئایا، کێ) کە (جێناو یان ئامرازی پرسیاری)ین، بوونە بە (باس)ی ڕستەکان و زانیارییەکانی تری دوای خۆیان بوونە بە(خواس). هەروەها هەریەکێ لەم ڕستانەش بە پێی ڕیزبەندی ئاسایین، لە دۆخێکی واشدا (باس) نیشانە نەکراوە.

لێرەدا دەکرێت سەرنجی ئەوە بدرێت، داڕشتەی ڕستەی ئەم جۆرە مانشێتانە، کە بەپێی ڕیزبەندی ئاسایین بە مانشێتی لاواز دابنرێن، چونکە لەم جۆرە ڕستانە (باس) نیشانە نەکراوە، واتە سنگی ڕستەکە دەرخراوێکی وانیە کە بتوانێ کاریگەرییەکی ئەو تۆی هەبێ بەلای (وەرگر). بۆیە وەک ئەوە وایە لەباتی زانیاری دان، داوای زانیاری لە (وەرگر) بکات.

کەواتە لە مانشێتی پرسیاری دا بەپێی یاسا ڕێگەدراوەکانی زمان وا پێویستە (باس)نیشانە کراو بێت، واتە بەپێی ڕیزبەندی نائاسایی کەرستەکان ڕیزبکرێن. هەروەها لە لایەکی تریشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە مەرج نیە (جێناو یان ئامرازی پرسیار) هەمیشە ببێتە (باس)، بەڵکو بەپێی ویست و ڕێککەوتنی (نێرەر و وەرگر) دێتە ئاراوە. بەڵام بە مەرجێ کەرستەکان بەشێوەیەکی وا ڕێکبخرێت، هیچ ناڕوونییەک لە گەیاندنی واتا نەهێنێتە ئاراوە. واتە دەبێ (باسی نیشانەکراو) ئەو زانیارییە هاوبەشە بێت، بەخێراترین ڕێگە زانیارییە نەزانراوەکان بە وەرگر بگەیەنێت، چونکە زانیارییەکانی مانشێت پەیامی نێرەرە بۆ کۆی وەرگر بە هەموو ئاستەکانەوە، نەک تەنیا وەرگرێک.

هەر وەک ئەم مانشێتانەی خوارەوە:

- دایک چۆن یاری لەگەڵ منداڵەکەیدا دەکات؟ (خەبات، ژ، ٣١٣٨، ٥-٤-٢٠٠٩)

- زمانی کێ زبرە؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٥٢٨ ، ٨-٩-٢٠٠٩)

- ئەم هات و هاوارە بۆچی؟ (کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٢٩ ، ٨-٤-٢٠٠٩)

- دیاردەی سواڵکردن کەی چارەسەر و بنبڕ دەکرێت؟ (خەبات، ژ، ٣٢٦١، ٢٧-٨-٢٠٠٩)

- لیستەکان چۆن بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن؟ (ڕۆژنامە، ژ، ٤٩٦، ٢٣-٦-٢٠٠٩)

- کەرکوک چی لە کابینەی نوێی حکومەت دەوێت؟ (کوردستانی نوێ، ژ،٤٩٩٤، ٩-١٠-٢٠٠٩)

١- <u>دایک</u> <u>چۆن یاری لەگەڵ منداڵەکەیدا دەکات؟</u>

باس خواس

٢- <u>زمانی کێ</u> <u>زبرە؟</u>

باس خواس

٣- <u>ئەم هات و هاوارە</u> <u>بۆچی؟</u>

باس خواس

٤- <u>دیاردەی سواڵکردن</u>    <u>کەی چارەسەر و بنبڕ دەکرێت؟</u>

باس                    خواس

٥- <u>لیستەکان</u>    <u>چۆن بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن؟</u>

باس                    خواس

٦- <u>کەرکوک</u>  <u>چی لە کابینەی نوێی حکومەت دەوێت؟</u>

باس                    خواس

لە هەریەک لەم ڕستانەدا بە پێچەوانەی ڕستەکانی پێشوو، هیچ یەکێ لە (جێناو یان ئامرازەکانی پرسیاری) ئەرکی(باس)یان نە بینیوە، بەڵکو بوونە بە بەشێک لە (خواس). هەروەها کەرستەکانی تری وەک: "دایک، زمانی کێ، ئەم هات وهاوارە، دیاردەی سواڵکردن، لیستەکان، کەرکوک" بوونە بە (باس)ی ڕستەکان و زانیارییەکانی تریان بە دوادا هاتووە. کەواتە لەم ڕستانەدا بە لادان لە ڕیزبەندی ئاسایی سەرجەم کەرستەکانی ئەرکی (باس)یان بینیوە، (باس)ی نیشانەکراون یان نائاساییین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی نێرەر لە دەرخستن و زەقکردنەوەی مەبەستی دیاریکراو، بۆ ئەوەی بە ساناترین ڕێگە مەبەستەکەی بگەیەنێتە وەرگر و کاریگەری پێویست دابنێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا(باس) بە شێوەیەکی گشتی لە پێکهاتەی ڕستەی مانشێتەکاندا (باسی نیشانەنەکراو)ە. مەگەر لە دۆخێکی وادا نەبێت، کەرستەیەکی تر زیاتر هەڵگری زانیاری هاوبەش بێت لە گەیاندنی مەبەستەکە. بۆیە بە سەرنجدان لە نموونەکانی مانشێتە وەرگیراوەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکە، زیاتر(باسی نیشانەنەکراو) بوونەتە سنگی ڕستەکان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێکخستنی زانیارییەکانی مانشێتەکان پەیوەستە بە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی نێوان نێرەر و کۆی وەرگران. لەم بارەشدا (باسی نیشانەنەکراو) دەتوانێت ڕوونتر و خێراتر زانیارییەکان بگەیەنێت. بەڵام (باسی نیشانەکراو) لە پەیوەندییەکی وا دا، هەندێ جار لێکدانەوەی مەبەست بەپێی دەوروبەری دیاریکراو لە لایەن کۆی (وەرگر)ان وا سانا نیە. هەروەک لەم پۆلێنکردنە دەردەکەوێت:

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (٧٦) مانشێتدا، (٤٦) مانشێتی (باسی نیشانەنەکراو)، (٣٠) مانشێتی (باسی نیشانەکراو).

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (٧٧) مانشێتدا، (٥٣) مانشێتی (باسی نیشانەنەکراو)، (٢٤) مانشێتی (باسی نیشانەکراو).

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە (٧٦) مانشێتدا، (٤٨) مانشێتی (باسی نیشانەنەکراو)، (٢٨) مانشێتی (باسی نیشانەکراو).

لەم پۆلێنکردنەدا، (باسی نیشانەنەکراو) لە نێوان هەرسێ ڕۆژنامەکەدا، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بەپلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی )

به پلەی سێیەم دێت. کەواتە لە بوونی (باسی نیشانەکراو)، کە (پراگماتیک) بە وردی تیشکی دەخاتە سەر، ڕۆژنامەی ) بە پلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی سێیەم دێت.

کەواتە لەڕووی (ڕوانینی ئەرکی)یەوە، (باس) بە هەردووجۆرەکەیەوە (نیشانەنەکراو، نیشانەکراو) وەک دیارترین (ئەرکی پراگماتیکی ) لە پێکهاتەی ڕستە و گەیاندنی زانیارییەکاندا، کە لە دەرخستن و زەقکردنەوەی مەبەستی (نێرەر) و دانانی کاریگەری پێویست ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، بەڵام (باس) لە کۆی ڕستەکانی مانشێتە وەرگیراوەکان زیاتر (باسی نیشانەنەکراو)ە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زمانی ڕۆژنامەنووسی دەبێت سادە و بێ گێوگۆڵ بێت و واتای قووڵ و شاراوە لەخۆ نەگرێ، بۆ ئەوەی سەرلە وەرگر نەشێوێنێت.

# ئەنجام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە ڕووی ڕووخسارەوە مانشێتەکان لە هەرسێ ڕۆژنامەکەدا: ، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە) لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا بە بەراورد لەگەڵ مانشێتەکانی ناوەڕاستدا، مانشێتە سەرەکییەکان بە ئەندازەی جۆراوجۆر داڕێژراون، هەروەها لە ڕووی قەبارە و ڕەنگ و شوێن گرنگی زیاتریان پێدراوە.

٢- جگە لەو شێوازە ئەندازەییە باوانەی بەکاردێت، کە لە سەرچاوەکانیش ئاماژەی پێدراوە. لە ژمارە "(٣٩٩)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە" وەک ئاماژەمان پێدا، شێوە ئەندازەییەکی ترمان بۆ دەرکەوت، کە ئەم جۆرەیان جگە لە "مانشێتێکی سەرەکی یەک دێری، لە سەرووی مانشێتە سەرەکییەکە دوو مانشێتی تری لاوەکی جووت دێری بەرامبەری قەبارە بچووکتر لە مانشێتی سەرەکی" لەخۆ دەگرێت.

٣- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جۆرە مانشێتێکی تریش بەکارهاتووە. کە بریتییە لە نیوەدێرێک یان دێرە هۆنراوەیەکی شاعیرێکی ناودار. بەڵام ئەم جۆرە مانشێتە، واتە مانشێتی هۆنراوەیی لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لەو ماوەیەدا بەرچاو ناکەوێت، بۆیە نموونە شیعرییەکان تەنیا لە ڕۆژنامەکانی:  و کوردستانی نوێ) وەرگیراون. هەروەها لە ڕۆژنامەی )دا تەنیا یەک نموونەمان بەرچاو کەوت کە ئاماژەمان پێکردووە. بەڵام لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا جگە لەو نموونەیەی ئاماژەمان پێداوە، لە ژمارە (٤٨٤٣) و ژمارە (٤٩٩٤) ئەم جۆرە مانشێتە بەکارهاتووە.

٤- لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕستەییەوە ئەو نموونە مانشێتانەی لە هەرسێ ڕۆژنامەکە وەرگیراون، پێکدێت لە (٢٢٩) مانشێت ،کە بەسەر هەر چوار جۆرەکەی ناوەڕۆکی ڕستەی (هەواڵدان، پرسیاری، داخوازی و فەرماندان، سەرسوڕمان) دابەش دەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی (ڕستەی هەواڵدان) ئەرکی سەرەکی گەیاندنی زانیارییە بە (وەرگر) بۆیە مانشێتەکان لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕستەییەوە زیاتر لەسەر ئەم جۆرەی ڕستە داڕێژراون، وەک لەم جیاکارییەی نێوان سەرجەم مانشێتەکان دەردەکەوێت.

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (٧٦) مانشێت دا، (٥٢) ڕستەی هەواڵدان، (١٤) ڕستەی پرسیاری، (٧) ڕستەی داخوازی و فەرماندان، (٣) ڕستەی سەرسوڕمان.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (٧٧) مانشێتدا، (٥٤) ڕستەی هەواڵدان، (١٣) ڕستەی پرسیاری، (٦) ڕستەی داخوازی وفەرماندان، (٤) ڕستەی سەرسوڕمان.

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە (٧٦) مانشێتدا، (٥٥) ڕستەی هەواڵدان، (١٤) ڕستەی پرسیاری، (٤) ڕستەی داخوازی و فەرماندان، (٣) ڕستە سەرسوڕمان.

کەواتە لە کۆی ئەو (٢٢٩) مانشێتەی وەرگیراون، (١٦١) مانشێت لەسەر بنەمای ڕستەی (هەواڵدان) داڕێژراون. کە ڕۆژنامەی(ڕۆژنامە)بە پلەی یەکەم دێت، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی دووەم دێت، ڕۆژنامەی ) بە پلەی سێیەم دێت.

٥- ڕیزبەندی کەرستەکانی ڕستە کە (سیمانتیک) لە چوارچێوەی واتای بابەتی مەبەستی (نێرەر) بەپێی ڕیزبەندی کەرستەکان لێکدەداتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە نێوان هەردوو جۆری ڕیزبەندی (ئاسایی و نائاسایی) لە ڕستەکانی مانشێتە وەرگیراوەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکەدا زیاتر ڕیزبەندی (ئاسایی) پەیڕەوکراوە. وەک لەم پۆلێنکردنەدا دەردەکەوێت:

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (٧٦) مانشێتدا، (٤٦) مانشێت ڕیزبەندی ئاسایی. (٣٠) مانشێت ڕیزبەندی نائاسایی. کە بەم شێوەیە دابەشی سەر جۆرەکانی ڕستە دەبن: ڕستەی هەواڵدان: (٣٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٠) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی پرسیاری: (٩) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٥) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی داخوازی و فەرماندان:(٤) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٣) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی سەرسوڕمان:(١) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (٧٧) مانشێتدا، (٥٣) ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٤) مانشێت ڕیزبەندی نائاسایی. کە بەم شێوەیە دابەشی سەرجۆرەکانی ڕستە دەبن: ڕستەی هەواڵدان (٤٠) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (١٥) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی پرسیاری: (٧) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٦) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی داخوازی و فەرماندان: (٤) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی سەرسوڕمان: (٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (١) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی.

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە (٧٦) مانشێتدا، (٤٨) مانشێت ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٨) مانشێت ڕیزبەندی نائاسایی. بەم شێوەیە دابەشی سەر جۆرەکانی ڕستە دەبن: ڕستەی هەواڵدان: (٣٥) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢٠) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی پرسیاری: (٩) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٥) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی داخوازی و فەرماندان: (٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (٢) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی. ڕستەی سەرسوڕمان: (٢) مانشێتی ڕیزبەندی ئاسایی. (١) مانشێتی ڕیزبەندی نائاسایی.

لەم پۆلێنکردنەدا لە ڕیزبەندی ئاساییدا ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی ) بە پلەی سێیەم دێت.

کەواتە ڕۆژنامەی ) بە پلەی یەکەم دێت لە دارشتنی مانشێتەکان دا بەشێوەی ڕیزبەندی (نائاسایی). کە ئەمەش هەرچەندە لەئاستی واتادا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە ئاراستەکردنی مەبەستدا.

٦- مانشێتی پرسیاری هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە، کە لاوازترین جۆری مانشێتە. کەچی لە کۆی مانشێتە وەرگیراوەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکە (٤١) مانشێتی پرسیاری هەیە. کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زیاتر لەسەر بنەمای ڕەخنەیی دارێژراون. وەک لەم پۆلێنکردنە دەردەکەوێت:

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (١٤) مانشێتی پرسیاری، (١٠) مانشێتی ڕەخنەییە.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (١٣) مانشێتی پرسیاری، (١١) مانشێتی ڕەخنەییە.

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە (١٤) مانشێتی پرسیاری، (١٣) مانشێتی ڕەخنەییە.

کەواتە لە داڕشتەی مانشێتی (پرسیاری) ڕەخنەیی دا ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی ) بە پلەی سێیەم دێت.

٧- لەڕووی (ڕوانینی ئەرکی)یەوە، (باس) بەهەردووجۆرەکەیەوە (نیشانەنەکراو، نیشانەکراو) وەک دیارترین (ئەرکی پراگماتیکی) لە پێکهاتەی ڕستە و گەیاندنی زانیارییەکاندا، کە لەدەرخستن و زەقکردنەوەی مەبەستی (نێرەر) و دانانی کاریگەری پێویست ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. بەڵام (باس) لە کۆی ڕستەکانی مانشێتە وەرگیراوەکان زیاتر (باسی نیشانەنەکراو)ە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زمانی ڕۆژنامەنووسی دەبێت سادە و بێ گێوگۆڵ بێت و واتای قووڵ و شاراوە لە خۆنەگرێت، بۆ ئەوەی سەرلە خوێنەر نەشێوێنێت. هەروەک لەم پۆلێنکردنە دەردەکەوێت:

١- ڕۆژنامەی خەبات: لە (٧٦) مانشێتدا، (٤٦) مانشێتی (باسی نیشانەنەکراو)، (٣٠) مانشێتی (باسی نیشانەکراو).

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لە (٧٧)مانشێتدا، (٥٣) مانشێتی (باسی نیشانەنەکراو)، (٢٤) مانشێتی (باسی نیشانەکراو).

٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: لە (٧٦) مانشێتدا، (٤٨) مانشێتی (باسی نیشانەنەکراو)، (٢٨) مانشێتی (باسی نیشانەکراو).

لەم پۆلێنکردنەدا، (باسی نیشانەنەکراو) لە نێوان هەرسێ ڕۆژنامەکەدا، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی ) بە پلەی سێیەم دێت. کەواتە لە بوونی (باسی نیشانەکراو) کە (پراگماتیک) بەوردی تیشکی دەخاتە سەر، ڕۆژنامەی ) بە پلەی یەکەم و ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بە پلەی دووەم و ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە پلەی سێیەم دێت.

٨- لە مانشێتەکاندا کردەی هاتنە ئارای دانوساندنی نێوان دوو ڕستە، کە ئەرکی (باس وخواس) پێچەوانە دەکاتەوە، بەدی نایەت، چونکە تەنیا (نێرەر) لە گەیاندنی زانیارییەکاندا ڕۆڵ دەبینێت.

٩- ئەرکی (بانگکراو) لە مانشێتەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکەدا، تەنیا لە ژمارە (٥٠٦٢)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) وەک ئاماژەمان پێداوە، نموونەیەکمان بەرچاو کەوت. هۆکاری دەرنەکەوتنی ئەم ئەرکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە مانشێتەکاندا (پەیام) ئاراستەی گشتی دەکرێت، بۆیە (ڕاناوی لکاو) شوێنی (ناو) یان (جێناو) دەگرێتەوە

# سەرچاوەکان


## سەرچاوەی کوردی:

### أ- کتێب:

١- ئازاد ڕەمەزان (دکتۆر)، بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر -٢٠٠٩

٢- ئەلبرت ل. هستر وای لان ج.تو، رابەری رۆژنامەنووسی لە جیهانی سێیەمدا، وەرگێرانی حەسەن عبدالکریم، بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٧

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زمانناسی، سلێمانی - ٢٠٠٤

٤- ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١١

٥- بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٥

٦- بەختیار کەریمی، بەرەو رۆژنامەنووسی مۆدێرن، بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦

٧- تالیب حوسێن عەلی (دکتۆر)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر – ٢٠١٤

٨- ________، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠١٤

٩- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامە نووسی، وەرگێرانی: کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - ٢٠٠٥

١٠- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (دکتۆر)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی هاجی هاشم، هەولێر -٢٠١٣

١١- ________، ڕستە و پاش ڕستە، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٨

١٢- سافیە محەمەد ئەحمەد (دکتۆر)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر - ٢٠١٣

١٣- سەباح ڕەشید قادر (دکتۆر)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر-٢٠٠٩

١٤- سەباح موسا عەلی (دکتۆر)، ڕەنگدانەوی چەند لایەنێکی واتاسازی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی عێراقدا، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٩

١٥- ________، زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوک - ٢٠١٤

١٦- سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - ٢٠٠٤

١٧- شێرزاد سەبری عەلی (دکتور)، پراگماتیک، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر-٢٠١٤

١٨- ________، واتا د ناڤبەرا سیمانتیک پراگماتیک، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک – ٢٠١١

١٩- شێرکۆ حمدامین قادر، شیکارێکی گوتاریی چیرۆکەهەواڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی - ٢٠٠٩

٢٠- عەبدولخالق ئیراهیم - ئەرسەلان ڕەحمان، بنەماکانی نووسین لە ڕۆژنامەگەریدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٥

٢١- ________، ________، کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٠

٢٢- عەبدوڵڵا بەدران (دکتور)، هونەرەکانی هەواڵ لە ئاژانسەکانی هەواڵدا، وەرگێرانی: محەمەدعەلی وەلی، چاپخانەی چوار چرا، چاپی یەکەم، ٢٠١٠

٢٣- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول (پرۆفیسۆر. دکتۆر)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی سێیەم، هەولێر - ٢٠١٤

٢٤- عەبدولواحید موشیر دزەیی (پرۆفیسۆر. دکتۆر)، ڕستەسازی ڕۆناکاری و گوێزانەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٣

٢٥- ________، ڕێزمان و واتا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی سێیەم هەولێر - ٢٠١٥

٢٦- ________، ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠١٤

٢٧- ________، ڕەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندن دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر-٢٠٠٥

٢٨- ________، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، چاپی یەکەم، هەلێر- ٢٠١١

٢٩- ________، زانستی سیمانتیک ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠١٥

٣٠- ________، شیکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی – ٢٠١١

٣١- ________، لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر- ٢٠١٥

٣٢- ________، واتاسازی، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠١٠

٣٣- ________، وشەسازی زمانی کوردی، بڵاوکراوەی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٣

٣٤- کاروان عومەر قادر، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی - ٢٠٠٨

٣٥- کازمی موعتەمەد نەژاد، رۆژنامەگەری، وەرگێرانی مەجید ساڵح عەزیز، بەشی دووەم، چاپخانەی سلێمانی، چاپی دووەم، سلێمانی - ٢٠٠٠

٣٦- کامل حەسەن بەصیر (پرۆفیسۆر. دکتۆر)، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپخانەی دارالجاحظ ، چاپی یەکەم، بەغدا-١٩٩٠

٣٧- کوردستان موکریانی (دکتۆر)، سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردی دا، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، ١٩٨٦

٣٨- محەمەد مەعروف فەتاح (پرۆفیسۆر. دکتۆر)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر-٢٠١١

٣٩- محەمەد مێرگەسۆری، مانشێت و کاریگەرییەکانی لە رۆژنامەی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی – ٢٠١١

٤٠- محەمەد ئەمین هەورامی، زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراورددا، مکتبة وطنية بغداد - ١٩٨١

٤١- مەغدید سەپان (دکتۆر)، ژانری ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک - ٢٠٠٧

٤٢- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا، ١٩٢٣- ١٩٥٠، چاپخانەی شڤان، سلێمانی – ٢٠٠٧

٤٣- وریا عومەر ئەمین (پرۆفیسۆر. دکتۆر)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٤

**ب- نامەی ئەکادیمی:**

٤٤- ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرستە لەزمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر- ١٩٩٦

٤٥- بێخاڵ عبدالله سعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر – ١٩٨٩

٤٦- ژیان عبدالله محمد، واتای ڕستە و ڕۆڵی لە کردەی پەیوەندیکردندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر - ٢٠١٤

٤٧- سارا موحسین قادر، داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی - ٢٠٠٩

٤٨- ساکار کەمال واحد، کاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر - ٢٠١٣

٤٩- شێرکۆ میرزا مەنگوڕی، ئاستەگەکانی یەکەم لاپەڕە لە ڕۆژنامەدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر – ٢٠٠٧

٥٠- عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر- ٢٠٠٧

٥١- قەیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر - ١٩٩٥

٥٢- هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، یاسا و پرەنسیپەکانی زمانی نووسین لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی - ٢٠١٤

**ج- گۆڤارەکان:**

٥٣- خالید بەکر ئەیوب، سەر گوتار و گوتاری ڕۆژنامەوانی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە،١، هەولێر - ٢٠٠٤

٥٤- ڕزگار واحد حەمەدەمین – بابا ڕەسوول نوری ڕەسوول، تێگەیشتنی دەربڕیینە زمانییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە، ٢٣، هەولێر - ٢٠١٢

٥٥- شلێر ڕەسووڵ محەمەد (دکتۆر)، شێوازی جەخت کردن لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە، ١٥، هەولێر – ٢٠١٠

٥٦- صادق ڕەسەنی، تایتڵ نووسین لە چاپەمەنیەکاندا، گۆڤاری ڕایەن، ژمارە،٢-٣ ، سلێمانی- ٢٠٠١

٥٧- كارزان محەمەد، هونەری مانشێت، گۆڤاری ڕۆژنامە نووس، ژمارە، ٥، هەولێر- ٢٠٠٥

٥٨- کەوسەر عزیز ئەحمەد (دکتۆر)، پێکهاتە زمانییەکانی مانشێت لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە، ٢٦، هەولێر- ٢٠١٣

٥٩- محەمەد مەعروف فەتاح (دکتۆر)، باس لە جۆرێک لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە، ١٢٨، بەغدا- ١٩٩٢

## سەرچاوەی عەرەبی:

### أ- کتێب:

٦٠- احمد المتوكل (دكتور)، قضايا اللغة العربية في اللسانيات الوظيفية، دار الامان، ط١، المغرب - ٢٠٠١

٦١- ________، اللسانيات الوظيفية، مدخل نظري، دارالكتب الوطنية، ط٢، مطبعة النجاح، المغرب -٢٠١٠

٦٢________، المحنى الوظيفي في الفكر اللغوي العربي، دار الامان، ط١، المطبعة الكرامة، الرباط — ٢٠٠٦

٦٣- ________، من البنية الحميلة الى البنية المكونية، مطبعة، الدار الثقافة، ط١، المغرب - ١٩٨٧

٦٤- ________، الوظائف التداولية في اللغة العربية، دار البيضاء، مطبعة النجاح، المغرب - ١٩٨٥

٦٥- ________، الوظيفة والبنية، مطابع منشورات عكاظ، الرباط - ١٩٩٣

٦٦- اندرية مارتينية، مبادىء اللسانيات العامة، ترجمة احمد الحمو، المطبعة الجديدة و النشر، ديمشق - ١٩٨٥

٦٧- جورج كلاس ، الدليل الى الاعلام الثقافي والفني، تقنيات الكتابة النقدية، منشورات الجامعة اللبنانية، بيروت — ٢٠٠٥

٦٨- سامي ذبيان، الصحافة اليومية والاعلام، دار المدبولي، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان — ١٩٧٩

٦٩- عبدالجواد سعيد محمد ربيع، فن الخبر الصحفي، دار الفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة — ٢٠٠٥

٧٠- - عبدالعزيز شرف، الاساليب الفنية فى التحرير الصحفى، دار قباء، القاهرة - ٢٠٠٠

٧١- فاروق ابوزيد، فن الكتابة الصحفية، ناشر عالم الكتب، الطبعة الرابعة، القاهرة — ١٩٩٠

٧٢- منير ابو راس، فن التحرير الصحفى، مطبعة دارالارقم، ط١، غزه - ٢٠١٧

٧٣- نسيم الخوري ، فنون الاعلام والطاقة الاتصالية، دارالمنهل اللبناني، الطبعة الاولى – ٢٠٠٥

### ب- نامەی ئەكاديمی:

٧٤- الزايدي بودرامة، النحو الوظيفي والدرس اللغوي العربي، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات قسم اللغة العربية و ادابها، جامعة الحاج اخضر، باتنة، الجزائر – ٢٠١٤

٧٥- عزالدين لعناني،الوظائيف التركيبية والدلالية والتداولية في النحو الوظيفي، رسالة ماجستير ، كلية الاداب واللغات قسم اللغة والادب العربي، جامعة سطيف، الجزائر- ٢٠١٤

٧٦- فاطمة بنت ناصر بن سعيد المخيني، الوظائف التداولية الداخلية، رسالة ماجستير، كلية الدراسات الاسلامية و العربية بدبي، قسم اللغة العربية وادابها، الجزائر - ٢٠٠٦

٧٧- محمد بودية، الوظيفية في اللسانيات العربية، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد خيضر، قسم الادب العربي ، ٢٠٠٧-٢٠٠٨

٧٨- ياسة ظريفة، الوظائف التداولية في المسرح، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، قسم اللغة العربية و ادابها و جامعة منتوري قسنطينة، الجزائر -٢٠١٠

### ج- گۆڤارەكان:

٧٩- يحى احمد، الاتجاه الوظيفي و دوره في تحليل اللغة، مجلة عالم الفكر، جلد (٢٠)، عدد (٣) المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب، الكويت – ١٩٨٩

### د- پێگەی ئەلكترۆنی:

٨٠- انواع المقدمات الصحفية، www.al-raeed.net/training

٨١- مجدي داغر، www.al-raeed.net/training

## سەرچاوەی فارسی:

### كتێب:

٨٢- حسين قندى ، روزنامەنگارى تخصص، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى، مركز مطالعات و تحقيقات رسانەها، چآپ اول، چآپ سمارنگ، تهران – ١٣٨٣

٨٣- يونس شكر خواه، خبر، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى، مركز مطالعات و تحقيقات رسانەها، چاپ هشتم، تهران – ١٣٨٣

## سەرچاوەی ئینگلیزی:

### کتێب:

84- Firbas، On the concept of communicative Dynamism in the Theory of Functional sentence perspective. Sbornik Praci Filosofice Faculty Brandeis، University A 19، 1971

85- Simon .Dik، Functional Grammar، Amsterdam، North Holland-1978، p19

# پاشکۆکان

## أ- پاشکۆی ژمارەی ڕۆژنامەکان.

### ١- ڕۆژنامەی خەبات:

- خەبات، ژ، ٣٠٦٩، ١٣-١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٠٦٢، ١٥-١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٠٧٢، ١٦-١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٠٧٨، ٢٣-١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٠٨٠، ٢٦-١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٠٨١، ٢٧-١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٠٨٧، ٣-٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ١٣١٧، ١٠-٣-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٢٥، ١٩-٣- ٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٨٤، ١٧-٣-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٢٧، ٢٤-٣-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٣٦، ٣-٤-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٣٨، ٥-٤-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٣٨، ٥-٤-٢٠٠٩
- خەبات، ژ ،٣١٤٢، ٩-٤-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣١٤٣، ١٠-٤-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٦٢، ٣-٥-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٦٣، ٤-٥-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٤٨٦٣، ٦-٥-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٧١، ١٣-٥-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٧٤، ١٧-٥-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٤٨٧٢، ١٨-٥- ٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٧٧، ٢٠-٥-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٨٥، ٢٩-٥-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٨٦، ٣١-٥-٢٠٠٩

- خەبات ،ژ، ٣١٧٨، ١-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٨٨، ٢-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٠٦٦، ٩-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٢٠٣، ١٩-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٢٠٨، ٢٥-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٠٩، ٢٦-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٢١٠، ٢٧-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٢١٠، ٢٨-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٨٥، ٢٩-٦-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٤٥، ٩-٨-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٥٠ ، ١٤-٨-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٥١، ١٦-٨-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٥٦، ٢١-٨-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٥٧، ٢٣-٨-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٢٦١، ٢٧-٨-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٦٢، ٢٨-٨-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٦٦، ٢-٩-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٢٦٧، ٣-٩-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣١٩٤، ٦-٩-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٢٧٣، ١٠-٩-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٣٣، ٢٣-١٠-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣١٦، ٣-١١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٣١٨، ٥-١١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٢٤، ١٢-١١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٢٨، ١٧-١١-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٤٠ ، ٦-١٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ،٣٣٤٠، ٦-١٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٤٢، ٨-١٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٦٢، ١١-١٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٥١، ١٨-١٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٥٤، ٢٢-١٢-٢٠٠٩

- خەبات، ژ، ٣٣٥٥، ٢٣-١٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ ، ٣٣٥٥، ٢٣-١٢-٢٠٠٩
- خەبات، ژ، ٣٣٦٢، ٣١-١٢- ٢٠٠٩

**٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:**

- کوردستانی نوێ، ژ،٥٠٦٦، -١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٦، ٥-١-٢٠١٠
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٨، ٧-١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٧٦٤، ٦- ١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨١٤، ٦-٣-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٣٣، ١-٤-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٣٥، ٣-٤-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٢٩، ٨-٤-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٣٩، ١٨-٤-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٢، ٢٣-٤-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٦ ، ٢٨-٤-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٨، ٣٠-٤-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٥٩، ١-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦، ٣-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٠، ٣-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٢، ٥-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٣، ٦-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٣، ٦-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٩، ٨-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٦٩، ١٣-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٧٠، ١٤-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٧٧، ٢٢-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٧٩ ، ٢٥-٥-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨١، ٢٧-٥-٢٠٠٩

- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨٣، ٢٩-٥-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨٥، ١-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٨٨، ٤-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٢، ٩-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٦، ١٤-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٩، ١٧-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٨٩٩، ١٧-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٠٣، ٢٢-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٠٣، ٢٢-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٠٤ ، ٢٣-٦-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩١١ ،١-٧-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩١٢، ٢-٧-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩١٦، ٧-٧-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٦٢٢، ١٥-٧-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ ، ٤٩٣٧، ٣٠-٧-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٥٠ ، ١٤-٨-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٦٦، ٢-٩-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٦٨، ٤-٩-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٧٠، ٧-٩-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٧٠، ٧-٩-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٧٨، ١٦-٩-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٨٢، ٢٧-٩-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٨٦، ٣٠-٩-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٩٠، ٥-١٠-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٩١ ،٩-١٠-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٤٩٩٨، ١٤-١٠-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ،٥٠٠٠، ١٦-١٠-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ ٥٦٠٨، ١٧-١٠-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٠١، ١٨-١٠-٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٠٥، ٢٢-١٠- ٢٠٠٩
- كوردستانی نوێ، ژ، ٥٠١٠، ٢٨-١٠-٢٠٠٩

- کوردستانی نوێ، ژ،٥٠١٦، ٣-١١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠١٨، ٥-١١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٣٧، ١٦-١١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٢٨، ١٧-١١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٢٨، ١٧-١١-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٤٧، ١٤-١٢-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٥٣، ٢١-١٢-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٥٣، ٢١-١٢-٢٠٠٩
- کوردستانی نوێ، ژ، ٥٠٦٢، ٣١-١٢-٢٠٠٩


**٣- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە:**

- ڕۆژنامە، ژ، ٣٧٦ ،٤-١- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٧٦، ٤-١-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٨١، ١١-١-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٨١، ١١-١- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٨٤، ١٤-١-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٩٣،٢٧-١- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٩٤، ٢٨-١-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٩٩، ٤-٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٠٤، ١١-٢- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٠٥، ١٢-٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٠٩ ، ١٨-٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤١٣، ٢٤-٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٢٠، ٥-٣-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٣١، ٢٤- ٣- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٢٨، ١٧-٣-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٥٩، ٣- ٥- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٦١، ٥-٥- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٦١، ٥-٥-٢٠٠٩

- ڕۆژنامە، ژ، ٤٦٣، ٧-٥-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٦٥، ١١-٥-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ،٤٦٩، ١٧-٥-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٦٩، ١٧-٥-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە ، ژ، ٤٧٠، ١٨-٥-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٧٢، ٢٠-٥-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە ،ژ،٤٧٧، ٢٧-٥-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٩، ٢٩- ٥- ٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٠، ١-٦-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٢، ٣-٦-٢٠٠٩
- ڕ، ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٣، ٤-٦-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٤، ٧-٦-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٥، ٨-٦-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٨٨، ١١-٦-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٩٥، ٢٢-٦-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٤٩٦، ٢٣-٦-٢٠٠٩
- ڕ، ڕۆژنانە، ژ، ٥٤٩، ٢٩- ٦-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٣، ٢-٧-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٦، ٧-٧-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٦، ٧-٧-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٨، ٩-٧-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥١٣، ١٦-٧-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥١٣، ١٦-٧-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٢٤، ٣-٨-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٠٨، ٩-٨-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٣٣، ١٦-٨-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٥، ١-٩-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٢٨، ٨-٩-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٣٤٦، ٨-٩-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٤٩، ٢٩-٩-٢٠٠٩
- ڕ، ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٠، ٦-١٠-٢٠٠٩

- ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٢، ٢٠-١٠-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٣، ٢٧-١٠-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٦، ١٧-١١-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٧، ٢٤-١١-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٩، ٨-١٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٥٩، ٨-١٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ١١٨، ١٢-١٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٦٠، ١٥-١٢-٢٠٠٩
- ڕ، ڕۆژنامە، ژ، ٥٦١، ٢٢-١٢-٢٠٠٩
- ڕۆژنامە، ژ، ٥٦١، -٢٢-١٢-٢٠٠٩

## ب- پاشکۆی وێنەیی









# خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە

ژمارە (١) شەمو ١ نیسان ١٩٥٩ سال (١)


## لە ئامانجەکانمان

( خەبات ) لەم رۆژەدا دەرئەچێت بۆ ئەوەی ساسەتی پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردوستان دەربڕێت ، ئەو پارتیەمان کە خەباتی کۆمەلانی خەلکی گەل لە کوردوستانی عیراقدا لە [illegible] بەربوە زدی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و دەرەبەگی ، وە لە پیناوی دیموکراسی و سەربەخوبی راستەقینەی عیراق و ئاشتیدا ، بەردەوام لە هەلگرتنی ئالای ئازاد کردنی نەتەوایەتی بۆ نەتەوەی کورد ، ئەو نەتەوەیەی لەسالانی لە ژیر باری زور و چەوساندنەوە دایە لە تورکیا و ئیران و سوریا .

رابەرێتی سەرتاپای کۆمەلانی گەلی کورد بە سەرکردەیی پارتیمان بو پشتیوانی کردنی شورشی چواردەی تەموزی نەمر ، ئیمپریالیزم و کونەپەرستی لە هەمو شوینیکدا گیژ کرد ، لەو پشتیوانیەی بەبەکیەتیەکی بەهیز لە گەل هەمو کومەلانی خەلکی عەرەب و تورکومان و سوپای قارەمانی عیراقدا خوی دەرخست بو روخاندنی پاشایەتی و حوکمی بەکری گیراوانی ئیمپریالیزم و لە پیناوی جەمهوریەت و دیموکراسی و سەربەخوییدا ... لە گەل عبدالکریم قاسمدا کە فراوانترین کومەلانی گەلی تیکوشەر بە عەرەب و کورد و هەمو نیشتمانیە دلسوزەکانی تورکمان و ئەرمەنەوە لە پیشرەوی کردنی ئەودا ئیرادەی راستی گەل ئەبینن .

حیزبەکەمان کە تیبی پیشرەوی گەلی کوردە لەم کوری شەرەفەدا هەروا ئەمینیتەوە تا دوایی چونکە تیئەکوشیت هەروەک لە سەردەمی رژیمی رەشدا تیکوشاوە لە پیناوی حکومەتیکی نیشتمانیدا و لە پیناوی دیموکراسیدا بو عیراق وە لە سەر خەباتی خوی ئەروات بو چەسپاندنی ئەو دوو ئامانجەی کە بە سەر هانی [illegible] ئازادبووەکان و شورشە کومەلایەتیە سەرکەوتوەکان دەری [illegible]وە پتەوترین بنکەی دروست کردنی بو ژیانیکی ئازاد و بەختیار بو گەل .

کەوانە ( خەبات ) لە ریزی جەمهوریەتی ئازاد بووی عیراقدا ئەوەستیت ، ئەیپاریزیت ، خوی لە پیناویا بەخت ئەکات ، تیئەکوشیت بو هینانەدی هەمو ئامانجەکانی شورشی نیشتمانی چواردەی تەموز ، راستگو لە دەربرینی سودی گەلی عیراق .

( خەبات ) تی ئەکوشیت بو ئەوەی دەسەلات ( سلطة ) بکەویتە دەستی باشترین نوینەرانی دیموکراتیەکان بە سەروکایەتی رولەی دیموکراتی گەل عبدالکریم قاسم ، وەبەربەرەکانی هەمو کەسیکی خائین و شوبهەلی کراوو دەستە پارچە و غەیرە نیشتمانی ئەکات لە ماکینەی دەولەت هەمویدا .

بروانە ل ٨

## سلاوی «خەبات» بو خەباتی گەل



سەروکی مەزن ، قارەمانی خوشەویست کاکە کەریم قاسم بە بوێستی [illegible] لە گەل دەرچوونی یەکەم ژمارەی خەباتدا بەو پەری ریز و شانازییەوە سلاوی [illegible] بەدلی نەتەوەی کورد پیشکەش بەو قارەمانە مەردە دلسوزە ئەکەین کە [illegible] و [illegible] وە بە پیلانی [illegible] توانی ، لەشەوە ـ [illegible] و خوین و [illegible] [illegible] ، سەرکەوتنی [illegible] چواردەی تەموزی [illegible] و گەلی عیراق بخات ، [illegible] و ئیمپریالیزم [illegible] جیگەی ئەو پاشایەتیە [illegible] گالاوە بنچینەی رژیمیکی دیموکراتی [illegible] کە گەلی عیراق بە کورد و عەرەبیەوە ، بە هەموو [illegible] وە [illegible] شان بە شانی یەک لە پیناوی [illegible] ئازادی [illegible] و ئاسوودەدا خەبات بکەن .

سلاوی پر بە دلی نەتەوەی کورد پیشکەش بەو سەروکە مەزنە ئەکەین کە هەموو هەنگاویکی شورشەکە بەرەو رزگاری دیموکراتی وە بەختیاری گەل .

لە کانگای دلەوە سلاوی نەتەوەی کورد پیشکەش بەو سەرکردە خوشەویستە ئەکەین کە [illegible] هەر رەمزی برایەتی کورد و عەرەبە وە هەموتی بیکە وە ـ ژیانی پر شانازی و خوتییەلە ، وەکو ئاوینەش ئاوات و هیوای گەل [illegible] و ئەی هیشتە دی ، دەردو ئازاری گەل هەست پی ئەکا و ئەکوشیتە چارەکردنی .

سلاوی گەرمی پر بەدلی نەتەوەی کورد لە هەمو کیوو گەزی کوردوستانەوە پیشکەشی ئەو قارەمانە رزگارکەرە ئەکەین کە بەیمانی پیسی بەغای گرد بەو کوشکە چەند نهومەی تهومی یەکەمی رووخیزابی ، وەبەمە ئەو کوتو بەندەی لە دەست و [illegible] گەل گردەوە ودوایی بەو دامەزراوە شەرهەلگیرسینەرانە گالاوە هینا کە وەکو تیریکی ژەهراوی ئاراستەی جەرگی کوردستان کرابوو .

ئەمجا سلاوی گەرمی پر بەدلی هەموو کورد [illegible] پیشکەشی بەرولەی نەبەزی عیراق کاکە کەریم ئەکەین کە دەرکەوتنی ( خەبات ) لە سایەی پشتیوانی وە بە هوی رابەری ژیرانەی ئەوەوەیە .

بروانە ل ( ٥ )

## کشانەوە لە پەیمانی بەغدا

### ئاوانیکی گەورەی کوردی هینایەدی

بریاری رولەی گەل عبدالکریم قاسم لە ١٩٥٩/٣/٢٤دا بە کشانەوەی جەمهوریەتی دیموکراتی عیراقی لە پەیمانی ئیمپریالیستی شەراوی بەغدا سەرکەوتنیکی گەورەبو لە رێی پتەو کردن و بەهیز کردنی جەمهوریەتە دیموکراتیەکەماندا وەبو بەلین کردنی تیکوشانی گەلانی روژهەلاتی ناوەراست ، وە گەلانی عەرەب بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و یوجی گیر کردنی ئاشتی لەم ناوچەیەدا . هەروەها کشانەوەی جەمهوریەتە دیموکراتیەکەمان لە پەیمانی بەغدا چەپوکیکی بەهیزبوو درا بە سەری ئیمپریالیستەکاندا بە تایبەتی ئیمپریالیستی ئەمریکی و نوکەرە ئالقە لە گوی کانی لە ئیران و تورکیا و جەمهوریەتی عەرەبی یەکگرتوودا ئیکرا لە گەل هەموو هیزی رەشی دەرەبەگ و کونە-

پەرستەکان لە روژی دامەزراندنی جەمهوریەتەکەمانەوە تا ئیستا بو [illegible] ، بە پروپاگەندە و پیلانی بی شەرمانە هەول و تەقەلایانە بو لە ناو بردنی جەمهوریەتەکەمان ، وە بو گردنی ناوچەی روژهەلاتی ناوەراست بە کووری شەری ئیمپریالیستی لە راستە بە سەرکەوتنی شورشە زدی دوستی نەبڕانی گەل کورد و عەرەب بەکەی سوفیەت .

بروانە ل ٨



ئیلدرەت مولدەر:
رۆژنامە ناتوانێت
سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت
ل١٦



ئیبراهیم خەلیل لە
ریزی پێشەوەی خالە
گومرگییەکاندایە
ل٦



رۆژنامەگەری...
هەڵوەشاندن بە مەبەستی
دامەزراندن
ل١٠







# رۆژنامە

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

نرخ (٥٠٠) دینار

خاوەن ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
سەردار عەبدوڵڵا

ژمارە (١) دووشەممە ٢٥/٦/٢٠٠٧

No (1) Mon 25/ 6/ 2007


## دادگا بڕیاری ئازادکردنی دەرکرد
# (رۆژنامە) بەڵگەیەکی تاوانی تاهیر ئەلعانی بڵاودەکاتەوە

رۆژنامە-تایبەت


بە پێی ئەو بەڵگەنامەیەی کە دەست (رۆژنامە) کەوتووە تاهیر توفیق ئەلعانی سکرتێری پێشووی لیژنەی کاروباری باکووری حیزبی بەعس، کەسێکی شارەزاو ئاگاداریش بووە لە تاوانەکانی ئەنفال

دوێنێ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە سەر کەیسی ئەنفال بەپاساوی نەبوونی بەڵگەی تەواوەوە، حوکمی بێتاوانیی و ئازادکردنی بۆ تاهیر توفیق ئەلعانی دەرکرد

بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە کە کۆپییەکی لای (رۆژنامە)یەو لە ١٩٨٧/٧/١٢ بە ژمارەی ٥٠٨٣ لەلایەن مەکتەبی رێکخستنەکانی باکووری حزبی بەعس، بە ئیمزای تاهیر توفیق ئەلعانی دەرچووە دەبینرێت کە ئەلعانی ئاگاداری تەواوی پرۆسەی ئەنفالو کوشتنی گیراوەکان بووە

نووسراوەکە، نووسراوێکی حزبییەو بە شێوەیەکی نهێنیی و تایبەت ئاراستەی قیادەی فەیلەقی یەک کراوەو نێردراوە بۆ قیادەی فەرعی رەشیدی ئیستخباراتی گشتیی. ئەو نووسراوە وەڵامێکە بۆ نووسراوی ژمارە ٣٠٥ رۆژی ١٩٨٧/٧/٨ی فەیلەقی یەک. لە نووسراوەکەدا، تاهیر ئەلعانی لە سەر زاری حەسەن عەلی ئەلمەجیدەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی فەیلەقی یەک دەداتەوە کە داوای شێوازی مامەڵەکردنی گیراوەکانیان لێ کردووەو دەڵێت: «لاریمان نییە لە ملپەڕاندنی خیانەتکاران، بەڵام باشتر وابوو رەوانەی (ئەمن)تان بکردنایە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرایە، بە مەبەستی دەرهێنانی زانیاریی پێشبینەکراونیان».

لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێت، تاهیر توفیق ئەلعانی جگە لەوەی سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور بووە، نهێنیی و وردەکارییەکانی تاوانەکانی ئەنفالی لابووە. کۆپیی بەڵگەنامەکە لە (ل ٢)دا بخوێنەوە.



سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٢٤، پێش دەرچوونی بڕیارەکە خەڵکی لە چاوەڕوانیی حوکمی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدان

فۆتۆ: راستگۆ عەلی

## زیاتر لە ٣٠ حزبو رێکخراو، داوای ئاشکراکردنی سەرمایەی بەرپرسان دەکەن

سیروان رەشید - رۆژنامە

لە یاداشتێکدا کە داویانە بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، ٣٧ حزبو رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، داوادەکەن بەیاسا سەرمایەی بەرپرسەکان ئاشکرابکرێت.

شوکروڵڵا حەمەدەمین سەرۆکی بەرەی گۆرانی کوردستان، بە (رۆژنامە)ی راگەیاند: «٣٧ حزبو رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، دوێنێ یەکشەممە، یاداشتێکمان تەسلیمی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کردووە، کەتیایدا داوادەکەین پەرلەمان یاسایەک دەربکات بۆ ئاشکراکردنی سەرمایەی بەرپرسان».

حەمە دەمین وتیشی: «بەپێی یاسا کاتێک بەرپرسان دەستبەکار دەبن، دەبێت سەرمایەکانیان ئاشکرابکەن بۆ هاووڵاتییان تاکو ببێتە رێگریی لەبەردەم دیاردەی گەندەڵی».

## پارێزگاری سلێمانی:
# سیستەمی بەڕێوەبردنی مەرکەزی گرفتی زۆری بۆ دروستکردووین

هیواجەمال-سلێمانی

پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند: ئەو بودجەیەی بۆ پارێزگاکەمان تەرخانکراوە، کە بڕی ١٦٠ ملیار دینارە، بە یەکسانی بەسەر ناوچەکاندا دابەشکراوەو هەر کەسێکی دانیشتووی پارێزگای سلێمانی ٨٩ هەزار دیناری بەردەکەوێت.

دانا ئەحمەد مەجید وتیشی: کێشەیەکی گەورەی ئیداری دروستبووە، لەبەرئەوەی ژمارەیەک قایمقامو بەڕێوەبەری ناحییە لە سنووری پارێزگادا کەمی هەیەو بەڕێوەبەری ناحییە هەیە بەوەکالەت سێ ناحییە بەڕێوەدەبات، کە ئەوەش گرفتی بۆ دروستکردووین.

پارێزگاری سلێمانی لە چاوپێکەوتنێکی (رۆژنامە)دا کە دەقەکەی لە ژمارەکانی داهاتوودا بڵاودەکەینەوە، وتی: «لەبەرئەوەی تا ئێستا بەپێی یاسا هیچ دەسەڵاتێک بۆ پارێزگا دیارینەکراوە، ناتوانرێت کارەکان بەباشیی بەڕێوەبچێت و سیستەمی مەرکەزی لە دەسەڵاتدا کارەکانی پەکخستووە».

## هاووڵاتییان دەیانەوێت عەلی حەسەن مەجید بەدڵی خۆیان لەسێدارەبدرێت

رۆژنامە- تایبەت

هاولاتییانی کوردستان بە گریان و پێکەنینەوە هەستی خۆیان بۆ (رۆژنامە) دەربڕی سەبارەت بە دەرچوونی بڕیاری دادگا بۆ لەسێدارەدانی تاوانبارانی دۆسیەی ئەنفال.

لەراپۆرتی پەیامنێرانی (رۆژنامە)دا چینو توێژە جیاجیاکان، لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەستی خۆیان دەربڕیوەو داوا لە لێپرسراوانی کورد دەکەن «داوا بکەن، عەلی کیمیایی گەورە تاوانباری دۆسیەی ئەنفال لە هەڵەبجە لەسێدارەبدرێت».

ل٢

## تەوافوقو دیالۆگ بەشداریی کۆبوونەوەکان ناکەنو ئیئتلافیش سورە لەسەر گۆڕینی مەشهەدانی

رۆژنامە- تایبەت

عومەر خەلەف جەواد، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە لیستی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ (رۆژنامە) وتی: «پەرلەمانتارەکانی هەردوو لیستی بەرەی تەوافوقو دیالۆگی نیشتمانی، ئامادەی کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نابن، ئەگەر مەشهەدانی لەو پۆستە دووربخرێتەوە».

هاوکات، رەئوف عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە (رۆژنامە)ی راگەیاند: «لیستی ئیئتلافی یەکگرتوو جەخت لەسەر گۆڕینی مەشهەدانی دەکاتەوەو لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش، پشتیوانیی ئەو هەڵوێستەی ئیئتلاف دەکات».

وتیشی: «مەشهەدانی لە بەڕێوەبردنی پەرلەماندا سەرکەوتوو نییەو ناتوانێت ئەو ئەرکە راپەڕێنێت، بۆیە گۆڕینی بە کەسێکی شیاو باشترە».

ل٤